لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی

- سنووری نێوان (حکمة)و (مداهنة)
- چەکی سامناکی تەکفیــــــیر
- جیـــاوازیی شــەرعی... تێگەیشــتن و مامەڵە
- ڕەشمــــاڵ لــــە ســــەردەمی شــــارە مەزنەکاندا
- عەلمانییەتی نامــۆ...
کاری ئایــــن لەســــەر دەولــــەت و کۆمەڵگە
- گـــەڕان بــــــەدوای هۆکــــانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستانی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

فاضل قەرەداغی

١٤٢١ ی کۆچی ــ ٢٠٠٠ ی زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

ئەم بابەتانەی کە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا هەن لە چەند ژمارەیەکیگۆڤاری (رابەر)دا بڵاوکرابوونەوەو ویستم بە پەرش وبڵاوی نەمێننەوە و لە یەك کتێبدا کۆیان بکەمەوە. هەر لەو گۆڤارەشدا دوو یان سێ بابەتی کورتی تر هەبوون کە بە پێویستم نەزانی لە چاپ بدرێنەوە.

بابەتەکانی ئەم کتێبە هەمەجۆرن؛لە چۆنێتیی مامەڵەی ئیسلامی لەگەڵ عەلمانیەتدا بۆ تەکفیر بۆ جیاوازیی شەرعی تا دواکەتنی کوردستان ،بیروباوەڕی عەلمانی، مەسەلەی دەوڵەتی کوردی.وەك یارمەتییەکیش بۆخوێنەرئەمەی خوارەوە بابەتەکانە بە کورتی:

١- فیقهی کاری ئیسلامی... سنووری نێوان حیکمەت ومواداهەنە : باسێکە لە بارەی حیکمەت لە رەفتارو کاری ئیسلامیدا وچۆن زۆر جار بە ناوی حکمەتەوە رووپامایی بۆ کوفر دەکرێت.

٢-چەکی سامناکی تەکفیر: وڵاتانی موسڵمانان دیاردەی تەکفیریکوێرانەیان بۆ خۆیەوە دیوە بەڵام هەروەها تەکفیر فەرامۆش کراوە، هۆیەکی ئەمەش نەبوونی تەکفیری دروست و شەرعییە. تەکفیر پێویستە هەبێت بۆ جیاکردنەوەی هەق وناهەق و بۆ رێگە گرتن لە تەکفیری کوێرانە.

٣-جیاوازیی شەرعی... تێگەشتن و مامەڵە: موسڵمانان لە نێوان خۆیاندا خیلافیان بۆ دروست دەبێت.ئیتر ئایا لە چ مەسەلەیکدا پێویستە خیلافیان نەبێت ولە چیدا رێگە بە خیلاف دراوە؟ لە خیلافی شەرعیدا چۆن رەفتار بکەین؟ چۆن رێگە لە تۆقاندنی فیکری بگیرێت؟

٤-رەشماڵ لە سەردەمی شارە مەزنەکاندا: دەبوایە بمانوتایە(رەشماڵی کورد).مەبەستیشمان ئەوەیە لە سەردەمی قەبەبوونی هێزی دەوڵەتەکان وگەورەبوونی شارستانیەت کورد خاوەنی رەشماڵە. کورد لە هەموو روویەکەوە دواکەوتووە.

٥-عەلمانیەتی نامۆ...کاری ئاین لەسەر دەوڵەت وکۆمەڵگە: هەوڵەکانی بەرکەنارکردنی ئاین سەرکەوتوو نین.ئاین ئامادەیی بەردەوامی هەیە. عەلمانیەتیش نامۆیە لە رەوتی مرۆڤایەتیو تەنانەت لە ناو خودی خۆیدا نارێکە. باسەکە وەکو نموونە دەوری ئاین لەسەر پێشکەوتن (بە سلبی و ئیجابی)و لەسەر دەوڵەت دەهێنێتەوە.

٦-دەوڵەت لە کوردستاندا...گەڕان بە دوای هۆکانی دروست نەبوونی دەولەتی کوردستانی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ: بۆچی لە کوردستاندا تەنها نموونەی (میدیا) وەکو دەوڵەت دەهێنرێتەوە؟ بەر لە میدیا دەوڵەتی تر لە کوردستاندا هەبوون بەڵام جگە لەو نموونە کەمانە نەبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستانی سیمایەکی بەرچاوی کوردستانە. بابەتەکە باس لە هۆکانی ناوەوەو دەرەوە دەکات و تەرکیز لەسەر ئەوانەی ناوەوە دەکات : هۆی جوگرافیوتۆپۆگرافی، دواکەوتن، پەرتەوازەیی،....

ئەمە کورتەی بابەتەکانە . گومان لەوەشدا نییە کە هەموو نووسەرێك پاش بڵاوبوونەوەی بابەتەکەی هەست بە هەندێك کەموکورتی دەکات وئەگەر هەر دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێت دەستێکی پیادا دەهێنێتەوە. بابەتەکانی ئەم کتێبەش بە هەمان شێوە پێویستیان بە هەندێك دەستکاریوزیاد کردن هەبوو.لە هەموو حاڵەتێکیشدا هەموو باسەکان موناقەشەن هەڵدەگرن ئەویش وەکو هەر بەرهەمێکی تری مرۆڤ، نووسەری بەختەوەریش ئەوەیە کە رەخنەگری زیرەك وبە ئینسافی بۆ هەڵبکەوێت.

سلێمانی

١٤٢١یکۆچی -٢٠٠٠یزاینی

فقهی كاری ئیسلامی

سنووری نێوان (حكمه) و (مداهنه) *

كاری ئیسلامیی ئەمڕۆمان تووشی چەند كێشەیەك بووە كە چارەسەر نەكراون، ئەم چارەسەر نەكردنەش زیانی بەم كارە گەیاندووە.یەكێكیش لەو كێشانە تێكەڵ بوونی مەفهووم و بابەتەكان و نەزانینی سنووری هەر مەفهوومێك.

لێرەدا باسی تێكەڵبوونی دوومەفهوومی دانایی(حكمه) و ڕووپامایی(مداهنة) دەكەین.

ئەمڕۆ بەهۆی كەمیی علمی خۆمان وبەناوی حكمەتەوە چەندین حاڵەتی (مداهنة)مان لێ دەوەشێنەوە. موسڵمان دەزانێ موداهەنە دروست نییە بەڵام بە ڕوونی نازانێت چ شتێك موداهەنەیە و چ شتێك ناچێتە خانەی موداهەنە.

كەمیی علیم و فیقە هۆیەكە بۆ ئەمە، هۆیەكی تریش ئەوەیە كە (ئارەزوو) هەروەها (بیرو باوەڕی شەخسی) دەست دەخەنە ناو بۆچوونەكان، بۆ نموونە ئەو كەسەی حەز بە نەرمی دەكات و سروشتێكی نەرمی هەیە لایەنی نەرمی بەسەر لایەنەكانی تردا زاڵ دەكات لەكاتی مامەڵەكردنی لەگەڵ خەڵكی دەوروبەریدا، ئەوكەسەش ئەگەر ئاگاداری خۆی نەبێ لە كۆتاییدا هەر دەگاتە حاڵەتی موداهەنە.

هۆیەكی تر بۆ ئەمە لاواز بوونی تەقواو لایەنی ڕوحیی مرۆڤ كە كاردەكاتە سەر وەرگرتنی هەق ئەگەر لەگەڵ بۆچوون وئارەزووەكانیدا نەگونجێ.ئەم لاوازییە روحییە مرۆڤ دووچاری حاڵەتی ترس لە خەڵكی دەكات وئەم ترسە رووەو موداهەنەی دەبات.

دێینە سەر باسی حیكمەت و دەڵێین : خوای گەورە لە سوورەتی (النحل)دا دەفەرمووێ ﴿ادع الى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي أحسن.....﴾ ئایەتێكە دەتوانین بڵێین ئەوەندەی ﴿قل هو الله أحد﴾ لای بانگەوازكاران ناوبانگی هەیە.

حكمەت بە چەند واتایەك لێكدراوەتەوە وەكو (وضع الشيء في مكانه) واتەدانانی شت لە شوێنی شیاوی خۆیدا ،یان (سوننه) واتابەكارهێنانی سوننەت لە بانگەوازدا.

ئێمەش لێكدانەوەیەكی نزیك لە یەكەم هەڵدەبژێرین بەتایبەتی كاتێك ئایەتەكەی سەرەوە رەچاو بكەین ئەویش (بەكارهێنانی شێوازو ئیسلوبێكی گونجاو) . بەم پێیەش حكمەت ئەوەیە نەرمی لە شوێنی نەرمیدا بەكار بهێنرێ و توندو تیژی لەو شوێنەدا بە كار بێت كە توندو تیژی پێویست بكات، ئەمەش شتێكی تازە نییە .جگە لەمەش حكمەت بەكارهێنانی شێوازی قورئانییە وەكو : دەرخستنی ناڕێكی لە بیرو باوەڕە جاهیلییەكان ، ئەمە لەگەڵ چەند ئسلوبێكی تر كە ئێرە جێگەی باس كردنیان نییە.

ئەمە (واتە بەكارهێنانی قورئان هەروەها سوننەت) دەبێتە سنووری یەكەمی نێوان حكمەت و ڕووپامایی كە ئەوش بۆ خۆی سنورێكی زۆر فراوانە.

سنووری دووەم ئەوەیە كە حكمەت و شاردنەوەی ڕاستییەكان تێكەڵ بەیەك نەكرێن چونكە گرنگترین كاری بانگخوازان گەیاندنی پەیامەكەیە، ئەوەتا هەر سوورەتی (النحل) خۆی دەفەرمویێت :﴿ولقد بعثنا في كل امة رسولا ان اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت﴾ (النحل :٣٦) ، واتە: بۆهەر ئومەتێك پێغەمبەرێكمان نارد كە (پێیان ڕابگەیەنێ) خودا بپەرستن و خۆتان دوور بخەنەوە لە تاغووت.. واتە : پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) ڕێی خواو ڕێی تاغووتیان بۆ خەڵك ڕوون كردۆتەوە. پێغەمبەران ڕاستییەكانیان لە خەڵك نەشاردۆتەوە چونكە خوای گەورە نەهیی لەو شاردنەوەیە كردووە : ﴿ان الذين يكتمون ما انزلنا من البينات و الهدى من بعد مابيناه للناس في الكتاب اولئك يلعنهم الله ويلعنهم اللاعنون﴾(البقرة:١٥٩) ، واتە: ئەو كەسانەی كە ئەو مەسەلە ڕوونانە هەروەها هیدایەت دەشارنەوە پاش ئەوەی لە كتێبدا (كتێبی خودا) بۆ خەڵكیمان ڕوون كردنەوە ئەوانە خواش و لەعنەتكەرانیش لەعنەتیان لێ دەكەن.

جیگەی داخە بەڵكو جێگەی مەترسیشە كە هەندێك موسڵمان ڕاستییەكان دەشارنەوە یان پێچ و پەنا لە هەقدا دەكەن و ڕەنگ وبۆ لەو هەقەدا ناهێڵن ، بەهانەی ئەوانەش قسەی وەك (نەوەكو فلان كەس یان حزب یان هەڵگرانی فلانە بیروباوەڕ نارەحەت بن و ئەمە ببێتە هۆی سڵكردنیان لە ئیسلام). هەڵبەتە ئەگەر سنووری یەكەمیان بەكار بهێنایە (كە لە سەرەوەدا باسمان كرد)

---

* گۆڤاری رابەر ژمارە (٣٠) ساڵی چوارەم١٤١٦-١٩٩٥ل١٣-١٥ بڵاوكراوەتەوە.

نەدەکەوتنە ئەم هەڵەیەو دەیانزانی کە حکمەت ئەوە بوو کە پێغەمبەر(ﷺ) ڕاستییەکانی بە زەقی و ئاشکرایی و بێ پێچ و پەنا دەخستە بەرچاوی موشریکەکان ، پێغەمبەر(ﷺ) تەنانەت لە هەڵەی موسڵمانانیش بێدەنگ نەدەبوو چونکە بێدەنگبوونی پێغەمبەر لە فیقهدا پێی دەوترێت (تەقریر) واتە پەسەند کردن ،لەبەر ئەوە بێدەنگبوونی ئیسلامییەکان لە چەوتییەکانی کۆمەڵ دەبێتە مۆری پەسەندکردن بۆیان. لێرەشدا دەڵێین : ئەگەر مەسەلەکە تەنها بێدەنگبوون نەبێ بەڵکو موداهەنەشی بچێتە پاڵ ئیتر دەبێت خەڵك چەندی تر سەریان لێ بشێوێ ؟بۆ نموونە ئەگەر موسڵمان نەك هەر چەوتیی فکرەی دیموکراسی ئاشکرا نەکات بەڵکو لەوەش زیاتر بڵێ کەوا فکرەیەکی باشە بۆ خەڵك.

ئەو کەسانەی کە بەکاری موداهەنە هەڵدەستن بەهانە بۆ خۆیان دەهێننەوەو ئەم کارە بە (مودارات)واتە نەرمی و موراعات ناو دەبەن ، لەوەش دەچێ بەڵگەی ئەوان ئەو فەرموودەیە بێ کە لە صەحیحی (بوخاری) دا چەند جارێك هاتووەو لە شوێنێکدا لە ژێر (باب)ێکدایە بە ناونیشانی (باب المداراة مع الناس) و لای موسلم لەژێر (باب)ی (مُداراة مَنْ يُتَّقى فُحشه)دا دانراوە :

عن عائشةَ ان رجلاً استأذنَ على النبى (ﷺ) فقال أئذنوا له فَلَبِئْسَ ابنُ العشيرة او بئسَ رجلُ العشيرة فلما دخل عليه ألانَ له القولَ، قالت عائشةُ : فقلتُ : يا رسولَ الله قلتَ له الذي قلتَ ثمَّ النتَ له القولَ، قالَ : ياعائشة (وزادَ في روايةٍ متى: عَهَدتني فحاشاً) انَّ شرَّ الناسِ منزلةً عند الله يومَ القيامةِ من وَدَعَهُ أو تركه الناسُ إتِّقاءَ فُحْشِهِ (وفي روايةٍ : اتقاء شرِّه) رواه البخاري ومسلم و ابو داود والترمذي واحمد.

واتە : پێغەمبەر(ﷺ) سەرەتا زەمی ئەو پیاوەی کرد پاشان کە هاتە ژوورەوە بە نەرمی قسەی لەگەڵدا کرد ئەمەش وای لە عائشە کرد داوای ڕوون کردنەوە بکات ئەویش فەرمووی : ئەو کەسەی ڕۆژی قیامەت خراپترین پایەی لای خودادا هەیە کەسێکە خەڵکی وازی لێ بهێنن تا خۆیان لە قسەی خراپی بپارێزن .

فوحش هەر شتێکە لە سنوور دەربچێ، لێرەشدا زیاتر مەبەست لە بەد زمانییە، ڕوونیشە کە (مداراة) لێرەدا خۆ پاراستنە لە کابرای زمان بەد.

(ابن حجر) لە (فتح الباري) دا دەڵێت :

(قرطبي) دەڵێ: *((لەم فەرموودەیەدا ڕێگە بە غیبەت کردنی ئەو کەسەی فیسق یان فوحشی ئاشکرا کردووە دراوە هەروەها غیبەت کردنی بکەرانی شتی لەم بابەتە وەك ستەمکاری لە حوکمداو بانگەشەکردن بۆ بیدعە ، ئەمەش لەگەڵ ڕێگەدان بە نەرمی جووڵان لەگەڵیاندا (واتا: مودارات کردنیان) بۆ خۆپاراستن لە خراپەکارییەکانیان بە مەرجێك ئەمە مرۆڤ نەگەیەنێتە موداهەنە لە دینی خوادا. پاشان قورطوبی هەر وەك (القاضي عياض) دەڵێ : جیاوازیش لە نێوان (مودارات) و (موداهەنە) ئەوەیە کە (مودارات) بەخشینی شتی دنیایە (بذلُ الدنيا) بۆ چاکەی دنیا (صلاح الدنيا) یان بۆ چاکەی دین یان بۆ چاکەی هەردووکیان لە کاتێکدا موداهەنە وازهێنانە لە دین بۆ چاکەی دنیا...پێغەمبەریش (ﷺ) نەرمی و ڕەفتاری چاکەی بەخشی لە بەش خۆی لە دنیا بەڵام بە قسە مەدحی کابرای نەکرد بۆیە ئەو قسەیەی کە لە هەقی کابرا کردی نارێك نەبوو لەگەڵ ڕەفتاری نەرمی لەگەڵیدا چونکە ئەو قسەیەی کە لەبارەی کابرا وتبووی (واتە نواندنی نەرمی لەگەڵیدا) بە چاکی مامەڵە کردنە .))* بڕوانە (فتح الباری، بەرگی١٢-ل ٧٠).

هەروەها ئیبنو حەجەر دەڵێ:

(ابن بطال) دەڵێ کابرای چیرۆکەکەی سەرەوە(عویەینە کوڕی حیصنی فەزاری) بوو کە گەورەی عەشیرەتەکەی بوو و کە بە گەلۆری گوێڕایەڵکراو (الاحمق المطاع) ناوبراو بوو، عیاض(پاش ئەویش قورطوبی و نەوەوی) کارەکەی پێغەمبەریان (ﷺ) بەوە تەفسیر کردووە کە ویستبووی (تألیف)ی بکات واتە دڵی ڕابکێشێ بۆ لای خۆی بۆ ئەوەی قەومەکەی موسڵمان بن (الفتح،ل٦٩).

ئەمڕۆ موسڵمان هەیە دەڵێن ئێمەش ئەم تەئلیفی دڵانە دەکەین بەڵام بۆ ئەوەی کارەکەیان نەبێتە خۆ خەڵەتاندن دەبێ لە خۆیان بپرسن ؟ ئایا کاری پێغەمبەر(ﷺ) هیچ شاردنەوەیەکی ڕاستیی ئایینی تێدا بوو ؟ ئایا کارەکەی هیچ سەر لێشێواندنی خەڵکی یان تێکەڵ کردنی ئیسلام و کوفری بە دوادا هات ؟

کەواتە سنوری سێیەم نێوان حکمەت و موداهەنە (نەبەخشینی دینە) واتە تەنازول نەکردنە لە دینە، موداهەنە بەخشینی دینی تێدایە بۆیە نەهیی لێکراوە، خودا دەفەرموێت ﴿فلا تطع المكذبين ،ودوا لو تدهن فيدهنون﴾(القلم:٨-٩)، واتە : بەقسەی ئەو کەسانە مەکە کە وەحدانیەتی خوداو هەبوونی قیامەت. . . بەدرۆ دەخەنەوە، ئەوان ئاواتەخوازن تۆ ڕووپاماییان بۆ بکەی تا ئەوانیش ڕووپامایيت بۆ بکەن.

سنووری چوارەمی حکمەت ئەو سنوورەیە کە دەبێت (توقيه) تیایدا کۆتایی پێ بێت، ئەمەش لە خوارەوەدا ڕوون دەکەینەوە :

ڕەنگە لە سەرەتادا موداهەنە لە سەر بناغەی (تقیة) شەرعیەتی خۆی وەرگرتبێت. خودا دەفەرموێت: ﴿الا من أكره وقلبه مطمئن بالايمان﴾(النحل:١٠٦)، بە پێی ئەم بەشە ئایەتە موسڵمان بۆی هەیە ووشەو کرداری کوفر بکات ئەویش ئەگەر ناچار کراو ترسا ئەشکەنجە بدرێ یان بکوژرێ بەڵام ئەمە بە مەرجی جێگیر بوونی ئیمان لە دڵیدا.

دەبێ ئەوەش بزانین کەوا (تقیه) لەسەر ئاستی تاکە کەسدایەو نابێ هەموو موسڵمانان بیکەن (بروانە : د. عبد الكريم زيدان، الوجيز في اصول الفقه.ص٥٣) و تەنانەت لە ئاستی تاکەکەسیشدا وا باشترە (عەزیمە) وەربگیرێ نەك (روخصە) واتا چاکتر وایە توقیە نەکرێ (ل٢٥)، ئێمەش دەڵێین (توقیە) لەسەر ئاستی کۆمەڵە ئیسلامییەکان یان بانگخوازی دەرکەوتوو یان زانایانی ئیسلام کارەساتێکە بۆخۆی، پێغەمبەر(ﷺ)و هاوڕێیانی توقیەیان نەدەکرد بەڵکو تەنها زۆر کەم لەو هاوڕێیانە کردبوویان، کەواتە پێویستە کەسانێك هەبن ڕێی تاوانباران ئاشکرا بکەن (ولتستبين سبيلُ المجرمين) (الانعام ــ٥٥). ئەگەر زانایان و کۆمەڵە ئیسلامییەکانیش بەم ڕوونکردنەوەیە هەڵنەسن ئەو کاتە دەتوانین بڵێین خەڵکەکە پەیامەکەیان بەتەواوەتی پێ نەگەیشتووەو ئەرکی تەبلیغ بەجێ نەهێنراوە.

توقیە لە سنووری تاکەکەسدا دەوەستێ و لەوە زیاتر بڕ ناکات، ئەمەش سنووری پێنجەمی حیکمەتە، کاتێکیش توقیە درێژ بکرێتەوە بۆ ئاستی کۆمەڵە ئیسلامییەکان ئینجا دەبێتە موداهەنە یان شتێك لەم بابەتە.

ڕەنگە ئەم چەند سنوورەی دەست نیشانمان کردن کەم بن بەڵام گومان لەوەدا نییە کەوا کەمێکیان پەیڕەو دەکرێن .ئینجا بێینە سەر چەند نموونەیەکی حکمەت و موداهەنە، سەرەتاش دوو نموونەی حکمەت دەهێنینەوە.

١- بوخاری (باب)ێکی ناو ناوە *(باب من ترك بعض الاختيار مخالفة ان يقصر فهم بعض الناس عنه فيقعوا في أشد منه)* واتە ((لە بارەی ئەو کەسەی واز لەهەندێ (اختيار) بێنێ لە ترسی ئەوەی نەوەکو هەندێك خەڵك تێ نەگەن لەو کارەو تووشی کارێکی خراپتر بن))، ئەو بابەش بۆ فەرموودەیەکە کە تیایدا پێغەمبەر (ﷺ)بە عائشە دەفەرموێت :(ئەگەر قەومەکەت تازە موسڵمان نەبوونایە کەعبەم دەڕووخاندو دوو دەرگام بۆ دەکرد...هتد، بروانە : البخاري ١- كتاب العلم ورواه مسلم باطول منه ٢- كتاب الحج).

دانایی لێرەدا ئەوەیە کە تازە موسڵمانەکانی مەککە بە دەستکاری کردنی کەعبە ناڕەحەت دەبوون ئەوەشە کە لە ئوصولدا پێی دەڵێن (درء المفاسد اولى من جلب المصالح). ئیبون حەجەر ڕەحمەتی خودای لێ بێ دەڵێ:

سوودێکی فەرموودەکە ئەوەیە واز بهێنرێ لە(ئینکاری مونکەر) لە ترسی تووش بوون بە شتێکی مونکەرتر ، هەروەها ئیمامی موسڵمانان خەڵك بەو شتانە بەڕێوە دەبات کە سوودیان هەیە بۆیان هەتا ئەگەر (مفضول) بن واتا(شت هەبێ لەوان چاکتر) مەگەر ئەو شتانە حەرام بن (فتح الباري ــ ل٣٠٢).

ئێمەش ئەم تێبینییەمان هەیە : ڕاستە پێغەمبەر(ﷺ) دەیویست کەعبە چاك بکاتەوە بەڵام چاك کردنەکە بۆ ئاسان کردنی چوونە ناو کەعبەیە چونکە لە فەرموودەیەکی تردا دەڵێ کەوا قوڕەیش دەرگاکانیان بەرز کردەوە بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان ڕێگە بە خەڵك بدەن بۆ چوونە ناو کەعبە یان ڕێگەیان پێ نەدەن، فەرموودەکانیش باسی دەرگاکە لەگەڵ مەسەلەی دروست کردنەوەی کەعبە لەسەر بناغەکەی ئیبراهیم دەکەن. سەبارەت بە دەرگاکەش موسڵمانان پاش فەتحی مەککە بوونە فەرمانڕەوا بۆیە کەس ئیتر ناتوانێ کەس مەنع بکات لە چوونە ناو کەعبە کەواتە هەر لەو کاتەوە هۆی مونکەرەکە نەما. داخڵ نەکردنی بناغەکەی ئیبراهمیش بۆ ناو بینای کەعبەدا لەوە ناچێ (والله اعلم) هیچ گوناهێکی تێدا بێ، بەم جۆرەش ئەو دوو شتەی پێغەمبەر (ﷺ) وازهێنان لە گۆڕینی مونکەر نەبوون ..خۆ پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا هەموو بتەکانی کەعبەی شکاند ئەمەش کارێکی گەورەترە لە دروست کردنەوەی کەعبە، مەبەستیشمان لەم موناقەشەیەدا ئەوەیە کە (ابن حجر) ڕەحمەتی خوای لێ بێت واتایەکی بە فەرموودەکە دا کە هەڵیناگرێ ؛مەبەستمان قسەکەی کە دەڵی: (وازهێنان لە ئینکاری مونکەر....(تاکو)... شتێکی مونکەر تر) بوخاریش لە ناو نیشانی بابەکەدا وای نەووتوە بەڵکو باسی (اختيار) کردووە، جا ئەگەر ئەمە بەڵگەی ئەو کەسانە بێت کە وازهێنان لە ئینکاری هەندێك مونکەر دەهێنن ئەوا بەبێ بەڵگە دەمێننەوە . بەم شێوەیەش حکمەت ئەوەیە کە موراعاتی کزیی ئیمانی خەڵك بکەی لە مەسەلەیەکدا کە مونکەری تێدا نەبێت، نەوەکو ئەوانەی دەڵێن : با ئەمە نەکەی چونکە کاتی نییە و با ئەوەی تر نەکەین کاتی نییە... تا ئەوەندە دەزانن هیچ ناکەن غەیری بێدەنگی بگرە موداهەنەش.

٢- لە غەزوەیەکدا شتێك ڕوو دەدات نێوان موهاجیرییەك و ئەنصارییەك و هەر یەکێکیان هاوار دەکات بۆ کۆمەڵەکەی :موهاجیرەکە هاوار دەکات ئەی موهاجیرەکان.. ئەنصارییەکەش هاوار دەکات ئەی ئەنصارییەکان، سەرکردەی نیفاقیش

(عەبدوڵلا کوڕی ئوبەی کوری سەلوول) وتی : ئەگەر بگەڕێینەوە مەدینە ئەوەی بەدەسەڵاتە ئەوەی زەلیلە دەردەکات، عومەریش بە پێغەمبەری (ﷺ) وت : ئەو پیاوە پیسە نەکوژین ؟ ئەویش فەرمووی : وازی لێ بهێنە با خەڵك نەڵێن محمد هاورێکانی خۆی دەکوژێت (رواه البخاري ومسلم والترمذي وأحمد).

پێغەمبەر(ﷺ) نەیویست خەڵك ئەم قسەیە بکەن هەروەها قەومەکەی کوڕی سەلوول کە عەشیرەتی (خەزرەج) بوون دڵیان بە کوشتنی نارەحەت دەبوو(ئەمەش تەنها لەسەرەتادا ئەگینا پاش ماوەیەك کوڕی سەلوول بە تەواوەتی لەلایەن عەشیرەتەکەیەوە بێزرا). لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) وازی لە هەقی خۆی و موهاجیرەکان هێنا واتا کارەکەی حکمەت بوو، کەواتە هەر کاتێك کابرایەك لە سەر موسڵمانان حساب بکرێت و هەڵەیەك بکات دەکرێ سزا نەدرێ ئەگەر خەڵکی تووشی فتنە بن هەرچەندە دەکرێ سەرزەنشت بکرێ چونکە کوڕی سەلوول حاشای لە قسەکەی کردو وتی شتی وام نەوتووە بەڵام خودا ئایەتی لە بارەی قسەکەی ناردە خوارەوەو ئابڕووی برد.

ئەمەش چەند نموونەیەکە لەسەر موداهەنە :

١- ***چوونە ناو پەرلەمانی عەلمانی*** :ئەمە مەسەلەیەکە باسی زۆری لە بارەوە کراوە.دەربارەی حەرامێتی و حەڵاڵێتیی چوونە ناو پەرلەمانی عەلمانیش رای جۆراوجۆر هەن کە لە نێوان حەڵاڵ کردنی رەها تا حەرام کردنی رەهاوەن .لێرەشداو ئەوەی پەیوەندیی بە باسەکەمانەوە هەیە ئەو پرسیارەیە کە ئایا ئەگەر چوونە ناو پەرلەمان حەڵاڵ بێت ئەم کارە دەچێتە خانەی حکمە یان موداهەنە؟

ئیسلامییەکان لەم مەسەلەیەدا دوو حاڵەتیان هەیە یەکەمیان پێش چوونە پەرلەمان، ئایا خاوەن هەڵوێستن بەرامبەر عەلمانیەت وکوفر ؟ ئایا لای هەموو کەسێك ئاشکرایە ئەوان رەفزی عەلمانیەت دەکەن وبە گومڕاییی دەزانن و هەوڵ دەدەن بۆ زاڵ بوون بەسەریدا ؟ ئایا ئایەتی ﴿ولتستبين سبيل المجرمين ﴾یان هێناوەتە دی؟ حاڵەتی دووەمیش پاش چوونە ناو پەرلەمان، ئایا لەسەر ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبن یان موداهەنە دەکەن؟

ئەو کۆمەڵەی پێش چوونە ناو پەرلەمان خاوەن هەڵوێست نەبێ بەتەما نەبین دوای چوونە ناویەوە موداهەنە نەکات.

حاڵەتێك لە سیرەدا هەیە لەو حاڵەتە دەچێت کە تیایدا موسڵمان لە پەرلەمانی عەلمانیدا بەشداری دەکات بێ ئەوەی موداهەنە بکات ئەویش نوێژکردنی پێغەمبەرە(ﷺ) بەرامبەر کەعبەی پڕ لە بت. چونکە پێغەمبەریش(ﷺ) هەقی تەواوی راگەیاندبوو کەس لە موشریکەکان نەیدەوت کە پێغەمبەر (ﷺ) بەم نوێژە بتە زۆرەکانی کەعبە پەسەند دەکات بەڵکو دەیانزانی ئەگەر دەسەڵاتی هەبووایە تێکی دەشکاندن.

بەهەرحاڵ بەشداری کردن وبەشداری نەکردن لە پەرلەمانی عەلمانیدا پەیوەندیی بە فەتواوە هەیە. گرنگیش لە فەتواکە رەچاو کردنی بەڵگە شەرعییەکانە نەك ملبادانی دەلیلەکان بۆ پەسەند کردنی رایەکیان،بەڵام ئەوە دەمێنێتەوە کە بەشداریکردن لەهەموو حاڵەتەکاندا مەترسییەکی گەورەیەو رێگەیەکی کورتە بۆ تەنازولی کوشندە.

٢- ***بەشداری کردن لە موناسەبەکاندا*** : (ابن تیمیه) لە کتێبی (اقتضاء الصراط المستقیم) دا بە دوورو درێژی باسی بەشداری نەکردنی (اهل الکتاب) لە جەژنەکانیاندا دەکات. ئێمەش بە کورتی دەڵێین : ئەمە لە چوونە پەرلەمان خراپترە چونکە موسڵمان ناتوانێ لە موناسەبەکانی (أهل الکتاب) و عەلمانییەکاندا ووتار بدات و نارەزایی خۆی دەربڕێ (ئەی کەواتە بۆچی هاتووە ؟) ئەمەش بە پێچەوانەی پەرلەمان ، کەواتە ئەگەر موسڵمان پێشتر هەڵوێستی هەبووبێ یان نەیبووبێ هاتنی بۆ موناسەبەکە واتای پەسەند کردنی ئەو موناسەبەیەو ئەمەش موداهەنەیە، ئەم شتەش پیرۆزبایی لە موناسەبە حیزبییەکانیش دەگرێتەوە.

٣- ***دەقیقەیەك وەستان بۆمردووان*** : ئەم کارە موداهەنەیەو پەسەند کردن کوژراوەکانیانە و پەسەند کردنی ئەو فیکرەیەیە کە لە پێناویدا کوژراون.

٤- ***بەکار هێنانی هەندێك لە زاراوەکانیان.***

٥- ***دەستخۆش کردن لەو کارەیان کە پەیوەندیی بە عەقیدەوە هەبێ.***

٦- ***پەسەند کردنی بیروباوەڕەکانیان*** : بۆنموونە بڵێیت (سۆشیالیزم بەشی خۆی خزمەتی مرۆڤایەتیی کردووە). بێگومان شتی وا ڕاست نییە چونکە هەتا ئەگەر باری ژیانی خەڵکیشی چاك کردبێ(کە ئەمەشی نەکردووە)، ئەوا دەزانین کە بەرەو دۆزەخ دەیانبات، یان مەدح کردنی بیری نەتەوایەتی، یان قسەی وەك (ئێمە بڕوامان بە دیموکراسی هەیە...).

هەموو ئەمانەش ئەگەر حاڵەتی زۆرەملێکردنی عەلمانییان تێدا نەبیٚو ئایەتی (الا من اكره وقلبه مطمئن بالايمان) لە گۆڕێدا نەبیٚ.

موداهەنە دەردێکە ئەگەر کۆمەڵە ئیسلامییەکان تووشی بن تێکەڵبوون (خلط) لە مەسەلەکاندا لای خەڵك دروست دەبیٚ ،واتە تێکەڵبوونی ئیسلام و غەیری ئیسلام.

(سيد قطب) پاش باسکردنی (موفاصەلە) ـ واتە جیا کردنەوەی ڕیزی موسڵمانان لە ریزی کوفرو نیفاق ـ بانگی بانگخوازان دەکات و دەڵیٚ ئەگەر کاری (موفاصەلە) نەبیٚ لێڵی و موداهەنەو تێکەڵبوون دەمێنن، پینە کردنی دەمێنیٚ، بانگەوازیش بۆ ئیسلام لە سەر ئەم بناغە عەیبدارو لاوازە ڕاناوەستیٚ بەڵکو تەنها لەسەر حەسم و ڕاشکاوی و ئازایەتی و ئاشکرایی دەوەستیٚ (في ظلال القرآن ـ ٨ تفسير سورة الكافرون ،ل٥٩٠).

هەروەها لە تەفسیری ئایەتی ﴿.........ولتستبين سبيل المجرمين ﴾دا دەڵیٚ نارەحەتترین شت کە ئەم ئیسلامیانە دەیچێژن لێڵی و نائاشکرایی و تێکەڵبوونە کە لە لایەك واتای (لا اله الا الله) و واتای (ئیسلام)و لە لایەکی تر واتای جاهیلیەتیان گرتۆتەوە(في ظلال القرآن ـ٣، الانعام ل٢٤١).هەروەها دەڵی ٚ کە پێویستە بانگەواز بۆ خوا بە ڕوونکردنەوەی ڕێگای باوەڕداران و ڕێگای تاوانباران دەست پیٚ بکات و پێویستە بانگخوازان بیٚ ووچان بن و لە وتنی وشەی هەقدا موداهەنەیان نەبیٚ (ل٢٤٢).

چەکی سامناکی تەکفیر(★)

ئەم باسە بۆ ئەوە نییە بزانین چی کوفرەو چی کوفر نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بزانین کەوا تەکفیرکردنی کەسان و رێبازەکان چەکێکی سامناك و کاریگەرە کە دەبێ زاناو بانگخوازانی ئیسلام بۆ ئابڕوو بردن و ئاشکرا کردنی کوفر بەکاری بهێنن و بۆ ئەوەی چیتر کوفر بە ئاشکرا نەوێرێ سەر دەربکات و عەیب و عاری کوفری تێکەڵ کراو بە ئیسلام بۆخەڵك دەرکەوێت .

ترس لە کافربوون بە هۆی تەکفیرەوە(لەگەڵ ترس لە کافران هەروا) وای لە بانگخوازانی ئیسلام کردووە ئەم شمشێرە کول و ژەنگاوی بکەن، ئەنجامی بەکار نەهێنانیشی ئەوەیە کوفر لە وڵاتماندا سەر بەرزدەکاتەوەو ئەوانەی کوفرەکەیان بە چەند قسەو کردارێکی ئیسلامی داپۆشیوە لەسەر خەڵەتاندنی خەڵك بەردەوام بن، ئەنجامێکی تریش ماوە لە دواڕۆژدا ئەویش پەیدابوونی چەند دڵگەرمێکی کەم تەقوای نەشارەزا لە ئیسلام کە خەڵك بەکۆمەڵ کافر دەکەن، دوایی حاڵ دەگاتە ئەوەی ئیسلامییەکانیش بە کافر بزانن.

کافرەکان بۆیە لە تەکفیر دەترسن چونکە لە ناو خەڵکدا ئابڕوویان دەبات و تەکفیرەکە بۆ خەڵکی ڕوون دەکاتەوە کە ئەو بێباوەڕانە توانیویانە بەوە بیانخەڵەتێنن کە گوایە شتێکی ئاساییە ئەگەر شوێنیان بکەون و لەهەمان کاتدا موسڵمان بن. تەنانەت ئەوانەش کە کوفری خۆیان ئاشکرا کردووە لە تەکفیر دەترسن ، باشترین نموونەش کۆڕەکەی خوشکە (صەبریە)ی یەکگرتووە، کە یەکێك لەو کۆڕانە بوو کە (یەکێتی ژنانی کوردستان)ی سەر بە (یەکێتی) بۆ مەسەلەی یاساکانی (الاحوال الشخصیە) لەم هاوینەدا سازی دابوون.

لەو کۆڕەدا ئافرەتێکی کۆمۆنیست کە ئەندامی سەرکردایەتیی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق)ە ڕازی نەبوو وەڵامی خوشکە (صەبریە) بداتەوە کە ئایا بڕوای هەبوونی خوا هەیە یان نەءو هەموو جارێك دەیوت : (ئەمە مەسەلەیەکی شەخسییە)تا لە کۆتاییدا وتی (تۆ دەتەوێ بڵێم کافرم بۆ ئەوەی ژنانی کوردستان گوێم لێ نەگرن).

بەم جۆرە تەکفیر چەکێکی کاریگەرە بۆ دوورخستنی خەڵك لە کوفرو کارێکی پێویستە ئەگەر(واجب) نەبێ چونکە پەیوەستە بە تەبلیغ (واتە گەیاندنی پەیامی خودا).گومانیش لەوەدا نییە کە ئاشکراکردنی کوفر بەشێکی سەرەکیی تەبلیغە.

بەڵام لەلایەکی ترەوە تەکفیر چەکێکی خەتەرە بۆ خودی موسڵمانان لەبەر ئەو فەرموودانەی باسی تەکفیرکردن بە ناهەق دەکەن ، ئەمەش بوو وای لە زانایانی کۆن کردبوو بە وریایی یەوە خۆیان لە قەرەی تەکفیری کەسان و کۆمەڵەکان بدەن. ئەوەتا (حافظ ابن حجر) لە(فتح الباری)دا قسەی (قورطوبي) لە (المفهم)دا دەهێنێتەوە کە دەڵێ:(مەسەلەی تەکفیر خەتەرەو سەلامەتی بە هیچ شتێك ناگۆڕینەوە) فتح الباري ١٤.

زانایەکیش دەڵێ : داخڵ کردنی کافرێك بۆ ناو ئایینی ئیسلام (واتە بەموسڵمان زانینی کافرێك)و دەرکردنی موسڵمانێك لێی مەسەلەیەکی گەورەیە لە ئاییندا(هەمان سەرچاوە).هەروەها(ابن ابی العز الدمشقی) لە (شرح العقیدة الطحاویة)دا دەڵێ : مەسەلەی تەکفیرکردن و تەکفیرنەکردن مەسەلەیەکە (فتنە)و بەڵاو ناڕەحەتییەکی گەورەی دروست کردو جیابوونەوەی زۆری تیادا بەرپابوو (شرح العقیدة ...، ٢،ل٤٣٢).

فەرموودەکانیش باسی ئەو کەسە دەکەن کە کەسێك کافردەکات وئەگەرئەو کەسە وا نەبێت کوفرەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی.با لێرەشدا کەمێك لە تەك ئەو فەرموودانە بوەستین :

ئیمام (موسلیم)فەرموودەیەکی هێناوەتەوە کە ئەمە بەشێکێتی : (*من دعا رجلا بالکفر او قال عدو الله ولیس کذلك الا حار علیه*)صحیح مسلم / کتاب الایمان، واتە (هەر کەسێك بە پیاوێك بڵێ کافرە یاخود بڵێ دوژمنی خواوئەو کەسە وا نەبێ ئەم شتە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی). ئیمامی (نەوەوی)یش دەڵێ مەبەست ڕواڵەت (ظاهر)ی فەرموودەکە نییە(واتە مەبەست کوفری ڕاستەقینە نییە)و مەزهەبی ئەهلی هەق ئەوەیە کە موسڵمان بە ئەنجامدانی گوناهی وەك کوشتن و زینا کردن کافر نابێ(بێگومان ئەگەرئەم گوناهانە بە حەڵاڵ نەزانێ ئەگینا بە حەڵاڵ زانینیان کوفرە) هەروەها ئەگەر بە براکەی بڵێ کافر،واتە ئەگەر بەو گوناهانە کافر نەبێ بە تەکفیری هەڵەش کافر نابێ. سەبارەت بە قسەی((ئەوا کوفرەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی)) ئیمامی نەوەوی چەند تەفسیرێك دەهێنێتەوە :

(★) گۆڤاری ڕابەر – ژمارە (٣١-٣٢) ساڵی چوارەم، ١٤١٦- ت١،ت٢ ١٩٩٥ ل٢٢-٢٤ بڵاوبۆتەوە.

١.ئەگەر کەسێك تەکفیری ناهەق بە حەڵاڵ بزانیٚ خۆی کافر دەبێت.

٢. تەفسیرێکی تر ئەوەیە گوناهەکە بریتییە لە سووکایەتی کردن بە براکەی . گوناهی تەکفیرکردنی براکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خۆی نەك کافربوونەکە.

٣. تەکفیر بە ناهەق کافری ناکات بەڵکو ترسی ئەوە هەیە بەکار هێنانی زۆری تەکفیر بەرەو کوفری بەریٚ هەروەك چۆن زۆر گوناه کردن مرۆڤ بەرەو کوفر رادەکێشیٚ.

٤.تەفسیرێکی تریش ئەوەیە فەرموودەکە تایبەتە بە (خەوارج) بەڵام نەوەوی دەڵیٚ ئەوە بیٚ هێزە چونکە زۆربەی زانایان لەسەر ئەو ڕایەن کە خەوارج بە کافر نازانرێن.

٥. تەفسیری پێنجەم ئەوەیە تەکفیرکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی وەك چۆن خۆی خۆی تەکفیر کردبیٚ (صحيح مسلم بشرح النووي-١ ـ حديث ١١١-٦٠). (حافظ ابن حجر)یش دەڵیٚ لە هەمووی بەهێزتر ئەوەیە کە کافربوونەکە ئەو کەسە دەگرێتەوە کە شتی وا بە کەسێکی تربڵیٚ کە بە موسڵمان ناسراوە لەکاتێکدا گومانی کوفری نەبردووە لێی، بەم جۆرە واتای فەرموودەکە ئەوەیە تەکفیرەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی وەك چۆن خۆی خۆی کافر کردبیٚ (فتح الباري١٢ـ كتاب الادب ـ باب مايٌنهى من السباب واللعن).

فەقیهی فەرموودەناسەکان ؛ئیمامی بوخاری ،یەکێك لە بابەکانی صەحیحەکەی بەمە ناوناوە : (باب مَنْ كفَرَ اخاهُ بغيرِ تأويلٍ فهو كما قال) صحيح البخاري ـ كتاب الادب، واتە: (بابێك لە بارەی ئەوەی ئەگەر کەسێك بەبیٚ تەئویل براکەی خۆی تەکفیر بکات ئەوا خۆی بەو جۆرەیە). بەم پێیەش بوخاری کافر نەبوون بە هۆی تەکفیرەوە دەبەستێتەوە بە تەئویل کە واتای (ئیجتهاد) یان (تەفسیر) دەگرێتەوە وەك لە بابەکەی تردا دەردەکەوێت: (باب مَنْ لم يرَ إكفار مَن قال ذلك مُتأوّلا)، (كتاب الادب) واتە : بابێك دەربارەی ڕای ئەو زانایەی کە ئەو کەسانە بە کافر نازانن ئەگەر بە تەئویلێك یەکێکی تر تەکفیر بکەن.

بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرموودەی (علی کوڕی ابو طالب)ە لە بارەی (حاطب کوڕی ابو بەلتەعە) کە نامەی بۆ خەڵکی مەککە ناردو تیایدا ئاگاداری کردنەوە کە موسڵمانان نیازی پەلاماردانی مەککەیان هەیە ،کاتێکیش ئەم شتە ئاشکرا بوو (عومەر کوڕی خەططاب) فەرمووی (حاطب) نیفاقی کرد ، پێغەمبەریش (ﷺ) بە عومەری نەفەرموو بەم قسەیەت کافر بوویت ، بەڵکو ئەوەندەی فەرموو : چوزانی بەڵکو خودا تەماشای ئەهلی بەدری کردبیٚ (ئەوانیش ئەو موسڵمانانەی لەشەڕی بەدردا بەشداریان کردبوو) و فەرموبێتی : چیتان دەویٚ بیکەن چونکە لێتان خۆش بووم (*لە صحيح البخاري ـ كتاب الادب دا زۆر بە کورتی و بیٚ سەنەد هاتووە و لە (كتاب التفسير)دا لە سوورەتی (الممتحنة) بە کاملی و (مەوصولی) هێناویەتی).* کەواتە عومەر بە تەفسیرو بۆچوونی خۆی کابرایەکی بە موناڤق زانی لە کاتێکدا ئەو کابرایە پێشتر رەنگە خوا لە گوناهەکانی خۆش بووبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا عومەر بەم قسەیەی کافر نەبوو.

بوخاری هەروەها فەرموودەکەی (جابر کوڕی عبد الله)ی هێناوەتەوەو کە تیایدا باسی ئەوەی کردووە (موعاذ) پێشنوێژییەکی دوورودرێژی کردو کابرایەك نەیتوانی بەردەوام بیٚو لە ریزەکە هاتە دەرەوەو بە تەنیا نوێژی کرد، (موعاذ)یش وتی کابرا موناڤقە، کابراش ئەمەی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) گێڕایەوە ئەویش بە موعاذی نەفەرموو بۆچی وات پیٚ ووت، بەڵکو تووڕەبوو و ئامۆژگاریی کرد هەر کاتێك ئیمام بوو نوێژەکانی درێژ نەکاتەوە.

بەم جۆرە هەر کەسێك قسەیەك یان کردارێکی کوفری لیٚ وەشایەوە بەڵام خۆی کافر نەبوو و موسڵمانێك کافری کرد ئەو موسڵمانە بەو تەکفیرە هەڵەیە کافر نابێت، تەنها ئەوەش دەمێنێتەوە کە کەسێك بەبیٚ هیچ بەڵگەیەك کەسێکی تر کافر بکات ؛ ئەو کاتە بەلای زۆرەوە کافر دەبێت و بەلای کەمەوە یەکێك لەو پێنج تەفسیرەی بەسەردا دەچەسپیٚ کە (نەوەوی) باسی کردوون.

کە ئەمەشمان زانی ئیتر هەقمانە کاری ئەو بانگخوازانەمان لا سەیر بیٚ کە خۆیان لە تەکفیر دەدزنەوەو لەوە دەچیٚ (ظاهر)ی فەرموودەکانی تەکفیر وەردەگرن و تەکفیری ناهەق بە کوفری گەورە بزانن لەکاتێکدا کاری زۆری تر بە کوفری گەورە نازانن، ئەوانیش ئەو کارانەی فەرموودەکان ناوی کوفریان لیٚ دەنێن.

نموونەش لەسەر ئەوە هەمان فەرموودەکەی موسلیمە کە ئەمە بەشێکی تریەتی *(ليس مِنْ رجلٍ ادَّعى لغيرِ ابيه وهو يعلمه الاّ كَفَر)*، واتە : ئەو کەسە کوفری کردووە کە باوکی ڕاستەقینەی خۆی بناسێت بەڵام پیاوێکی تر بە باوکی خۆی دابنیٚ (ئەم بەشەش هەروەها لای بوخاری هەیە). ئەم فەرموودەیەش بە دوو شت تەئویل کراوە : یەکەمیان بۆ کەسێکە ئەم کارە بەحەڵاڵ

بزانێ دووەمیشیان ئەوەیە ئەم کوفرە کوفری نیعمەت و ئیحسان و مافی خوداو مافی باوکێتی نەك ئەو کوفرەی لە ئیسلام دەریبکات. (شرح النووي ـــ كتاب الايمان).

هەر هەمان ئەو بانگخوازانەشن کە لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێ دان ئەم باسکردنەی کوفر لەم فەرموودەیەو چەندین فەرموودەی تر بە کوفری بچووك دەزانن (لەمەشدا راست دەکەن چونکە ئەمە هەروەها ڕای زۆربەی زانایانە) و (ظاهر)ی فەرموودەکان وەرناگرن کە ناوی کوفر لەو کارە دەنێن بەڵام کاتێك باس دێتە سەر فەرموودەی تەکفیر نارەوا ، واتە فەرموودەی ((*هەر کەسێك بە پیاوێك بڵێ کافرە یاخود بڵێ دوژمنی خواو ئەو کەسە وا نەبێ ئەمە دەگەرێتەوە بۆ خۆی*)) دەچن (ظاهر)ی فەرموودەکە وەردەگرن و ئەمە دەکەنە بەهانە بۆ تەکفیر نەکردنی هیچ کەسێك.

لەم بارەیەوە ئەو قسەیەی (حسن الهضيبي) رابەری دووەمی ئیخوان (رەحمەتی خوای لێ بێت)هەیەو کە لە ناو زۆر بانگخوازدا بڵاو بۆتەوەکەو دەڵێت :(نحن دعاة لا قضاة) واتە : ئێمە بانگخوازین نەك قازی (تا حوکمی کافر بوون لە سەر خەڵك دەر بکەین) . ئەمەش قسەیەکە بەڵگەی لەسەر نییەو و ئەگەر مەبەستیش لێی ئەوە بێ کە نەوترێ (فلانە کەسی دیاری کراوی زیندوو دەچێتە بەهەشت و فلانە تری زیندوو دەچێتە ئاگر) ئەوا قسەیەکی ڕاستە ، بەڵا م ئەگەر مەبەستی لێی حوکمی کوفر بەسەر کەسدا دەرناکەین ئەوا قسەکە ڕەتکردنەوەی ئایەتی ﴿قل یا ایها الکافرون..﴾ە. نەك تەنها ئەوەش بەڵکو ڕەتکردنەوەی ئایەت و فەرموودە و بەسەرهاتی یەکجار زۆری سیرەتە ئەمەش قسەیەکی (ئیرجائی)ە [★] خوا لە ئەویش و ئێمەش خۆش ببێت.

تەکفیری ئەوسا و ئێستا

ئایا بەم جۆرە مەبەستمان ئەوەیە تەکفیری کوێرانەو بەڕاست و بەچەپ بکرێ ؟ وەڵامی دروست ئەوەیە ئەم جۆرە تەکفیرە دەردێکە و پێویستە خۆمانی لێ بپارێزین.

کاتی خۆشی (خەوارج و موعتەزیلە) تووشی ئەو دەردە ببوون، بواریش هەبوایە باسێکی دوورودرێژی خەوارجمان دەکرد ، تا سەختیی ئەو دەردە بۆ خوێنەر دەربکەوتایە، بۆیە لێرەدا بە کورتی دەڵێین : لای خەوارج ئیمام(عوثمان)وئیمام (عـەلی)خودایان لێ رازی بێ‌بە کافر حساب کرابوون ، پاشان خوێن و ماڵی ئەو کەسانەیان حەڵاڵ کرد کە لەسەر بیروباوەڕی ئەوان نەبن ، دوای ئەوە دەستیان وەشاندو شەڕیان بەرپاکرد، پاش (موعاویە)و کاتی (عبداللە کوڕی ئەلزوبەیر) کۆمەڵەکەی (نەجدە کوڕی عامر) ئەوەیان بۆ بیروباوەڕەکانیان زیاد کرد کە ئەو کەسەی لەگەڵیاندا بەشداری شەڕ نەکات کافرە هەتا ئەگەر هەمان بیروباوەڕی ئەوانیشی هەبێ.

سەبارەت بە موعتەزیلەش (الرافعی) لە (أعجاز القران)دا باسی یەکێك لەوان دەکات کە تووشی شێتیی تەکفیر ببوو. سەرەتا خەڵکی شارەکەی خۆی تەکفیر کرد، پاشان خەڵکی ناوچەکە ئینجا خەڵکی هەموو زەوی و لە کۆتاییدا تەنها چەند شێتێکی وەکو خۆی لەگەڵیدا مانەوە. ئەم بەسەرهاتەش کە ئەوپەڕی تەکفیرە (أبو عبادە الانصاری) لە پێشەکیی کتێبی (مفهوم الحاکمیة فی فکر الشهید عزام)دادەیگێڕێتەوەو لە هەمان کتێبدا باسی وەزعی ئەفغانستان دەکات، بە تایبەتی پاش چوونە ناو (کابول)ی پایتەخت کە چۆن لاوی زۆر سەریان لێ شێواو هەندێکیان بەشێك یان هەموو سەرکردەکانی ئەوێیان تەکفیر کرد لەبەر ئەوەی گوایە هێشتا(وەلاء و بـەراء)و حاکمیە لە دڵ و مێشکیاندا نەچەسپیوەو لێی تێ نەگەیشتوون، هەندێکی تریشیان خەڵکێکی زۆریان تەکفیر کرد، بەڵکو بانگخوازانیشیان تەکفیر کرد، لەوەش زیاتر هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەمین. ناوبراو هەروەها بەسەرهاتی (عبداللە عزام)دەگێڕێتەوە کە کاتی خۆی لە میسردا برایەکی خۆشەویستی خۆی نوێژی لەدوادا نەکرد، کاتێکیش لێی پرسی برادەرەکەی وتی چونکە من تۆ تەکفیر دەکەم ئەویش لەبەر ئەوەی تۆ (حسن الهضيبي)تەکفیر ناکەی وهوضە یبی تەکفیر دەکەم چونکە فلانەکەس تەکفیری ناکات !

(دکتور یوسف القرضاوی)ش لە کتێبی (الصحوة الاسلامیة بین الجحود و التطرف)باسی کۆمەڵەی (التکفیر و الهجرة)ی میسر دەکات، ئەویش لە کتێبی عبدالرحمن أبو الخیر (ذکریاتی مع جماعة المسلمین - التکفیر و الهجرة) وەریگرتووە.

([★]) الارجاء : بیدعەیەکی کۆنە کە هەڵگرانی (المرجئة)یان پێ دەوترێ و یەکێك لە قسەکانی ئەوەیە مرۆڤ ئەگەر ئیمانی هەبێ بە هیچ گوناهێك کافر نابێ، ئیمانیش لای ئەوان بریتییە لە باوەڕو قسە نەك کردار و کەس کافر ناکەن کە شایەتمان بدات کردارەکانیشی هەر چۆنێك بن، ئەمەش بچووکترین بیدعەیە لە ناوبیدعەکاندا، بەڵام لەوە ناچێ ئەمڕۆ بە بچووکی مابێتەوە چونکە ئەمڕۆ کوفر لە جاران زیاتر بڵاوە بۆتەوەو زیاتر تێکەڵ بە ئیسلام کراوە...

ئەم کۆمەڵە هەموو کەسێك تەکفیر دەکەن کە گوناهێك بکات و لێی پەشیمان نەبێ و حاکمەکان تەکفیر دەکەن چونکە حوکم بە قورئان ناکەن وخەڵك کافر دەکەن لەبەر ئەوەی بەو حاکمانە ڕازین و زاناکان تەکفیر دەکەن کە حاکم و ژێردەستەکان تەکفیر ناکەن و تەکفیری هەر کەسێك دەکەن کە فیکرەی خۆیانی پێ دەڵێن و قبووڵی ناکات، هەروەها ئەوەش کە قبووڵی دەکات بەڵام ناچێتە کۆمەڵەکەیان هەروەها ئەوەی دەچێتە ناوی و دوایی وازی لێ دەهێنێت(کە بە مورتەدو و خوێن حەڵاڵی دەزانن)، هەموو کۆمەڵە ئیسلامییەکانیش کە بانگەوازەکەی ئەوانیان پێ بگات و خۆیان هەڵنەوەشێنن و بەیعەت بە ئیمامەکەیان نەدەن کافرن... هتد (لاپەڕە ٥٤ – ٥٥).

ئەمەش دەردی تەکفیرکردنی کوێرانەیە،بەڵام چارە چییە ؟ کەس تەکفیر نەکەین ؟ بێگومان ئەمە چارەسەر نییە، بەڵکو ئەمە سەرچاوەی (یان بەلای کەمەوە سەرچاوەیەکی)دەردەکەیە : تەکفیری کوێرانە ئەنجامی وازهێنانە لە تەکفیری شەرعی، لەبەر ئەوەش دەبێت بانگخوازانی ئیسلام وریا بن : واز هێنان لە تەکفیرکردن تەکفیری کوێرانەی بەدواوەیە، تەکفیر نەکردن هەر بیدعەی کۆنی ئیرجائە ؛ بزانە ئەو زانایەی کە قسەکەیمان هێنایەوە نەك هەر تەکفیرکردنی بە شتێکی بچووك نەزانیووە، بەڵکو هەروەها بە موسڵمان زانینیش ولە(شرح العقیدة الطحاویة)ش باسی تەکفیر کردن بە تەنها نەهاتووە، بەڵکو هەروەها تەکفیر نەکردنیش و (ابن ابی العز)دەڵێ : لەبەر ئەوە لای زۆر لە ئیمامەکان بە (موطلە قی) ناوتریّ : ئێمە کەس تەکفیر ناکەین بەهۆی گوناهێکەوە (لاپەڕە – ٤٣٣)واتا : گوناه هەیە غەیری شیرك کە مرۆڤ پێی کافر بێت و بەم جۆرە باسی کۆمەڵێك دەکات و دەڵێت : (کۆمەڵێك دەڵێن : کەس لە ئەهلی قیبلە تەکفیر ناکەین و بەمە تەکفیر بە گشتی نەفی دەکەن لە کاتێکدا لە ناو ئەهلی قیبلەدا مونافیق هەن کە کەسانی وایان تێدا هەیە لەوانەیە هەرکاتێك بۆیان بکرێ بەشێك لە کوفرەکەیان دەربخەن ، خۆشیان وا پیشان دەدەن کە ووشەی شایەتمان دەڵێن).(لاپەڕە – ٤٣٣).

ئینجا تەماشای دەوروبەرەکەت بکە : ئەوانەی کە کەس کافر ناکەن و بزانە چەند کەسی وا هەیە، تەماشای مونافیقەکانیش بکەو بزانە چەند جار لە تەلەفزیۆن و گۆڤار و رادیۆ و ڕۆژنامەکانیاندا قسەو کرداری کوفریان لێ دەوەشێتەوە.

بیدعەی تەکفیرنەکردنیش وەك وتمان بیدعەیەکی گەورەتری لێ پەیدا دەبێ، ئەویش تەکفیرکردنی کوێرانە، بەڵام ئەمە تاکە ئەنجام نییە بەڵکو هی تریش هەن وەکو :

١. چەند کەسێکی کافر بە ناهەق دەخرێنە ناو بازنەی ئیسلام.
٢. ئاسانیی خۆحەشاردانی کافرەکان لە پشت پەردەی ئیسلام.
٣. بەردەوام بوونی حاڵەتی تێکەڵبوونی ئیسلام و کوفر لای خەڵك.
٤. بەم شێوەیە (إقامة الحجة)ی تەواو و کامل کارێکی زەحمەت دەبێ.
٥. بەردەوام بوونی تەعەداکردنیان لە ئیسلام و ئازایەتی پەیداکردن بە هۆی بێدەنگیمان.
٦. کاتێکیش جیهاد بەرپا دەبێ بەڵگەکانی جیهاد لاوازتر دەبن وەك لەوەی ئەگەر پێشتر کوفر و ئیسلام لێك جیاکرابن.

هەندێك تەکفیرنەکردن کەمتر دەگەڕێنەوە بۆ تەقواو ترس لە کافربوون بە هۆی تەکفیرەوەو زۆرتر هۆکەی ترسە لە خەڵك و دەسەڵاتداران چونکە تەکفیرکردن وەك وتمان شمشێرێکی تیژە، وەشاندنی شمشێریش جورئەتی پێویستە،لە لایەکی تریشەوە هۆی تەکفیرکردنی کوێرانەش کەمی تەقواو نەبوونی عیلمە، جا بۆ ئەوەی توشی هیچیان نەبین پێویستە زانایان و بانگخوازانی خاوەن عیلم و تەقوا بەم کارە هەڵسن ئەویش بەپێی یەکێك لەم ڕێگایانە :

١. لیژنەیەکی هاوبەشی کۆمەڵە ئیسلامییەکان ئەم کارە بگرێتە ئەستۆ (ئەمەش بەشتێکی خەیاڵیی دەزانم ، بە لای کەمەوە بۆ ئەمڕۆ).
٢. هەر کۆمەڵێك لیژنەیەکی هەبێ (ئەوەش هەروەها ناکرێ چونکە کۆمەڵ هەیە نایکات).
٣. لیژنەیەکی سەربەخۆ (دیسان زەحمەتە).
٤. کۆمەڵێکی ئیسلامیی دیاریکراو، ئەمەشیان عەمەلیترە، بەڵام کێ بەم ئەرکە هەڵسێ ؟ [1]

([1]) لەمەوە گرنگێتیی هەبوونی مەرجعیەتێکی شەرعی بۆ موسڵمانان دەردەکەوێت کە جێگەی متمانەی موسڵمانان بێت تا لە لایەك تەکفیر فەرامۆش نەکرێت و لەلایەکی تر تەکفیر نەکەوێتە دەستی نەزانان. ئێستاش وای بۆ دەچم کە هەڵسانی کۆمەڵێکی ئیسلامیی

له کۆتاییداو به کورتی باسی ئەوە دەکەین کە تەکفیر چیوکیٚ بکەین ؟ دیارە کە تەکفیرکردن کەسان و لایەنەکان و ڕێبازەکان دەگرێتەوەو ئاشکرایە کە تەکفیرکردنی ڕێبازەکان لە هەموو ئەمانە لەپێشترەو لە هەموویان بۆ ئیمانمان سەلامەتترە، چونکە بابەتەکانی ڕێبازەکان ئاشکرا ترو دیارترن ئەویش لەچاو کەسەکان کە بەشێکی شاردراوەیان هەیەو پەیوەندیی بە دڵ و دەروونیانەوە هەیەو وەکو ڕێبازەکان لەسەر کاغەز نەنووسراوە. بۆ (لایەنەکانیش) کارەکە هەروەك(کەسەکان) زەحمەتە ئەویش بە هۆی تێکەڵبوونی کافری (مطلق)و ئەوانەی بە نەزانی شوێنی ئەو لایەنانە کەوتوون، بۆیە تەکفیرکردنەکە هەر دەچێتە سەر تەکفیرکردنی ڕێبازەکان ، کاتێکیش کە هەموو کەسێك تەکفیر و بەڵگەکانی پێ گەیشت ئیتر (إقامە الحجە)دەکرێ و تەکفیری کەسەکان و لایەنەکان ئاسانتر دەبێ. هەرچەندە پێش ئەوە لایەن و کەسی وا هەن کە بە بێ سێ و دوو کافر دەکرێن.

پاشکۆ: بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو بۆ ئەوەی وا نەزانرێت کە کاری بانگخوازان تەنها تەکفیرکردنە ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە تەکفیر هەموو شتێك نییە بەڵکو بەشێکە لە تەبلیغ . تەبلیغیش لە تەکفیر گرنگترە.بەر لەوەش بە کاری تەکفیر هەڵبسین پێویستە تەبلیغی ڕوون و ئاشکرا بکەین.هەڵەیەکی گەورەشە بەر لەوەی بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە چی کوفرەو چی ئیمانە حوکمی تەکفیر دەربکەی. زۆر کەس زۆریان لا ئاسانە خەڵك بە کافر لە قەڵەم بدەن بەڵام کارێکی ترسناکە لایان بە کاری تەبلیغ هەڵبسن ئەویش چونکە تەبلیغ واتای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتداران و لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە گومڕان و ئەو گەومڕاییەیان پێ خۆشە.هەرچەندە حوکمی تەکفیرکردنی بیروباوەڕو ڕێبازی دیاریکراو بەشێکە لە تەبلیغ بەڵام تەبلیغ لەو حوکمە فراوانترە.

سەرچاوەکان

١. فتح الباری بشرح صحيح البخاری.

٢. صحيح مسلم بشرح النووی.

٣. شرح العقيدة الطحاوية لإبن أبي العز ، تحقيق د.عبدالله بن عبدالمحسن التركی و شعيب الارناؤوط.

٤. أبو عبادة الانصاری، مفهوم الحاكمية في فكر الشهيد عزام، الطبعة الثانية ١٤١٤ – ١٩٩٤.

٥. د. يوسف القرضاوی، الصحوة الاسلامية بين الجحود و التطرف، الطبعة الاولی، ١٤٠٥ – ١٩٨٥.

دیاریکراو بە تەکفیر ئەوەندەی هەبوونی مەرجعێکی ئیسلامیی باوەڕپێکراو کارێکی بەهێز نییەو وەکو ئەو بە تەواوی ئامانجی خۆی ناپێکێت.

جيـــاوازيی شـــەرعـــی
تێگەیشتن و مامەڵە*

جیاوازی لە بیرو بۆچوون و هەڵسوکەوت مەسەلەیەکە ئەمڕۆ و رابردووی پڕکردووە و تا قیامەتیش دەمێنێ، جیاوازی (الاختلاف)بۆ خۆی دیاردەیەکی نائاسایی نییە چونکە خودا مرۆڤەکانی وەکو یەك دروست نەکرووە و ژیری و زانست و تێگەیشتنی وەکو یەك بەسەر خەڵکیدا دابەش نەکردووە.

میللەتانی پێش خۆمان لە زۆر شتدا ناکۆك بوون، نەصرانییەکان بۆ نموونە بوونەتە دەیان و سەدان پارچەی سەرەکی و لاوەکی، هەر پارچەو کۆمەڵێکیشیان خۆی بە هەڵگری هەق دەزانێ ئەمەش بە مەرجێك ناکۆکیی ئەوان لەسەر چەند شتێك کەمی عەقیدەیە.

سەرەتای هەموو جیاوازییەکیش ئەوەیە کە ئەسڵێك هەیە، لەم ئەسڵەشەوەو بە هۆی جیاوازی لە توانای تێگەیشتن و بەهۆی ئارەزووەوە جیاوازی سەر هەڵدەدات، لە دەرەوەی ئەم جیاوازییەشدا چەند شتێك لە ئەسڵەکە دەمێنێتەوە کە ئەو کۆمەڵانە لەسەری رێکن .

لە ئیسلامدا ئەسڵەکە قورئان و سوننەتە، پاش ئەوەش هەندێك شتی تر بوونەتە سەرچاوە وەکوئیجماع و قیاس و قسەی صەحابی...هتد.

زانایانیش لە وەرگرتنی ئەمانە یان وەرنەگرتنیان و چۆنێتیی وەرگرتنیان جیاوازاییان لە نێواندا هەبووە، تەنانەت قورئان و سوننەتیش کە هەمووان رێکن لەسەر ئەوەی سەرچاوەی یەکەمن زانایان وەکو یەك نەبوون لە تێگەیشتن لە دەقەکان و ووشەکان و چۆنێتیی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو دەقانەدا ..هتد.

ئەوەشی گرنگە بیکەینە رێبەری مامەڵە کردنمان لەگەڵ یەکتردا لە مەسەلەی جیاوازیدا ئەوەیە بزانین کەوا :

١- جیاوازی هەبووەو هەر دەمێنێت.

٢- پێویستە جیاوازی لەسەر ئەساسێکی شەرعی بێت.

٣- رەوشتی بەرزی موناقەشە لەنێوان هەڵگرانی بۆچوونە جیاوازەکاندا بپارێزرێ.

جیاوازی لە نێوان صەحابییەکاندا

جارو بار جیاوازی بیرو را دەکەوتە نێوان صەحابییەکان، پێغەمبەریش (ﷺ) لایەنی هەقی روون دەکردەوە بۆیان، پاش وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) صەحابییەکان بەگەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت چارەسەری جیاوازییەکانیان دەکرد، نموونەش لە سەر ئەوە :

١- (بوخاری) و(موسلم) ریوایەتیان کردووە کەوا پێغەمبەر(ﷺ) لە غەزوەی (بەنو قورە یضە) فەرمانی دا کەس نوێژی عەسر (لای موسلم : نوێژی نیوەڕۆ) نەکات لەناوچەی (بەنو قورە یضە) نەبێت، واتە نوێژەکەیان بۆ ئەوێ هەڵگرن ، لە رێگەشدا کاتی نوێژەکە هات و هەندێك صەحابی وتیان فەرمانی پێغەمبەر(ﷺ) بەجێ دەهێنین و نوێژەکە ناکەین تا دەگەینە (بەنو قورە یضە)، ئەوانەی تریش نوێژەکەیان کردو وتیان پێغەمبەر(ﷺ) تەنها مەبەستی ئەوە بوو پەلە بکەین، پاشان کە پێغەمبەر(ﷺ) بەمەی زانی سەرزەنشتی هیچ لایەنێکیانی نەکرد (صحيح البخاري / كتاب المغازي و صحيح مسلم / كتاب الجهاد والسير).

٢- پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) زوربەی زۆری عەرەب لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە و هەندێکیشیان بەو رازی نەبوون کە زەکات بدەن،(ئەبو بەکر)یش کە بڕیاری دا شەڕیان لەگەڵدا بکات (عومەر) ووتی : چۆن شەڕ لەگەڵ کەسانێك بکەین کە وشەی (لا اله الا الله) دەڵێن ئەویش وتی : من شەڕ لەگەڵ ئەوانە دەکەم کە نوێژو زەکات لە یەك جیا دەکەنەوە، پاشان (عومەر) قەناعەتی بە راکەی (ئەبو بەکر) هێنا (صحيح مسلم / كتاب الايمان). واتە بەڵگەی (ئەبو بەکر) ئەوە بوو زەکات بەشێکە یان ئەرکێکە لە ئەرکەکانی (لا اله الا الله).

---

* گۆڤاری رابەر، ژمارە ٣٥، هاوینی ١٩٩٨، ل ٢٨-٣٣.

لەم دوو نموونەیە ـ دەیان نموونەی تریش هەن ـ دەردەکەوێ کە خیلاف و جیاوازی جاروبار رووی دەکردە صەحابییەکان ئەوانیش بۆ چارەسەر دەگەڕانەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی ژیانیدا یان بۆ قورئان و سوننەت پاش وەفاتی (بۆ نموونەی تر بڕوانە: ادب الاختلاف في الاسلام، ل ٥٠ بەدواوە).

ئەم جۆرە جیاوازییانەش هەر روویان دەدا هەرچەندە پێغەمبەر وریای کردبوونەوە لە جیاوازی، بۆ نموونە فەرموودەی (اقرؤا القرآن ما ائْتَلَفَتْ عليهِ قلوبكم فاذا اختلفتم فقوموا). (صحيح البخاري / كتاب فضائل القرآن وكتاب الاعتصام و صحيح مسلم / كتاب العلم).

واتە : تا دڵەکانتان لە سەر ئەو قورئانە رێك بێ بیخوێننەوەو ئەگەر جیاوازیتان بۆ دروست بوو لە بارەیەوە (واتە لەبارەی تەفسیرو جۆری خوێندنەوە) هەڵسن و بەجێی بێڵن. ئەمە لەگەڵ چەند فەرموودەیەکی تر، صەحابییەکانیش ئەو پەڕی هەوڵیان دەدا کە جیاوازییان بۆ دروست نەبێت و وەکو وتمان هەر کاتێك شتی وای رووی بدایە چارەسەریان دەکرد.

کەمی جیاوازیش لە نێوان صەحابییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك وەکو : سەرەتا لە یەك وڵاتدا پێکەوە دەژیان بۆیە بە ئاسانی کۆدەبوونەوە، خەلیفە لە مەسەلەکاندا پرسی پێ دەکردن ، سیاسەت ملکەچی فیقە بوو، کەمیی کێشەکانی سەردەمیان، هتد...(بڕوانە : د. مصطفى الزلمى / اختلاف الفقهاء ل، ٢٣).

جیاوازی لە سەردەمی تابعییەکاندا

(تابعی) ئەو موسڵمانەیە کە صەحابیی بینیوە، لەو سەردەمەشدا دیسان جیاوازی هەبوو، بەڵکو زیاتریش بوو چونکە لە کاتی حوکمی (عوثمان)دا صەحابییەکان بە ناو وڵاتاندا بڵاوبوونەوە (پێشتر عومەر رێی پێ نەدەدان لە دەرەوەی مەدینە نیشتەجێ بن) . لەبەر ئەوەشی هەر کۆمەڵە صەحابییەك بەشێکی علمەکەیان پێ بوو، خەڵکی ئەو وڵاتەی صەحابییەکە بۆی چووبوو ئەو بەشە علمەیان دەست کەوت ، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو جیاوازی نێوان وڵاتان بێتە کایەوە.

لە سەردەمی تابعییەکان و لە سەردەمی تابعیی تابعییەکاندا مەزهەبە فیقهییەکان پەیدا بوون و جیاوازی هەیە لە نێوان هەردوو قوتابخانەی (رأى) کە زۆر کاری بە (قیاس) دەکردو قوتابخانەی (أثر) کە زۆر تر کاری بە فەرمووده دەکرد. لە سەردەمی گەشەکردنی فیقهیشدا ژمارەی مەزهەبەکان زیادی کرد ، وتراویشە کەوا مەزهەبەکان گەشتنە پێنج سەد مەزهەب (د.مصطفى الزلمى، اسباب اختلاف الفقهاء، ل ٢٨).

لە سەدەی چوارەمی کۆچیشدا تەقلید خۆی سەپاند و ئجتیهاد کەم بووەوە تا دوایی بە تەواوی دەرگای ئجتیهاد داخرا، بەڵام جیاوازییەکە توندتر بووەوە، چونکە دەمارگیری ئەنجامێکی تەقلیدو خۆبەستنەوەیە بەیەك مەزهەبەوە، بەم شێوەیەش لە جیاتی ئەوەی جیاوازی بێتە هاندەر بۆ پێشخستنی علم جیاوازییەکە بووە هۆی دوا خستنی علم وزیادکردنی ناکۆکی.

شایەنی وتنە کە جیاوازی لەسەر ئاستێکی تری غیری فیقە و فەرموودە هەبوو ئەویش ئاستی عەقیدە، بەڵام لەکاتێکدا جیاوازیی فیقهی بەزۆری لە نێوان (أهل السنة و الجماعة) خۆیاندا بوو، دەبینین کە خیلافی عەقیدەیی لە نێوان (أهل السنة و الجماعة)لە لایەك و ئەهلی بیدعەو گومڕایی لە لایەکی تر بوو.

جیاوازییەکانی ئەمڕۆ

ئەمڕۆ و پاش سەردەمەکانی دواکەوتنی ئوممەتی ئیسلامی کۆمەڵێکی زۆری موسڵمانان روویان کردۆتەوە دینەکەی خوداو هەوڵ دەدەن علمیان دەست بکەوێ، بەڵام وە نەبێ جیاوازی بەرپا نەبووبێ لە نێوانیاندا ، بۆ نموونە:

١. جیاوازی هەیە لە نێوان کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە مەسەلەی مامەڵەکردن لەگەڵ عەلمانییەکان و لەگەڵ خەڵکی سادەدا.

٢. جیاوازی لە مەسەلەی چۆنیەتی دەستکەوتنی حوکم.

٣. جیاوازی لە حەرامێتیوحەڵاڵێتیی پێکهێنانی کۆمەڵی ئیسلامی (کاری تەنزیمی) تەنانەت لە مەسەلە فیقهییەکانیشدا جیاوازی هەیە، بۆ نموونە :

أ ـ شێخ ئەلبانی کە هەندێك لاو تەقلیدی دەکەن وای بۆ دەچێ لە مەسەلەی چوون بۆ سوجدە پەسەندترە دەست بخرێتە سەر زەوی پێش ئەژنۆ لە کاتێکدا شێخ (بن باز) پێچەوانەکەی بە پەسەند دەزانێ.

ب ـ ئەلبانی دروست کردنی خەتێك لە بەردەم نوێژکەر بە (سترە)نازانێ و فەرموودەیەك لەم بارەیەوە کە لە لای (ئەبو داوود)دا هەیە بە (ضە عیف)ی دادەنێ، لە کاتێکدا (بن باز) ئەو فەرموودەیە بە (صەحیح) دەزانێ و قسەی (أبن حجر) لەم بارەیەوە دەهێنێتەوە (الشيخ عبدالعزيز بن باز، فتاوى اسلامية، بەرگی یەکەم).

ج – هەندێك دەڵێن كە خێری قورئان خوێندن بە مردوو ناگات (بن باز ، فتاوى إسلامية ل ١٠٨)و ئەمە بە بیدعە دەزانن، لە كاتێكدا هەندێكیتر وەكو (إبن تيمية) و (إبن القيم) لە كۆنەكان ، بڕوانە : الجداول الجامعة، بەشی عەقیدە) دەڵێن كە خێرەكەی دەگات، یەكێكی تریش دەڵێت نابێ بكرێ، بەڵام ئەگەر جاروبار كردی (انكار)ی لەسەر ناكرێ (ابن جبرين، فتاوى إسلامية ل ٥٩) ئەمەش هەموو لەبارەی خوێندنی قورئانی بۆ مردوو وبێ پارە و موقابل.

مەسەلەی زۆری تریش لەسەر جیاوازیی نێوان زاناكان هەن هەرچەندە هەموویان خۆیان بە شوێنكەوتووی ڕێبازی سەلەف دەزانن و هەموویان خۆیان بە دەلیلەوە بەستۆتەوە.

ئەو شتانەی كە نابێ جیاوازییان تێدا هەبێ

كەواتە جیاوازی هەر هەیە (دوایش باسی هۆكانی دەكەین) بەڵام هەندێك شت هەن كە نابێت بە هیچ جۆرێك خیلافیان لەبارەوە هەبێ، ئەوانیش :

١. ما هو معلوم من الدين بالضرورة: واتە ئەو شتانەی كە دەبێ هەموو كەسێك بیانزانێ و كەس عوزری نییە ئەگەر لێیان بێ ئاگا بێ وەكو : ژمارەی ركعاتەكانی فەرزەكان.

٢. ئەو دەق و بەڵگانەی كە (قطعی الورود و قطعی الدلالة)ن : (قطعی الورود)یش واتە گومان لەوەدا نییە كە لەلایەن خواوە هاتبێ وەكو قورئان و لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتبێ وەك فەرموودەی (موتەواتر). (قطعی الدلالة)یش ئەوەیە دەقەكە تەنها یەك واتا هەڵدەگرێت و ڕێ نییە بۆ ئەوەی واتایەكی تری پێ ببەخشرێ وەكو : ئایەتی (و أقيموا الصلاة و آتوا الزكاة)... هتد.

٣. ئەو مەسەلانەی ئیجماعی موجتەهیدان و زانایانی موسڵمانانیان لەسەر بێ وەكو ئیجماع لەسەر دانانی ئیمام و پێشەوا بۆ پاراستنی ئایین.. هتد. (بۆ ئەم سێ مەسەلەیە بڕوانە : محمد على عجلان، مالا يجوز الخلاف فيه بين المسلمين ل (١٣- ١٧)).

واش بە چاك دەزانین بە كورتی قسەی (إبن تيميه)بهێنینەوە لە بارەی جۆرەكانی ئختلاف، (أقتضاء الصراط المستقيم ل ٣٦ بە دواوە).
شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمییە دەڵێ : ئەو ئختلافەی كە خوا لە قورئاندا باسی كردووە دوو جۆرە : لە یەكەمیاندا خوا هەردوو كۆمەڵەكە زەم دەكات وەك دەفەرمووێ : ﴿ولا يزالون مختلفين ، إلا من رحم ربك﴾(هود : ١١٨ – ١١٩) دووەمیشیان ئەوەیە كە ستایشی یەكێك لە دوو كۆمەڵەكەی كردووە ئەوانیش ئیماندارەكان و زەمی كۆمەڵەكەی تری كردووە : ﴿و لكن أختلفوا فمنهم من آمن و منهم من كفر﴾(البقره:٢٥٣).

لەبارەی ئەو ئختلافەش كە نابێ ببێتە جێگەی ئاژاوە دەڵێ : جۆرەكانی ئختلاف دوانن : (جیاوازیی هەمە جۆری ــ اختلاف التنوع) و (جیاوازیی دژایەتی ــ اختلاف تضاد)جۆری یەكەمیشیان چەند ڕوویەكی هەیە، یەكێك لەوانە ئەوەیە كە هەردوو قسەكە یان كردارەكە ڕاستن وەكو (قِراءات)ی قورئان، واتە ئەو چەند جۆرە خوێندنەوەی هەندێك پیت و وشەی قورئان – پێغەمبەریش بەو دوو صحابییەی (كە بە دوو شێوەی جیاواز ئایەتەكانیان خوێند بووەوە) فەرموو : هەردووكتان باشتان كردووە، واتە هەردووكیان ڕاست بوون .

جۆرێكی تر ئەوەیە كە واتای هەر یەكێك لە دوو قسەكە لەوەی تری دەچێ، بەڵام وشەكانیان جیاوازن.جۆرێكی تر ئەوەیە كە دوو واتاكە دوو شتن بەڵام دژ بە یەك نین.

جۆرێكی تریش ئەوەیە دوو ڕێگای ڕەوا هەن و كابرایەك یان كۆمەڵێك یەكێكیان دەگرێتە بەرو ئەوانی تر ڕێگاكەی تر هەڵدەبژێرن و هەردووكیشیان باشن.

جۆری (جیاوازیی دژایەتی) یش ئەوەیە دوو قسەی دژ بە یەكن، مەسەلەكەش لێرەدا خراپترە، بەڵام زۆر جار نەختێك هەق لە قسە ناهەقەكەدا هەیە یان خاوەنەكەی بەڵگەیەكی بەدەستەوەیە، بەڵام خاوەنی قسە هەقەكە ئەم نەختە هەقەش ڕەت دەكاتەوە، پاشان ئیبنو تەیمییە دەڵێ :

لە جۆری (جیاوازیی هەمە جۆری)دا هەریەكێك لەسەر هەقە بەڵام زەم كردنەكە ڕوو دەكاتە ئەو كەسەی تەعەدا لەوی تر بكات، (لێرەدا قسەكانی شێخی ئیسلام بە كورتی تەواو بوون).

ئەم تێكەیشتنەشە وای لە زانایانی گەورەی ئیسلام كرد بڵێن (بۆ چوونەكەم *ڕاستە، بەڵام ڕێی تێ دەچێ هەڵە بێ و بۆچوونی بەرامبەرەكەشم هەڵەیە بەڵام ڕێی تێ دەچێ ڕاست بێ)*، هەروەها ئەمە بوو وای لێكردن (هەرچەندە جیاوازییان لە نێوان یەكتردا هەبووە) ڕەحمەت بۆ یەكتر بنێرن و قەدری یەكتر بزانن و چاوپۆشی لە هەڵەی یەكتر بكەن.

هۆكانی جیاوازی

هۆی زۆر هەن بۆ جیاوازی لەنێوان زاناكاندا :

١- هەندێك وشە دوو واتای هەیە كە هەردووكیان راستەقینەن (حقیقی) وەكو (قُرء) كە هەردوو (حیض) و پاكبوونەوە لە (حیض) دەگرێتەوە، هەندێك زانا واتای یەكەمیان وەردەگرن و هەندێكی تر واتای دووەم.

٢- هەندێك وشە هەن واتایەكی راستەقینە و واتایەكی مەجازییان هەیە ،بۆ نموونە كە دەڵێیت : (شێرێكم بینیوە) دوو واتا بۆ ئەم قسەیە هەیە ، یەكەمیان شێرێكی راستەقینەت بینیوەو دووەمیان : پیاوێكی ئازا وەكو شێر .

٣- وشەی تر هەن كە لە زمانی عەرەبیدا واتایەكیان هەیە، بەڵام لە شەرعدا واتایەكی تر دەبەخشن.

٤-ئایا حوكمە (عام)ەكانی قورئان دەكرێن بە (خاص) بەهۆی فەرموودەی(احاد)ەوە؟

٥- وشەیەك لە شوێنێكدا بە (مطلق)ی دێت بەڵام لە شوێنێكی تردا بە (مقید)... ئایا موقەییدەكە بەسەر موطلە قەكەدا دەسەپێنرێ ؟

٦- (مفهوم المخالفة) هەیە ـ كە چەند جۆرێكە ـ وكە هەندێك زانا كاری پێ ناكەن و هەندێكی تر وەریدەگرن ، ئەمانەش لە نێوان خۆیاندا لەبارەی هەندێك جۆریەوە ناڕێكن لە وەرگرتن یان وەرنەگرتنیان. نموونەیەك لەسەر جۆرێكی (مفهوم المخالفه) ئەو فەرموودەیەی باسی زەكاتدان لەو ئاژەڵەی لە دەشتودەر دەلەوەڕێ دەكات . بە رەچاوكردنی فەرموودەكەو بە وەرگرتنی (مفهوم) دەبێت ئەو ئاژەڵەی ئالیكخۆر زەكاتی نەكەوێ.

٧- ئایا كار بە فەموودەی (موڕسەل) دەكرێت ؟ئەی مەرجەكانی كارپێكردنی چین ؟ جیاوازی لەم بارەیەشەوە هەیە. فەرموودەی (موڕسەل) ئەوەیە كە تابعی (تابعیش كەسێكە پێغەمبەر (ﷺ)ی نەبینیوە بەڵام صەحابیی بینیوە) ناوی صەحابییەكە نالێ، بەڵكو یەكسەر دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ (لە بارەی پێناسەی مورسەلیش دیسان خیلافێكی كۆن هەیە).

٨- دەلیلەكە گەشتووە بە دەستی زانایەك و نەگەیشتۆتە دەستی زانایەكی تر.

٩- زاناكە بەڵگەكەی لەیاد دەچێ وەك چۆن (عومەر) فەرموودەیەكی لەبارەی (تەیەمموم)ەوە لە یاد چووبوو و (عەممار كوڕی یاسر) خستییەوە یادی (بەڵام هەر بیری نەكەوتەوە).

١٠- جیاوازی لە وەسف و چۆنێتیی (ئیجماع).

١١- كار كردن یان كار نەكردن بە (قیاس) و (استحسان) و(المصالح المرسلة) و (استصحاب)...هتد كە ئەمانە سەرچاوەی سەرەكی نین بۆ حوكمە شەرعییەكان.

ئەمانە - زۆر بە كورتی - بەشێكن لە هۆكانی جیاوازی (بڕوانە بەش یەكەمی كتێبی هاشم جمیل، مسائل في الفقة المقارن، بەرگی یەكەم، هەروەها كتێبەكەی د. مصطفى الزلمي لەمانەش كورتتر؛ كتێبی طه جابر، أدب الاختلاف في الاسلام، هەروەها كتێبەكەی ابن تيمية، رفع الملام عن الأئمة الاعلام).

ئەگەر بێت و هەموو هۆكانی جیاوازی بزانین ئەو كاتە دەزانین ئاستی زانستیی دەمارگیرەكان چەند نزمە ، هەروەها دەزانین هەژاریی زانستیی ئەو كەسانە چەندە كە وا دەزانن علم هەمووی لای زاناكانی خۆیاندا كۆبووەتەوە ، ئەمەش تەنها ئەمانە ناگرێتەوە كە شوێن كەوتووی یەكێك لە مەزهەبەكانن و دەمارگیرن بۆی ،بەڵكو ئەوانەش دەگرێتەوە كە تەقلیدی زانا نوێكان دەكەن ، بۆ نموونە زۆر كەس (چونكە بێ ئاگان لە زانای ترو بێ ئاگان لە علم بە گشتی) دڵیان ئاو ناخواتەوە تا شێخ ئەلبانی بە فەرموودەیەك نەڵێ (صەحیح)ە یان (ضە عیف)ە بەمەرجێك رەخنەی زۆر و هەڵەی زۆر لە ئەلبانی گیراوە (بۆ نموونە بڕوانە :حبيب الرحمن الاعظمي : الالباني:شذوذه و أخطاءه هەروەها حسن بن على السقاف، تناقضات الالباني الواضحات)، هەتا ئەگەر (ابن حجر)یش ئەو فەرموودەیە بە (صەحیح) بزانێ ،ئەو قوتابییانە قەناعەت ناكەن تا نەزانن ئەلبانی چی دەڵێ بەمەرجێك جیاوازیی نێوان ئەلبانی و (ابن حجر) وەكو جیاوازیی نێوان زەوی و ئاسمانە، ئەوەش بێگومان بێ ئەوەی لە قەدری علمی ئەلبانی كەم بكەینەوە.

ڕەوشتی جیاوازی (أدب الاختلاف)

ئەگەر مەبەست لە علم وەرگرتن و بلاوكردنەوەی پاداشتی خودا بیٚ ئەوا رەفتارو رەوشت لە كاتی جیاوازیدا دەگاتە ئاستیٚكی بەرز، لەڕاستیشدا ئەوەی هەندیٚك كتیٚب دەخویٚنیٚتەوە قسەی ناشرینیان زۆر تیٚدا دەبینیٚ، ئیٚمەش نالیٚین كە علمی ئەو كەسانە بۆ خودا نییە، چونكە ئەمە شتیٚكە خودا خۆی دەیزانیٚ بەلام دەلیٚین كەوا لەو موناقەشانەدا بەشیٚكی نەفسیان تیٚدا هەیە، بۆ نموونە هەلەی زۆر لە ئەلبانی گیراوە، بەلام رەخنەكان قسەی ناشیاویان تیٚدایە وەكو قسەی (حبيب الرحمن الاعظمي) لە (الالباني.. شذوذه و أخطاؤه) یان قسەكانی (حسن بن علي السقاف) لە (تناقضات الالباني الواضحات)، ئەلبانیش وەك كاردانەوە قسەی خۆی وتووە. واش بزانین كەوا ئەو هیٚرشە لە سەر ئەلبانی لەبەر ئەوەیە لە (السلسلة الضعيفة)یدا بە ئەدەبەوە باسی ئیمام ئەبو حەنیفەی كردووە كە راستگۆیە، بەلام قسەی هەندیٚك كەسی هیٚناوەتەوە كە ئەبو حەنیفە توانای لەبەركردنی كەمە بۆیە لە فەرموودەدا (ضه عيف)ە ئەوانەش كە قسەیان بە ئەلبانی وتووە لە سەر مەزهەبی ئەبو حەنیفەن، بەلگەش لەسەر ئەوە قسە وتن بە (ئیبنو حەزم) و (دارقوطني) چونكە بە قسەی (حبيب الرحمن) دوژمنی ئەبو حەنیفەن، بەلام هەموو زاناكانیش وا نین ، بۆنموونە كابرایەك لەگەل كۆمەلیٚكی ئیسلامی كاری دەكردو دوایی كە وازی لیٚ هیٚنان بە نووسین داوای لە (ابن باز) كرد فەتوا دەربكا كە ئەمانە بیدعەچین ئەویش بەوە وەلامی دایەوە بە نامەكەی دلخۆش نەبووە ، چونكە ئەم ریٚگایە تیٚكدەرەو ئامۆژگاریی دەكات كە لەگەل موسلماناندا نەرم بیٚت.. هتد. (بڕوانە : عبد الرحمن بن عبد الخالق، الرد الوجيز، ل ٣٠ بە دواوە) ، هەروەها (بن باز) ئامۆژگاریی ئەو كەسانە دەكات كە قسە بە بانگخوازان دەلیٚن، لە بارەی جیاوازیشەوە دەلیٚ كەوا ئەگەر مەسەلەكە ریٚی (اجتهاد)ی تیٚدا بوو خاوەنی ئیجتهادەكە هیچی لە سەر نییە، ئەگەر یەكیٚكیش موخالەفەی كرد با بە شیٚوەیەكی باش بیٚت و بیٚ هیٚرش بردنەسەرو بیٚ بریندارکردن یان قسەی زیادەی ناپیٚویست ....هتد. (سەرچاوەی سەرەوە ل ٤٨).

لە راستیشدا قسەی توندو تیژو ناشیاو لەناو كۆنەكانیشدا هەروا هەبووە، بەلام زانا بەرزەكان تەنها ئەو قسانەیان بەو كەسانە وتووە كە شایەنی بن ئەویش بە مەبەستی (جەرح) واتە پلەی راستگۆیی یان لەبەركردنی فەرموودە. لیٚرەشدا بە كورتی هەندیٚك نموونە لەسەر رەوشتی بەرزی زاناكان بەرامبەر یەكتر دەهیٚنینەوەوكەمیٚك باسی ئەوە دەكەین كە چۆن دەیانڕوانییە یەكتر:

١. باسمان كردبوو كە جیاوازیو رەخنەی زۆر لە نیٚوان قوتابخانەی (رأی)و قوتابخانەی (أثر)دا هەبوو بەلام كەس لە شویٚنكەوتوانی دوو قوتابخانەكە لە سنوورەكانی رەوشتی جیاوازی دەرنەچووبوو ، نە یەكتریان بە فاسق یان داهیٚنەری (مونكەر) زانی و نە كەسیان حاشای لەوی تر دەكرد (أدب الاختلاف ل ٨٣).

٢. ئیمام (لە یث كوری سە عد)ئیمام (مالك)ی بینیو ئەویش وەسفی ئیمام ئەبو حەنیفەی بۆ كرد كە (فقیە)ە واتە زانایە پاشان ئەبو حەنیفەی بینی ئەویش ووتی : كەسم نەبینیوە لە مالك خیٚراتر لە وەلامی راستگۆ و رەخنەی تەواو (هەمان سەرچاوە ل١٥٢) واتە مەدحی یەكتریان كردووە.

٣. لە ئیمام ئەحمەدیان پرسی : ئەگەر یەكیٚك بیەویٚ فەرموودەی تەنها كەسیٚكی دیاریكراو لەبەر بكات، هی كیٚ لەبەر بكات ؟ ئەویش ووتی : با فەرموودەكانی مالك لەبەر بكات (هەمان سەرچاوە ،ل ١٢٧).

٤. ئیمام شافیعیش دەلیٚ : مالك مامۆستای منە و لەوەوە علمم وەرگرتووە، ئەگەر باسی زاناكانیش كرا ئەوا مالك لە ناویاندا ئەستیٚرەیە (هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٧).

٥. قسەیەكی ناوداری شافعیش هەیە لەبارەی ئەبو حەنیفەوە ئەویش : الناس في الفقه عيال على أبي حنيفة، واتە خەلكی لە فیقهدا موحتاجی ئەبو حەنیفەن.

٦. (یەحیا كوری سەعیدی قە ططان) كە زانایەكی پایە بەرزی فەرموودە بوو دەیوت : من دوعا بۆ شافیعی دەكەم هەتا لە نویٚژەكانیشمدا (سەرچاوەی سەرەوە ،ل١٣٠).

٧. (ئیسحاق كوری راهەوەیە) كە شیٚخی بوخاری و موسلمە دەلیٚ : رۆژیٚكیان (ئەحمەد كوری حەنبەل) م بینی وتی : وەرە پیاویٚكت پیشان بدەم كە چاوەكانت كەسی وای نەبینیوە... ئینجا (شافعی)ی پیٚشان دام ... (سەرچاوەی سەرەوە، ل١٣٢).

٨. له مەزهەبی ئیمام ئەحمەد ئەوە هەیە کە دەست نوێژ لە لووت بڕان دەشۆرێتەوە، یەکێکیش لێی پرسی ئەگەر خوێن لە ئیمامەکەوە دەرچێت و دەست نوێژ نەگرێتەوە نوێژ لە دوایدا بکەم ؟ ئیمام ئەحمەدیش وتی : من چۆن نوێژ لە دوای ئیمام مالك و سعید کوڕی المسیب ناکەم ؟ (سەرچاوەی سەرەوە ل ١١٦ –١١٧). ئەم دوانەش لایان وابوو کە خوێن دەست نوێژ ناشکێنێت.

٩. (تەهانەوی) لە نوێکان بەراوردی لە نێوان (إبن تیمیە)و (الطَحّاوی)دا دەکات و وشەیەك لە هەقی ئیبنو تەیمییە بەکار دەهێنێ کە لە هندستاندا باوەو واتای سووکایەتی نابەخشێ ئەویش : ئیبنو تەیمییە نابێ بە خۆڵی نەعلەکانی(طَحّاوي). شێخ (عبدالفتاح ئەبو غودده) ش نامەی لەم بارەیەوە بۆ دەنێرێ ئەویش وەڵامی دەداتەوە کە بە برادەرێکی وتبوو ئەم وشەیە بکوژێنێتەوەو بنووسن کە نووسەرەکە لەم قسەیە پەشیمانەو داوای لێخۆش بوون لە خودا دەکات لەم بێ ئەدەبییەرامبەر ئیمامەکانی ئیسلام کە شێی ئیسلام ئیبنو تەیمییە یەکێکیانە رەحمەتی خودای لێ بێت...هتد. (قواعد علوم الحدیث، ل ٤٤١–٤٤٢). پاش ئەوەش هەر خۆی وشەکە بۆ خۆی بەکار دەهێنێ کاتێك رەخنە لە قسەیەکی (ابن قیم الجوزیة) ـ قوتابیی ئیبنو تەیمییە ـ دەگرێ. (تەهانەوی) پاش ر ەخنەکە دەڵێت : مەبەستم لەم قسانە تەنها بەر پەچدانەوەی (ابن القیم)نەبووە رەحمەتی خودای لێ بێت چونکە ئەو بەرێزترو گەورەترە لەوەی یەکێکی وەکو ئێمە قسەی لە بارەوە بکات، چونکە ئەگەر ئێمە ببینە خۆڵی نەعلەکانی (ابن القیم) ئەمە پایەمان بەرزتر دەکاتەوە.....هتد. (سەرچاوەی سەرەوە ل ٤٦٠–٤٦١) هەرچەندە (ابن تیمیە) و قوتابییەکەی(حەنبەلی)ن و (تەهانەوی) لەسەر مەزهەبی ئیبنو حەنیفەیە.

چەند رێنمونییەك هەیە لە رەوشتی جیاوازیدا کە لێرەدا تەنها باسی هەندێکیان دەکەین :

١– پاراستنی زمان : لە کاتی رەخنە لە هەر بۆ چوونێك مرۆڤ خۆی لە توندو تیژی و هەڵەکانی زمان بپارێزێ، مەبەستیشمان زیاتر ڕەخنە لە موسڵمانە ئەگینا ملهوڕەکانی ناو بێ باوەڕەکان پێویستیان بە شێوازێکی توندو تیژی رەخنەیە، ئایەتە مەککییەکانی قورئان و زۆر لە ئایەتە مەدەنییەکان بەڵگەن لەسەر رەخنەی توندو تیژ لە بێباوەڕە ملهوڕەکان. لەسەر ئاستی موسڵماناندا زمانی هێمن و زمانی پاك زۆر پێویستە، چونکە مەسەلە خیلافییەکان ئسلوبی پێچەوانە هەڵناگرن جگە لەوەی کە مەبەست لە رەخنەو دەربڕینی بۆچوون ئاشکرا کردنی هەقە،پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێ (ئایا خەڵك کە بەسەر دەموچاودا لەناو جەهەنەمدا دەخرێن بەهۆی دروێنەی زمانی خۆیان نییە ؟) (أحمد و ترمذي وابن ماجة، ریوایەتیان کردووەو بەهۆی هەموو (طریق) ەکانی صەحیحە، ریاض الصالحین بتحقیق شعیب الارناؤوط ١٢/ ١٥٢٢).

خوای گەورەش بەر لەوە دەفەرمووێ :﴿ قل لعبادي يقول التي هي أحسن إن الشيطانَ ينزغُ بينَهُم﴾(الاسراء :٥٣)، واتە بڵێ بە بەندەکانم ئەو شتە بڵێن کە باشترو جوانترە، چونکە شەیتان بەینیان تێك دەدات.

٢– کلیلێکی تێگەیشتن لە جیاوازیی شەرعی ئەو فەرموودەیەیە کە دەفەرمووێ:(ئەگەر حاکم ئجتیهادی کردو راستی کرد لای خودادا دوو پاداشتی هەیەو ئەگەرئجتیهادی کردو هەڵەی کرد یەك پاداشتی دەست دەکەوێت) (صحیح البخاری ـ کتاب الاعتصام، صحیح مسلم ـ کتاب الاقضیة). بەم شێوەیە ئەگەر موسڵمانێك کە ئەهلی ئیجتیهادە لە مسەلەیەکدا توانای خۆی لە ئیجتیهادێکدا سەرف کردو هەڵەی کرد لای خودا گوناهبار نییە، بەڵکو پاداشتی هەیە بۆیە دەبێ ئێمە رێزی لێ بگرین چ جای ئەوەی ئەگەر بۆچوونەکەی لەو جۆرەیە کە (ابن تیمیە) باسی کردووە کە هەڵە نییەو بۆ چوونی بەرامبەرەکەشی دیسان هەڵە نییە.

جیاوازیی بۆچوون و تۆقاندنی فیکری

تۆقاندنی فیکری شتێکی نوێ نییە، لە ئیسلامیشدا لەبەر ئەوەی مەسەلە خیلافییەکان ژمارەیەکی زۆرن زانایان — وەك ووتمان —بەرامبەر یەکتر سنگ فراوانییان دەنواند ، بەلام لە ڕۆژانی داخستنی دەرگای ئیجتیهادەوە خەڵك خۆیان بە مەزهەبەکانەوە بەستەوەو کەمێکیان نەبێ لە مەزهەبەکە لایان نەدا هەتا ئەگەر دەلیلێکی راستیش لە سەر هەڵەی رایەکی دیاریکراوی ئەو مەزهەبە هەبووبێ. شتێکی ئاساییشە کە لە کەشوهەوایەکی وەهادا دەمارگیری تەشەنە بکات، هەروەها شتێکی ئاسایی یە تۆقاندنی فیکری سەر هەڵبدات. موسڵمانان لەم تۆقاندنە فیکرییە دوور بوون ئەگەر لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەراووردیان بکەین و کە لەوێدا حاڵ گەیشتە ئەوەی کە نەیارە ئاینییەکان بە کۆمەڵ لەناو ببرێن و ژمارەیەکی زۆریان بسووتێنرێن وەك چۆن لە فەڕەنسادا ـ ئەمەش تەنها نموونەیەکە ـ لە یەك قەسابخانەدا لە ساڵی (١٥٧٢) دا دە هەزار پرۆتستانت مەزهەب لە پیاوو منداڵ و ئافرەت لەناو بران.

زانا گەورەکانی ئیسلام لە تۆقاندنی فیکری و مەزهەبی دوور بوون، ئەوەتا ئەبو حەنیفە دەڵێ : (ئەوەی ئێمە لەسەرین ـ واتە راکانی ـ ران و کەسیان لەسەر ئیجبار ناکەین و ناڵێین کە دەبێ هەموو کەسێك بە ناچارییەوە پێیان رازی بێت ، هەر کەسێکیش شتێکی باشتری هەیە با بیهێنێت) (أدب الاختلاف، ل ٧٥)، یان ئیمام مالك کە سێ خەلیفەی عەبباسی داوایان لێ کرد کتێبەکەی (الموطأ)ی بۆ بڵاوبکەنەوە بە ناو جیهانی ئیسلامیداو بەسەر موسڵماناندا بیسەپێنن بەڵام ئەو رازی نەبوو، چونکە بە وتەی خۆی خەڵکی وڵاتانی تر بەشی خۆیان لە علم هەیەو نابێ بەزۆر داوایان لێ بکرێ واز لەو علمەی لایانە بهێنن .

رووداوە خراپەکانیش تەنها لە نێوان ئەو کەسانەدا بوو کە کوێرانە تەقلیدیان دەکرد، هەروەها (بەڵام بە رادەیەکی گەورەترو خراپتر، ئەمەش بۆ خۆی یاسایەکی گشتییە) لە نێوان ئەو کەسانەدا بوو کە شوێنی ئارەزوو کەوتبوون وەك بەشێك لە موعتەزیلە کە فتنەیەکیان لە بارەی مەسەلەی (خلق القران)ەوە بەرپا کردبوو و کە دەبوایە هەموو زانایەك قسەی ئەوانی بکردایەو بیوتایە کە قورئان خەلق کراوە (واتە وەکومەخلوقاتی تر دروست کراوە) ئەگینا دووچاری سجن و ئازاردان دەبوو ، یان خەوارج (کە یەکێك لە بیروڕاکانیان ئەوە بوو ئەو کەسەی گوناهی گەورە دەکات کافرە) ئیرهابێکی فیکرییان بەرپا کرد بەوەی ئەو کەسانەیان بە کافر دەزانی کە لەسەر بیروباوەڕەکەی ئەوان نەبوون و تەنانەت هەندێکیان دەیانوت کەوا ئەو کەسەی بیروبۆچوونی ئەوانی هەبێ بەڵام لەگەڵ ئەواندا چەك هەڵنەگرێ کافرە.یان ئەو موقەللیدە نەزانانەی کە بۆ چەند مەسەلەیەکی فیقهی و عەقیدەیی دوژمنایەتیی (إبن تیمیە)یان دەکرد و چەند جارێك دەگیرا تا دوایی لە بەندیخانەدا وەفاتی کرد، یەکێکیش لەو مەسەلانە شتێك بوو کە بە هەموو عەقڵێك شایەنی ئەوە نییە هەرای لەسەر بکرێت ئەویش فەتوای ئبنو تەیمییەیە بۆ ئەو کەسەی سوێند بە تەڵاق بخوات تەڵاقی ناکەوێت بەڵکو تەنها کەفارەتی سوێندەکەی دەدات، دیاریشە هەراکە هی کەسانی نەزان و بێئیشە بە تایبەتی لەو سەردەمەی کە لادانی زۆری وا لە ئیسلامدا هەبوون کە شایەنی ئەوە بوون هەرایان لەسەر بکرێت نەك هەرا بۆ مەسەلەی خیلافی بکرێت.

کەواتە تەنها ئارەزووپەرستان و ئەوانەی بەڕادەیەکی کەم یان زۆر لە ئیسلام لایان داوە وا تووشی دەمارگیری دەبوون و ئسلوبی تۆقاندنیان بەکار هێنابوو، لەبەر ئەوەپێویستە مرۆڤ وریای خۆیبێ‌و لەسەر مەسەلە خیلافییەکان زۆرەملێ لە کەس نەکات. سنگ فراوانی بەردی بناغەی رەوشتی خیلافە و کەشوهەوایەکی پاك بۆ گەشەسەندنی علم دەسازێنێ‌و گەرانەوەی سەردەمی زێڕینی ژیارەی ئیسلامی نزیك دەخاتەوە ، هەروەها چیتر تواناکان نافەوتێن و بە شتی لاوەکی و بە دەمارگیری بۆ ئەم شتە لاوەکییانە ریزی موسڵمانان ناشێوێنرێت.

لە کۆتاییدا قسەی ئەو زانایانە دەهێنینەوە کە دەڵێن کەسێك نابێتە زانا تا شارەزای مەسەلە خیلافییەکان نەبێ.

لە راستیشدا یەکەمین پلەی قوتابی ئەوەیە شارەزای یەك مەزهەب یان بۆچوون بێ و ئەگەر لەم پلەیەدا بمێنێتەوە هەر بە قوتابێتی دەمێنێتەوە و ناگاتە پلەی زانایان. بە هەمان شێوەش و لە بواری کاری ئیسلامیدا دەمارگیری بۆ مەسەلەیەکی خیلافی مرۆڤ لە ریزی قوتابییەکاندا دەهێڵێتەوەو ئەگەر رەحم و بەزەیی خواشی لێ دوور بێ لەوانەیە هەروەها ببێتە قوتابییەك بۆ ئاژاوەو فیتنە.

سەرچاوەکان

١. صحيح البخاري.

٢. صحيح مسلم.

٣. الدكتور طه جابر، أدب الأختلاف في الاسلام، الطبعة الرابعة ١٤١٣ – ١٩٩٢.

٤. الدكتور هاشم جميل عبدالله مسائل من الفقة المقارن،، القسم الاول، جامعة بغداد، ١٩٨٩.

٥. الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي، أسباب إختلاف الفقهاء في الأحكام الشرعية، رسالة دكتوراه بغداد، ١٣٩٦– ١٩٧٦.

٦. ظفر أحمد العثمانى التهانوى، قواعد في علوم الحديث، تحقيق و تعليق عبدالفتاح أبو غدة، بيروت – الطبعة الثالثة ١٣٩٢ – ١٩٧٢.

٧. حبيب الرحمان الأعظمى، الألباني شذوذه أخطاؤه، الجزء الثانى، الطبعة الأولى، الكويت ١٤٠٤ –١٩٨٤.

٨. حسن بن على السقاف، تناقضات الألبانى الواضحات، الجزء الأول و الثانى ١٤١٢ – ١٩٩٢.

٩. عبدالرحمن بن عبد الخالق، الرد الوجيز على الشيخ ربيع بن هادى المدخلى ١٤١٦ – ١٩٩٦.

١٠. أبن تيمية، رفع الملام عن الأئمة الأعلام، الطبعة الرابعة، بيروت ١٣٩٢.

١١. إبن تيمية إقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أصحاب الجحيم دارالفكر سنة؟
١٢. محمد على عجلان، مالايجوز الخلاف فيه بين المسلمين، جامعة الإيمان، صنعاء، ١٤١٥ – ١٩٩٥.
١٣. بن باز و العثيمين و عبدالله بن جبرين، اللجنة الدائمة، فتاوى اسلامية، الجزء الأول ، سنة ؟
١٤. الجداول الجامعة في العلوم النافعة، قسم العقيدة.

ڕەشماڵ

لەسەردەمی شارە مەزنەکاندا(*)

کێشەی دواکەوتوویی و بێ هێزی و پاشکۆیەتی کوردستان هی ئەمڕۆ نییە بەڵکو کێشەی بەردەوامی چوار پێنج هەزارساڵە، لە کاتێکشدا خەڵك دەوڵەت و شاری گەورەی خۆیان هەبوو خەڵکی کوردستان خاوەنی ڕەشماڵ بوون، ڕەشماڵی سیاسیو عەسکەری و زانستی.

ئەم وڵاتە تەنانەت لە سەردەمی قەومە کۆنەکانیشدا(واتە بەرلە پەیدابوونی کورد) وای را کێشاوە کوردستان چوار یان پێنج هەزار ساڵە وەزعێتی، بەدەگمەنیش ئەگەر لەو یاسا کۆنە خۆی دەربازبکردایە.

ئەمە باسێکی قەومی نییە، فیکرەی قەومی خۆی هۆکارێکیسەرەکیی کێشەکەیە، ئەوساش لە جیاتی فیکرەی قەومی خێڵەکایەتی و ئیقلیمگەری هەبوو، ئەمڕۆش فیکرەی قەومی چۆتە جێگایان بەڵام کرۆکی مەسەلەکە وەکو خۆیەتی، فیکرەی قەومی خێڵەکایەتییە و فووی پیاکراوە، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە خێڵەکایەتی یە ئەسڵییە کە ئەمڕۆ زیندوو بووەتەوە،ئەم جارە لە بەرگی خێڵە سیاسییەکاندا واتە حیزبەکان.

ڕووەکانی دواکەوتن کە لێرەدا باسیان دەکەین گەلانی تریش دەگرنەوە بەڵام وەکو قیر بەکوردستانەوە نووساون و وا دیارە یەخەی بەرنادەن.

وەکو تیشمان ئەمە باسێکی قەومی نی یە بەڵام ئەوە هەیە کە مرۆڤ کاتێك بیەوێ کار بکات لە هەوادا کار ناکات بەڵکو لەسەر زەوی، زەویش لە حاڵەتی ئێستاماندا کوردستانە.

ئیفلاسی بزوتنەوەی قەومی ئاشکرا بووە، ئیسلامیش وەك هیوا دەمێنێتەوە بەڵام بزوتنەوە ئیسلامی یەکان کێشەی خۆیان هەیە کە هەندێك لەو کێشانە وەکو هی بزوتنەوە قەومی یەکانە بۆ ئەوەش کە نەگبەتی یەکە بەردەوام نەبێ و کاری ئیسلامی یەکان نەبێتە لاپەڕەکەیەکی تری تۆ مارەکانی فەشەلی کوردستان ئەم باسە دەخەینە ڕوو ئەگەر کەس هەبێ گوێ بگرێ... لەوەش گرنگتر ئەگەر کەس هەبێ کاری پێ بکات.

با سەکەمان تەرکیز دەکاتە سەر ئامادەکردنی(عدة) واتە خۆ بە هێز کردن لەڕووی سیاسی و علمی و عەسکەری... و دروستکردی نەوعیەتێکی پلە یەك کە هەقی لاوازی ئابووری و بەشەری و تەکنەلۆجی..بکاتەوە. بابەتی تەقواو خواناسیش مەسەلەیەکی ترەو باسێکی تری پێویستە.

ڕەنگە بوترێ : موسڵمانانی سەردەمی پێغەمبەرایەتی و سەرەتای خیلافەت لە چاو دوژمنەکانیان دا بێ هێز بوون ، بەڵێ ڕاستە ئەوان لەڕووی ئابووری و بەشەری یەوە لاواز بوون بەڵام نەوعیەتەکەیان باشتر بوو، ئەمەش چەند بەڵگەیە کە :

عەرەب وا فێربوون بە شێوەی(کەڕو فەڕ) شەڕ بکەن واتە هێرش دەبەن و ئەگەر دوژمن خۆ ڕاگر بوایە دەگەڕانەوە دواوە و هێزەکانیان کۆ دەکردەوە و جارێکی تر هێرشیان دەبرد، بەڵام موسڵمانان لە یەکەم شەڕی گەورەدا(شەڕی بەدر) بەشێوەی ڕیز(الصف) یان نیزامی هێڵەکی(النظام الخطي) شەڕیان کرد ،واتە ریز ریز کە ئەمەش شێوەیەکی شەڕکردنی سوپا نیزامییە کان بوو، ڕاستە شێوەیەکی کۆن بوو، بەڵام پێشکەتوو تر بوو لە هی عەرەبەکان، ئالێرەدا کەمی چەك و چەکدار پڕ کرایەوە، بەڵگەیەکی ترئەوەیە کە عەرەب بەش بەش بوون بەڵام موسڵمانان یەك بوون و یەك سەرکردەیان هەبوو، عەرەب ژمارەیەك خێڵ بوون موسڵمانانیش دەوڵەتێك بوون وکە ئیدارەو(تنظیم)ی خۆیان هەبوو.

لەسەرەتای خیلافەتیشدا ئەم دەوڵەتە نوێ یە بەرامبەر دوو دەوڵەتی کۆنی فارس و ڕۆم وەستا کە لە ئیدارەو(تنظیم)دا کۆن و خاوەن خیبرە بوون بەڵام خۆ موسڵمانان ئەساسەکەیان هەر هەبوو، ئەو ئەساسەی کە پێغەمبەر(ﷺ) دایمەزراند بوو.

با ئیتر نەختێك لەبارەی ڕووەکانی دواکەوتنمان بدوێین و بەزانست دەست پێ بکەین....

(*) گۆڤاری(ڕابەر) ژمارە(٣٥) ساڵی حەوتەم هاوین ١٩٩٨ز- ١٤١٩ ك، ل٢٠-٢٥.

یەکەم : زانست

ئەمە شتێکە وەك خۆر روون و دیارە دواکەوتنەکە لە کۆنەوە هەبوە و ئێستاش بەردەوامە ،جا ناکرێ هەموو لایەنێکی زانستی باس بکەین بۆ یە تەنها چەند نموونەیەك وەردەگرین :

ئەگەر باسی کۆن بکەین دەڵێین کەوا نووسین لەناو گەلانی کۆنی کوردستاندا زۆر کەم بووە، بەشێوەیەکی گشتیش پادشایانی کۆن فەرمانی نووسینی رووداوەکانیان دەدا بەڵام کەمێك لە پادشایانی کوردستان(یاخود پادشایانی گەلانی کوردستان) ئەمەیان دەکرد ،کە دەشیان کرد زۆربەی شتەکان لاسایی کردن بوون، بەخەتی مێخی(مسماری) شتیان دەنووسی چونکە خەتی خۆیان نەبوو، بەزمانی ئەکە دی دەیان نووسی چونکە ببو بەزمانێکی جیهانی بۆ نووسین ،وێنەو کلێشەو قسەکانیش دیسان لاسایی کردن بوو، زۆر کەم ئەگەر بەزمانی خۆماڵی شت بنووسرایە، لەو رەشماڵە کۆنەدا ئیبداعت نەدەبینی.

دوایش لە کاتی فارس ورۆمدا حاڵ هەر وامایەوە، لەسەردەمی حوکمڕانی ئیسلامیشدا نووسین و خوێندنەوە بە رادەیەکی زۆر گەورەتر بڵاوبووەوە بەڵام هێشتا زۆر کەمتر بوو لەچاو وڵاتانی تری موسڵمانان، قەد ناشتوانین کوردستان بەراورد بکەین لەگەڵ شارە گەورەکانی زانست وەکو نیسابورو بوخارا و مەرو و بەغدا.. چونکە جیاوازی‌یەکە وەکو نێوان زەوی و ئاسمانە.. باشە خۆ بەشێکی هەرە زۆری زاناکان عەرەب نەبوون،ئیتر بۆچی لێرەشدا جێ پەنجەی‌کوردستان لاواز بوو ؟

ئەوسا وڵاتانی موسڵمان پڕی بوو لەزانا، ئێستاش دیارە زاناکان چەند کەمن وبەشی کوردستانیش هەمیشە و بەردەوام بەشە کەمەکەیە، با نەختێکیش باسی زانا و زانستی ئەوسابکەین.

ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ(حافظ)کابرایەکی کوێرە کە مەعیشەتی لە سەر قورئان خوێندنەوەیە و هەموو قورئانی لەبەرە بەڵام(حافظ)ی زەمانی زوو ئەو کەسە بوو کە ناوو حاڵی زۆر لەو کەسانەی دەزانی کە فەرموودەیان ڕیوایەت کردبوو(کەدەیان هەزار کەس بوون) و هەزاران فەرموودەیان لە بەر بوو، هەشبوو لەوان بەتواناتر و(أمیر المؤمنین في الحدیث)ی پێ دەوترا وەك ئیمام احمد کە بەدەستی خۆی یەك ملیۆن فەرموودەی نوسیبوو و لەبەری بوو، کەسێکیش وەکو(ابو زرعة الرازي)(٦٠٠) هەزار فەرموودەی لەبەر بوو[1]. زاناکانیش لێهاتووبوون لەبابەتی خۆیاندا ئەوەتا(ابن کثیر) باسی(المزی) ی شێخی خۆی دەکات کە چۆن فەرموودەی بۆ دەخوێنرا ئەویش دەینووسی یەوە و جارو بار چاوی گەرم دەبووو خەو دەیبردەوە بەڵام کاتێك ئەو کەسەی شتی دەخوێندەوە هەڵەی دەکرد بۆی ڕاست دەکردەوە.

زانا هەبووە هەزاران کتێبی دەخوێندو دەیان و سەدانی دەنووسی، هەر بۆ نموونەش دەڵێین کەوا تەنها یەك کتێبی(ابن کثیر) کە تەفسیری قورئانە دەکاتە نزیکی(٦٠) کتێبی(١٠٠) لاپەڕەیی، کتێبەکانی تریشی چوارو پێنج ئەوەندەن... کەچی ئێمە وامان لێهاتوە بەزەحمەتێکی زۆر دەوە و تاریك دەنووسین.

لەوەش خراپتر ئەوەیە کەسانێك هەن لە کوردستاندا لەجیاتی نووسین و وەرگێڕانی کتێب بایەخ بەشکڵ دەدەن هەموو زانست و هونەرەکەیان بڵاو کردنەوەیی نووسینی کوردییە بە پیتی لاتینی بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کەوا ڕۆشنبیرییە شەق و شڕەکەی کوردستان بەم کارە دەیان ساڵ دەگەڕێتە دواوە چونکە ئەگەر هەوڵەکەیان سەر بگرێ ئەوا لەوکاتەدا پێویستە سەر لەنوێ خەڵکی فێری نووسین بکرێت، ئەمجارە بەلاتینی ئینجا پێویستە هەموو کتێبەکانی قوتابخانەکان لە چاپ بدرێنەوە ... هەر بەلاتینی ئینجا پێویستە چ کتێبێکی بە نرخ کە بە پیتی عەرەبی دەرچوو بوو لە چاپ بدرێنەوە.. دیسان بەلاتینی... بەم جۆرەش لەپێناوی شکڵێك دەیان ساڵ لە شوێنی خۆماندا بوەستین... لەڕاستیدا مەسەلە هەرشکڵ نی یە بەڵکو رقێکە لە پیتی عەرەبی چونکە بۆنی ئیسلامی پێوەیە هەروەها نەخشەیەکی ڕۆژئاوایە بۆ کۆیلەکردنی ڕۆشنبیری و دوایی تر بۆ دابڕاندنمان لە گەلانی تری موسڵمان.

کەسانی تریشمان هەیە لە جۆری تر... ئەمانەی تر کاتێك لەبارەی فیکرەیەکی ڕۆژئاوایی دەدوێن و زاراوە قەڵەوەکان دەجوونەوە دەیانبینی وەکو میزەڵدان هەوایان تێ دەچێت و هەست دەکەی دڵیان بە خۆیان خۆشە... بەڵا م ئەم کەسانە نازانن کەوا ئەوەی کاوێژی دەکەن بنکری فیکری ڕۆژئاوایە و هی دەیان ساڵ لەمەوبەرەو تازە بەدەستیان دەگات. هەروەها نازانن کەوا ئەمەی دەیکەن بەڵگەی نابووتی و هەژاریی ڕۆشنبیری خۆیانەو چۆك دادانە بەرامبەر ژیاری ڕۆژئاوا... ئەگینا پێمان بڵێن کام کورد تیۆرێکی کۆمەڵناسی یان دەروون ناسی یان هەچ بوارێکی فیکری تری دامەزراندوە ؟ یان کام کورد شتێکی زیاد کردووە

بۆئەم فیكرانە یاخود وەك زانایانمان دەڵێن بۆتە(مجتهد في المذهب) ؟ تەماشای رەشماڵە بكە دەبینی چەندین نەفەر دەمیان دەجولێ و كاوێژ دەكەن.

باسی بایەخی زانستیش لە كوردستاندا بكەین ئەوا شتێكی شاراوە دەرناخەین ئەگەر بڵێین كەوا زانست بایەخی نی یە و لایەنی ماددی پێوانەی ژمارە یەكە.. لە ئەمەشدا كورد لەگەڵ هەموو وولاتانی دنیادا یەك دەگرێتەوە بەڵام رەنگە تەنها لە كوردستان لە بەر مەبەستی حیزبی مامۆستای زانكۆ ئەوەندە بێ رێز بێ كاتێك دەستگیر دەكرێ دەخرێتە ناو سندووقی سەیارەو ببرێ بۆ بارەگا.

لەلاییەكی تریشەوە رێكخراوەكانی دەرەوە قورەكەمان بۆ خەست دەكەنەوە و لە جیاتی بڵاوكردنەوەی رۆشنبیری مەڵبەندی بەتاڵی و كات بردنە سەر دەكەنەوە و لە جیاتی بڵاو كردنەوەی كتێبی بە سوود ئەو(ئنجیل)ەی كە خۆیان كاری پێناكەن بڵاو دەكەنەوە تا فێرمان بكەن كە خۆمان كاری پێ بكەین و سبەینێ ئەگەر زللەیەكیان لێ داین لە سەر رووومەتی راستمان رووومەتی چەپیان بۆ وەر چەرخێنن... ئینجا دەوڵەتە گەورەكانیش دەبینین كە بە چەك و فێڵ بڕیارەكانیان لەرێ ی(U N)ەوە ئامادەیە بۆ سەر كوت كردنی هەموو ترو سكایەكی پێشكەوتنی زانستی و تەكنەلۆجی كە لە هەر وولاتێك دەر بكەوێ.. بەڵێ ! خۆمان حاڵمان زۆر جوان بوو بەبێ ئەوان وا ئەمڕۆ ئەوانیشمان بۆزیاد بوو.

جا لەكۆتایی دا با ئەوەش بڵێین كەوا لەناو ئێمەی ئیسلامیدا كەسانێك هەن نەختێك زانستی شەرعیان دەست كەوتووە و دڵیان پێ ی خۆشە ئێمەش دەڵێین : سەرێك لەو رەشماڵە دەربكەن و بزانە چۆن لەسەر لێواری دەریاكەن... علمەكان زۆر فراونن و ئێمەش هێشتا لەسەرەتادان و لە رەشماڵی(تەقلید)دەرنەچووین.

لێرەدا و بۆ چارەسەر كردن روو دەكەینە كۆمەڵە ئیسلامی‌یەكان بە تەنیا و دەڵێین كەوا دوو لایەن هەیە بۆ چارەسەر كردنی كێشەی زانستی و رۆشنبیری :

١. لەلایەن كۆمەڵە ئیسلامی‌یەكان :دەبێ هانی ئەندامان بدەن بۆ جێبەجێ كردنی لێكۆڵینەوە بۆ نموونە ژمارەیەك كەس بە لایەنی فیكرە رۆژئاوایی‌یەكان تەرخان بكەن هەریەكێكیان بۆ فیكرەیەكی دیاری كراو، كۆمەڵێكی تر خەریكی لێكۆڵینەوە لە بارەی وولاتە گرنگەكان، كۆمەڵێك بۆ زانستە شەرعی‌یەكان... هتد. ئەم لێكۆڵینەوانەش ئەگەر بڵاویشنەكرێنەوە دەتوانرێ لە ئاستی كۆمەڵە ئیسلامی‌یەكە بڵاوبكرێنەوە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانیاری ئەندامانی.

٢. لایەنی تاكە كەسەكان : دەبێ هەر فەردێك بۆ خۆی هەوڵ بدات زانیاری خۆی زیاد بكات و ئەوە بخاتە مێشكی خۆی كەلە بوایێكدا شارەزایی پەیدا بكات.

دووەم : سیاسەت و ئیدارە

ئاشكرایە كە سیاسەتی كوردستانی ئەمڕۆ سیاسەتی پاشكۆیەتی‌یە، كۆنیش هەروا بووە، لە بەشی زۆری مێژووی كوردستاندا خەڵكی كوردستان پاشكۆی دەوڵەتەكان بوون، ئەو دەوڵەتانەی كە خاوەنی ئیدارە و سوپای نیزامی بوون بەڵام خەڵكی كوردستان عەشائیری لێیان دەخورێ ئەنجامیش شكستە جۆراوجۆرەكان بوون، سەیریشە چۆن لە هەموو بارێكدا كوردستان شكستی هێناوە ئەگەر پاشكۆ بوو‌بێت فەشەلی كردووە و ئەگەر دژی پاشكۆیەتی شەڕی كرد بێ هەر فەشەلی هێناوە بەجۆرێك دەتوانین مێژووی كوردستان بە مێژووی فەشەل و شكست هێنان ناو بنێین، هۆكەش بەڕای ئێمە نەبوونی سیاسەت و ئیدارە و سوپای نیزامی بوو، هەروەها پەرتەوازەیی و یەك نەبوون.

با لاپەڕەكانی مێژوو هەڵ بدەینەوە.. زیاتر لە چوار هەزار ساڵ بەر لە ئێستا گوتی‌یەكان لە كوردستانەوە بەسەر ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا دابارین و داگیریان كرد بەڵام بزانە پاشاكانیان چەند حوكمیان دەكرد، یەكێك ساڵێك یەكێكی تر دوان، یەكێكی تر سێ ساڵ، لە هەموویان زیاتر یەكێك بوو پانزە ساڵ حوكمی كرد دوایی كوڕی خۆی هات وتەنها چل رۆژ حوكمی كردو سومەرییەكان توانیان دەریان بكەن، ئەم ماوە كەمانەی حوكم كردن نیشانەی پشێوی‌یە، دوای چوار سەد ساڵیش كابرایەك نامەیەك بۆ برادەری خۆی دەنووسێت(كە فەرمان ڕەوای ناوچەی رانیە و پیاوی ئاشوورییەكان بوو)و دەڵێ : پادشا زۆرەكانی لوللوم(=لوللو) كە بوونەتە دوژمنت(٣)....هتد، دوای هەزار ساڵیش و هەر لەو ناوچەیەدا پادشایەكی ئاشووری باسی ئەو گەلە دەكات كە چۆن هەموو پادشاكانیان یەكیان گرت و(بڕوایان كرد بە لەشكرە گەورەكەیان)[٤]، بەڵام ئەنجام شكستی ئەو پادشایانە و وێران بوونی وولاتەكەیان و داگیركردنی و پادشاكانیش ناچار بوون خۆیان تەسلیمی پادشای ئاشووربكەن.

لە باکووریشدا لە ناوچەی دەوروبەری دەریاچەی(وان)دا(٢٣)پادشای وولاتی نائیری لە سالی(١١١٣) پێش زاینی دژی پادشای ئاشوور شەڕیان کرد[٥](بڕوانە یەك پادشای ئاشوور و ژمارەیەکی زۆری پادشایانی بەشێکی کوردستان) پێش ئەوەش بە(١٥٠)ساڵ پادشایەکی تر دەڵێ کەوا بەسەر چل پادشای ئەو وولاتە سەرکەوت[٦].

ئینجا ئەمارەتە زۆرەکانی کوردستان و شەڕی نێوانیان و شۆڕشە زۆرە سەرنەکەوتووەکانی کورد : ئەوانەن(شێخ عبیدالله)و(شێخ سەعیدی پیران)و(سید رضا)و(قازی محمد) تا دەگەینە(١٩٧٥)و هەرەسێکی کتوپڕی بە هۆی یەك بڕیارەوە پاشان تێکشکانی حیزبە کوردیەکان سالی(١٩٨٨)... وا ئێستاش خەڵکی کوردستانی عێراق چاوەڕێی هەرەسێکی ترن.

وەك ووتمان هۆکان ئەمانەن : نەبوونی سیاسەت و ئیدارە و سوپایەکی نیزامی و پەرتەوازەیی و یەك نەبوونی... واش دەزانین کەوا هۆکارە سەرەکەیەکە هۆکاری جوگرافییە... کوردستانیش وەك ولاتێکی شاخاوی جیایی نێوان بەشەکانی دروست بووە و هەر ناوچەیەك بووەتە ولاتێك بۆ خۆی، لەوەشەوە هەستی ئیقلیم گەری پەیدا بووە و زۆر زەحمەتیش بووە ئەم هەموو ناوچە شاخاوییانە بخرێنە ژێر یەك دەسەلات، ئەمڕۆش هەر وای لێ هاتووە.. دوو ئەمارەت لە یەك بەشی کوردستاندا دروست بوون، ئیتر نازانین ئەگەر شاخەکانی کوردستان نەبوونایە کورد دەفەوتا یان دەبووە وولاتێکی یەکگرتوو؟

باسی پەرتەوازەییمان کرد.. جا لە وولاتێکی پەرتەوازەدا پێویست بە نیزام و ئیدارەی نیزامی ناکات بەڵکو بەسە مرۆڤەکان عەشائیریانە لێی بخوڕن، هەروەها لەشکری عەشایەری بەسە و پێویست بە لەشکری نیزامی کات، دەولەتی (ماد)یش نمونەی دەگمەنە ئەویش زۆری نەخایاند.

ئەمڕۆ ڕۆژی دەولەتی یەکگرتووی مەرکەزییە، کاری ڕۆژئاواش لە کوردستاندا ئاسانە، ڕۆژئاوا دەیەوێت وولاتان بکاتە وورده وولات و پارچەی زۆریان لێ دروست بکات و لە هەمان کاتدا دەولەتی گەورەی خۆی دابمەزرێنێ، کوردستانیش کە فێری یەك دەولەت نەبوو کاری ڕۆژئاوا ئاسان دەکات.

بە کورتی : جوگرافیای کوردستان وەکو خۆیەتی و کاری خۆی دەکات لە پەرتەوازە کردنی پارچەکان مەگەر تەکنەلۆجیا و کردنەوەی ڕێگاوبان... هتد، نەختێك لەم شتە کەم بکاتەوە، پەرتەوازەییەکە هەیە، هەڵە کۆنەکان بەسەر کەوتوویی دووبارە دەکرێنەوە، پاشکۆیەتی هەیە و بازاڕی گەرمە بۆ کڕیار و فرۆشیار، دەسەلاتدارانیش حەز ناکەن وابێ چونکە کەس حەز ناکات ئاغای هەبێت بەلام ناتوانن وانەکەن لەبەر ئەوەی بە دەست ئەوان نییە، لەوەش خراپتر گێلێتیی سیاسی لە ناو کورددا بلاو دەکەنەوە کاتێك کە دەبنە دەهۆلێکی ڕۆژئاوا و ڕاستییەکان لە خەڵکی دەشێوێنن.

سێیەم : لایەنی عەسکەری

لە ناو جیهانی لەشکرە قەبەکاندا کوردستان چی بۆ کراوە ؟ کورد قەت حەزی لە(ضبط)و(نظام)نەبووە لەوەش دەچێ گەلانی پێش کوردیش هەروا بووبن، کاری ئەمڕۆش دروست کردنی لەشکرێکە کە خوشویستنی(ضبط و نظام) لە ناو دڵی ئەندامانی دا بچێنی و پاشان ئەم خۆشویستنە نەقل بکرێ بۆ هەموو خەڵکەکە.

ئالێرەدا خوێندنەوەی مێژوو سوودێکی گەورەی هەیە، لە شکری ئاشووری توانی چەندین دەولەت و گەل تێك بشکێنێ. لە شکرێکینیزامییمەشق پێکراوی خاوەن(ضبط و ربط)بوو، لە شکری ڕۆمایش هەر بەم جۆرە بوو، بڕوانە کەلەشکری قرطاجە(کارتاگ) لە باکوری ئەفریقیا توانی لە چەند شەڕێکدا بەسەر ڕۆمادا سەربەکەوێ و تەنانەت خاکی ئیتالیا داگیر بکات(ڕۆما) نەبێ، ئەمانەش هەموو بەلێهاتووی سەرکردەکەی واتە(هانیبال)بەلام چونکە بازرگانەکان قرتاجەیان حوکم دەکرد و لەشکرەکەی لەشکری بەکرێگیراو(مرتزقە)بوو وولاتەکە لە کۆتاییدا بەرامبەر ڕۆما بەزی و داویی تر لە ناو برا، لەشکری ڕۆماش بریتیبوو لە خەڵکی وولاتەکە کە خزمەتیدەکرد، لەشکری دەزگا(مؤسسة) بوو نەك تاکە کەس.

لە مێژووی نوێشدا دەزگای عەسکەری لەشکری ئەلمانی دروست کرد. خەلك وادەزانێ کە ئەلمانیەکان لە سروشتی خۆیان مرۆڤی عەسکەرین[٧] بەلام لە ڕاستیدا نموونە هەن کە بەر لە سەد ساڵ لە ئەمریکادا ئەوانەی کە بەڕەچەڵەك ئەلمانی بوون، نموونەی سەربازی خراپ و پەڕپووت بوون[٨]، ئەلمانییەکانی هیچ شتێکی جیاوازیان نەبوو لە گەلانیتر بەلام بە هۆی چاك خوازە عەسکەریەکانی وەك شارنهۆرست(١٧٥٥ – ١٨١٣) و گنایزناو(١٧٦٠ – ١٨٣١) و ئەفسەری تر و پاش شکستی پڕوسیا(کە گەورەترین ئەمارەتی ئەلمانی بوو پێش یەکبوون)بەرامبەر ناپلیۆن... توانرا بناغەی سوپایەکی بەهێز دابمەزرێنرێ و دەستەی ئەرکانی گشتی(هیئة الأرکان العامة)توانی باشترین سوپا دروست بکات[٩].

عەقید(دوپوی)ش دەڵێ کەوا ئەم کەسانە(بە تایبەتی یەکەمیان)هەوڵیان دا کە لێهاتوویی و سەرکەوتوویی عەسکەری بخنە چوار چێوەی دەزگایەک... سەرکەوتنی پروسیا و دوایی تریش سەرکەوتنی ئەڵمانیای یەکگرتوو بەرهەمی دەزگا عەسکەرییەکە بوو، لە ڕاستیشدا دوو شکستی ئەڵمانیا لە دوو جەنگی گەورەی جیهان لە ڕوویەکەوە نیوە سەرکەوتن بوون چونکە لە یەکەمیاندا ئەڵمانیا لە مەیدانی شەڕدا شکستی نەهێنا بەڵکو بەهۆی پیلانی جوولەکەو کۆمۆنیستەکان بوو،لە دووەمیشیاندا ئەڵمانیا دژی هەموو جیهان شەڕی کرد.

نموونەیەکی سەرکەوتوویی سوپای ئەڵمانی ئەوەیە کەکەفائەتی سەربازە ئەڵمانییەکان ساڵی ١٩٤٣ -١٩٤٤(٢٠٪ – ٣٠٪) لە هی بەریتانی و ئەمریکییەکان زیاتر بوو واتە(١٠٠) سەربازی ئەڵمانی بەرامبەر(١٢٠ – ١٣٠) بەریتانی و ئەمریکی بوون(ئەمەش بەمەرجێك ئەڵمانەکان لە ١٩٤٤ دا شکستیان هێنا) بەرامبەر بریندار بوون یان کوژرانی دوو ئەڵمانی سێ سەربازی ئەوان هەبوو، ئەمەش لە هەموو حاڵەتەکاندا، لە کاتی هێرشی ئەڵمانەکان و لە کاتی دیفاع کردنیان لەو کاتەی ژمارەیان زۆرتر بوون و لەو کاتەی دوژمنەکان زۆرتربوون... لەو کاتەی لە ئاسماندا زاڵ بوون و لە و کاتەی وانەبوون، لەو کاتەی سەرکەوتوو بوون و لەو کاتەی ژێر کەوتووبوون[١٠].

بەرهەمی(إنضباط)ی ئەڵمانیش ئەوەیە کەلە کاتی دۆڕاندنیان لەشکرەکەیان نەڕووخاو(إنضباط)ەکەیان هەر مابوو هەتا لەو کاتەش کە خۆیان بە دەستەوە دەدا[١١].

کە فائەتی سەربازە ئەڵمانەکان لەو کاتەوە کە چاکسازی دەستی پێکرد هەر لە بەرزبوونەوەدا بوو، ئەوە بوو بەر لە چاکسازییەکان ناپلیۆن پروسیای داگیر کرد، بەڵام پاش حەفتا ساڵ پروسیا فەرەنسای داگیر کرد و لە پاریسدا ئەڵمانیای یەکگرتوو ڕاگەیانرا.

لە ڕاستدا بەشی گەورەی ئازایەتی و لێهاتوویی لە شەڕدا بریتییە لە(خۆڕاگرتن)جا هەر لەم بارەیەوە نموونەی گاڵی یەکان(فەرەنسایییە کۆنەکان) هەیە کەگەلێکی ئازا بوون، بەڵام زۆربەی کات بەرامبەر لەشکری(ڕۆما)دا دەشکان چونکە ڕۆمایییەکان خۆڕاگر بوون و هەندێك جار لەشەڕدا سەرکردەکانیان دەکوژران بەڵام ئەوان نەك هەر خۆڕاگر دەبوون بەڵکو سەریش دەکەوتن، ئەمە لە کاتێك دا گاڵییەکان تەنها بەدڵ گەرمییەوە شەڕییان دەکرد و کاتێك شەڕەکەیان درێژەی دەخایاند سارد دەبوونەوەو دەشکان، هۆیەکی ئەمە و خۆڕاگری ڕۆمایییەکانیش بەڕای ئێمە(ضبط و نظام)ی سوپای ڕۆمایە.

کوردیش و ئەو گەلانەی پێش کوردیش لە کوردستاندا هەبوون شەڕکەری ئازا بوون بەڵام خێرێکی وایان لەم ئازایەتییە نەدیبوو چونکە ئازایەتی فەردی بوو، لە کاتێکدا سوپا پێویستی بە شتێکە لەمە زیاتر، ڕەنگە نەبوونی(ضبط و نظام) لە ناو کورددا هۆی ئەو هەستە خراپەمان بێ کاتێك وێنەیچەکداری کورد لە ڕۆژنامەکانی دەرەوەدا دەبینین دەڵێین : ئەگەر خۆمان کورد نەبووینایە دەمانووت : تەماشاکە چەند دواکەوتوو و دڕندەن.... بە کورتی ئەوەی کە وێنەی چەکداری کورد دەبینی(إنطباع)ێکی باشی بۆ دروست نابێ... لەو بڕوایەشداین کەوا ئەو(ضبط و نظام)ە ئەگەر لە ناو کورددا بچێنرێ ئەوا دەبێتە گەلێکی عەسکەری پلە یەك... بەڵام دەبێ کێ بەمە هەستێ ؟

لە کۆتاییشدا دەڵێین : بە عەسکەری کردنی کورد پێویستییەکی گەورەیە بۆ ڕەواندنی میراتی چوار یان پێنج هەزار ساڵ بۆ زاڵ بوون بەسەر جوگرافیای کوردستان کەبۆتە هۆی پەیدا بوونی هەستی خێڵەکایەتی و واقیعی پەرتەوازەیی و ژیانی دوور لە(نظام).

با ئاوڕیش نەدەین لەو کەسانەی کە بە قسەی هەندێك ڕۆژئاوایی هەڵخەڵەتاون و فەلسەفیانە و خەیاڵیانە بیرکردنەوەو ڕەخنە لە عەسکەریەت دەگرن چونکە ئەمانە حەزیان لە ژیانێکی شل و نەرمە و ئەگەر شوێنی خەیاڵەکەیان بکەوین کە دەڵێن :(جیهانێکی بێ چەك و بێ شەڕ و پڕ لە ئاشتیمان دەوێ) ئەو کاتە خۆمان بەرەو تیاچوون و مل کەچی دەبەین. پێشیان دەڵێین : دەوڵەتە گەورەکان ئەم جۆرە بانگەوازانە بڵاو دەکەنەوە ئێوەش دەیجوونەوە، بەڵام ئەو دەوڵەتانە هەر خۆیانن کە خۆیان پڕ چەك دەکەن، عەسکەریەت هەر دەمێنێ بتانەوێ یان نەتانەوێ بەڵام ئەو کاتە و بەپێی فەلسەفە و خەیاڵەکانی ئێوە عەسکەریەتێکی دواکەوتوومان دەبێ.

با ئەو ڕاستییە بزانین کەوا مەرج نییە دڕندێتی بەرهەمی عەسکەریەت بێ چونکە ئەگەر تەقالیدی عەسکەری ڕەچاو بکرێن کاری پیاوەتی و سوار چاکی(فروسیە)دێتە کایەوە.

نموونەش هەیە لەسەر ئەوە یەکێك لەوانە ئەوەیە کەلە کاتی شەڕدا دژی ناپلیۆن(ولنگتۆن)ی بەریتانی رازی نەبوو تۆپ بگرێتە ناپلیۆن هەر چەندە نزیك بوو لێی و دەیتوانی ئەمە بکات چونکە بە ڕاستی نەدەزانی کە جەنراڵەکان تەقە لە یەکتر بکەن[١٢]. هەروەها جەنراڵ لاتور ماربۆرگی فەرەنسی لە ئیسپانیادا(ساڵی ١٨١١) و پاش ئاگر بەست (هدنە)نامەیەکی نارد بۆ فەرماندەی تۆپخانەی بەریتانی(کە بەر لە نەختێك لە حاڵەتی شەڕدا بوو لەگەڵیدا)و ستایشی دەکرد بۆ لێهاتوویی[١٣]. لە ساڵی(١٩١٤)شدا ئەفسەرێکی بەریتانی دەمە تەقێی کردبوو لەگەڵ پزیشکێکی ئەڵمانی کە بەدیل گیرابوو.

ئەم جۆرە رەفتارانە دوایی بە هەوادا چوون و لە ساڵی(١٩٤١) دا ئەفسەرێکی بەریتانی سەرزەنشت کرا چونکە جەنەڕاڵێکی ئەڵمانی دیلی دەعوەتی خواردن کردبوو پێش ئەوەی بخرێتە بەندیخانەی دیلەکان[١٤].

ئەمانە و نموونەی زۆری تر بەرهەمی تەقالیدی عەسکەری کە ڕێز لە کاری عەسکەری دەگرن لە کاتێکدا سیاسی‌یەکان زۆر جار بایەخیان بەم مەسەلەیە نەداوەو زۆر جار بڕیاری وایان دەردەکرد کە لە چالاکی‌یە عەسکەری‌یەکان دڕندەتر بوون. لە کاتێکیشدا ئەفسەرەکان بایەخیان دەدایە شەرەفی عەسکەری و شتی لەم بابەتە سیاسی‌یەکان زۆر بە ئاشکرایی پەیمانی خۆیانیان دەشکاند.

کۆتایی

زۆر ماوە بیڵێن چونکە ڕووەکانی دواکەوتن زۆرن بەڵام تەنها ئەوە دەڵێین : نەهێشتنی میراتی چوار یان پێنج هەزار ساڵ پێویستی بە شۆڕشە، کەسیش لەم وەزعەی ئێستادا چاوەڕێی شتێکی باش ناکات، بەڵام هیوایەك بە بزووتنەوەی ئیسلامی‌یەکان هەیە، ئەوانیش دەبێت سوود لەم دەرسانە وەربگرن و دەست بەکاربن.

پەراوێزو سەرچاوە

١. إبن رجب الحنبلي، شرح علل الترمذي، تحقيق و تعليق السيد صبحى جاسم الحميد، بغداد، ١٣٩٦ هـ، ص ١٨٢ و ١٩٢.

٢. إبن كثير، الباعث الحثيث... تعليق أحمد شاكر، ص ١١٥ – ١١٦.

3. J. Laessoe,The Shemshara Tablets....Copenhagen, 1959,p. 84.

4. A.K.Grayson، Assyrian Royal Inscriptions,2, 1976,p. 128.

5. D. D. Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia ,1, 1926, S241.

6. A.K. Grayson, Assyrian... 1,1972,S714.

٧. بڕوانە : العقيد ت. ن. دوپوى، عباقرة الحرب، الجيش و الاركان العامة في المانيا ١٨٠٧ – ١٩٤٥، ترجمة حسن حسن، الطبعة الثانية ١٩٨٤، ص ١٤.

٨. هەمان سەرچاوە، ل١٩ – ٢٠.

٩. بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە هەروەها : بسام العسلى، فون مولتكه،س بيروت، ١٩٨١، ل٣٦. بەدواوە.

١٠. عباقرة الحرب ل٩ + ٣٦٠، هەروەها خشتەکانی کۆتایی کتێبەکە.

١١. شيلفورد بيدويل، الحرب الحديثة، ترجمة المقدم مصطفى درويش، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت ١٩٨٥، ص ١٤٦.

١٢. هەمان سەرچاوە. ل ٣٩.

١٣. هەمان سەرچاوە. ل ٤١.

١٤. هەمان سەرچاوە. ل ٦٤

عەلمانیەتی نامۆ

کاری ئاین لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگە*

قسەیەکی زۆر بیستراوە کەوا عەلمانیەت لە رۆژهەڵاتدا نامۆیە، دوورە لە ئاین و بیروباوەڕو مێژوو و تەقالیدی رۆژهەڵات... ئەمە راستە بەڵام لەوە راستتر و لەوە زیاتر ئەوەیە کە عەلمانیەت لە مێژوو نامۆیە، لە مرۆڤ دوورە، عەلمانیەت تەنانەت لە خودی خۆشی نامۆیە.

لای عەلمانیەت جێگەی ئایین پەراوێزەکانە بەڵام راستی شتێکی ترە : ئاین کاری هەبووەو هەر دەیمێنێت .ئایین شتێکی ئەساسیە لە پێك هاتنی مرۆڤ.

لەم باسەشماندا و هەچەندە دەمانەوێت ئەم راستیە بسەلمێنین بەڵام خۆ مان لە دوو هەڵە دوور دەخەینەوە :

یەکەم:- نامانەوێت بڵێین کەوا ئایین هۆی هەموو رووداوێکە یان بنیاتنەری هەموو قۆناغێکی مێژوویی یە یان بزوێنەری هەموو سەردەمێکە. ئەگەر شتی وا بڵێین هەمان هەڵەی رۆژ ئاواییەکان دووبارە دەکەینەوە کەلەناو گێژاوی گومڕایی یەکاندا هەموو شتەکانیان دەگەڕاندەوە بۆ یەك بنەما : ئابووری، ئەخلاقی، جنسی،...هتد. ئەمڕۆ بۆ ئەوان ئاشکرا بووە ئەم بۆ چوونە چەند سادەو زێدە رۆیە.

دووەم :- هەروەها ناشمانەوێت بڵێین کەوا ئایین کاردەکاتە سەر دەوڵەت و کۆمەڵگە بەبێ ئەوەی ئەمان کاری تێ بکەن.

قسەیەکی هەڵەیە تەنها بڵێین ئایین دەوڵەتی دروست کرد یان بڵێین ئایین کۆمەڵگەی پێك هێنا یان سیفەتە تایبەتەکانی پێ بە خشی، ئەمە راستە بەڵام هەروەها راستیشە کەوا کۆمەڵگە خۆی سەدان و هەزار ئایینی زەمینی هێنایە بوون، بەمەی زانیبێت یان نا. کۆمەڵگە بەسەر کەوتوویی سەدان ئایینی دەستکاری کردووە و شتی بۆ زیاد کردوون، شتی لێ کەم کردوون، رەوتەکەی گۆڕیون. دیسان دەوڵەتیش هەوڵی تاك تاکی خۆی داوە بۆ دروست کردنی ئایین و هەوڵی زیاتری داوە برەو بە فلانە ئایین بدات ئیتر ئەگەر لەم هەوڵەی دا سەر کەوتوو بوو بێت یان ژێر کەوتوو..

پاش خۆپاراستنیش لەم دوو هەڵەیە دەپرسین : کەواتە چی بۆ ئایین دەمێنێتەوە ؟ جێگەی ئاین لە کۆمەڵگەو لای دەوڵەت چی یە ؟ با خراپترین حاڵەت وەربگرین : با بڵێین کەوا کۆمەڵگە یاخود دەوڵەت داهێنەری هەموو ئایینێکن.. لێرەدا دەوری ئایین بەزەقی دیارە، ئەگەر ئایین گرنگ نەبێت، ئەگەر ئایین دەوری نەبێت ،ئایین سەر هەڵنادات و دروست ناکرێت. حاڵەتێکی دیکە وەردەگرین، دەوڵەت دەست دەخاتە کارو باری ئایین. دیسان ئەمە بەڵگەیە لە سەردەوری ئایین... یان حاڵەتی پشت گوێ خستنی هەموو ئاینێك کە ئەمە نیشانەی بوونی ئایینێکی ترە، واتە ئاینێکی عەلمانی کە ئەو ئایینانەی پشت گوێ خستوە.

بەم شێوەیە بەرکەنار کردنی ئایین خۆ گێل کردنە لە سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگە، ئایین هەبووەو هەر دەمینێت، کاری خۆی هەبووەو لە دەستی نادات، ئیتر ئەگەر ئەو ئایینە ئایینێکە بە پێ ی پێناسەی باوو رەسمی یان ئایینێکی عەلمانی بێت..

ئەنجامی دوایەمین ئەوەیە عەلمانیەت نامۆیە لە سروشتی مرۆڤ، لە کۆمەڵگە، لە حوکم، لە مێژوو. دەمێنێتەوە بزانین چۆن عەلمانیەت نامۆیە لە خودی خۆی.

عەلمانیەت لە مەڕ ئایینەدا وەکو بێ لایەن خۆی پیشان دەدات

عەلمانیەت بێ لایەنە بە رامبەر ئایینەکان و وەکو یەك تەماشایان دەکات.. ئەمە چی دەگەیەنێت ؟ ئەنجامێك دەگەیەنێت کە عەلمانیەکان لێ ی بێ ئاگان. عەلمانیەت بەم جۆرە خۆی دەخاتە ((سەرووی ئایینەکان))، عەلمانیەت بەم جۆرە بیرو باوەڕێکی تایبەتە کە بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە.. واتە ئایینێکە بەڵام ئایینێکە لە سەرووی ئایینەکانەوە.. لەوان بەرزترو گەورەترە.

* گۆڤاری ڕابەر، ژمارە ٣٦، ساڵی حەوتەم، پایزی ١٩٩٨، ل٢٧-٣٢.

ئالێرەدا رەخنە دەست پێ دەکات : چۆن عەلمانەییەت بەئایین دەزانرێت ؟ کوا مەلاو قەشەو مزگەوت و کەنیسەکانی ؟ کوا ئەو (دۆگما) یانەی کە قابیلی گۆڕین و لابردن نین؟

رەخنەیەکی سادەیەو بێ ئاگایە لە مێژوو، تەنانەت لە جەوهەری عەلمانیەتیش تێ نەگەیشتووە.

ئێمە نالێین بەڵکو مێژوو و زانستی (ناسینی ئایین) دەڵێت کە ئایینی وا هەبووەو هەیە خاوەن پەرستگا نی یە، بۆنموونە (تۆتەمیەت) پەرستگای نی یە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ئایینانە زۆرن کەمەلاو قەشەو کاهینیان نی یە. ئەو (دۆگما) یانەش کە قابیلی گۆڕین نین ئەو بنەمایانەن کە سەرجەم عەلمانیەت لە سەریاندا راوەستاوە.

عەلمانیەت ئەگەر رێگا بدات بە نەمان یان دەستکاری کردنی ئەو بنەمایانە چیتر وەکو عەلمانیەت نامێنێتەوە و پێویستە ناوێکی تری لێ بنرێت.. ئەمە عەلمانیەت بەگشتی، لە خوار ئەویشەوە ئایینە عەلمانییە جۆرا جۆرەکان هەن کە هەر یەکێکیان ژمارەیەك (دۆگما)ی هەیە. سۆشیالیزم هەیەتی، باڵی مارکسیی سۆشیالیزم هەیەتی، دیموکراسی هەیەتی.... تاد.

دۆگمایی عەلمانیەت هەر لەسەرەتاوە هەیە. ئەم سەرەتایەش پێناسەی عەلمانیەتە. پێناسەکە ئەوەیە کە ئایین و دەوڵەت لە یەکتر جیا بکرێنەوە، ئایین دەست نەخاتە کاروباری دەوڵەت و دەوڵەت دەست نەخاتە کاروباری ئایین.. جائایا ئەگەر ئەم پێناسەیە لابەرین و بیکەینە شتێکی تر بیرو باوەڕێکی ترمان دەست ناکەوێت ؟ کەواتە دەبێت پێناسەکە بمێنێتەوە.. ئەمەیە دۆگماو ئەمەیە ئایین.

مێژوو ناس و بیرکەرەوەی بەریتانی (تۆینبی) باس لە پەرستنی عەلمانییەکان دەکات. لەو پەرستنانەش کەناویان دەبات : پەرستانی حوکمی پادشانشینی دەستووری کەلە ئنگلتەرادا ئەم حوکمە سەری هەڵدا[1]، یان بە خواوەند زانینی (دایکی پەرلەمانەکان)واتە پەرلەمانی ئینگلیزی کە هەموو گەلان ویستیان لاسایی بکەنەوە[2]، یان پەرستنی دەوڵەتی خاوەن سەروەری[3].

جگە لەمانەش پەرستنی عەقڵ و گۆڕینی کەنیسەی نۆتردام بۆ پەرستگای عەقڵ رووداوێکی دەرکەوتووی شۆڕشی فەرەنسی ئەگەر چیش ماوەیەکی زۆر کورتی خایاند (١٧٩٣-١٧٩٤).. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئایینە عەلمانیەکان خۆیان لەوە زیاترو بەرزتر دەزانن کە ناوی ئایین لە خۆیان بنێن.

(بودۆن) و (بوریکۆ) ش لە فەرهەنگەکەیاندا باس لە ئایینە دنیایەکان دەکەن کە لەگەڵ پەیدا بوونی حزبەکان لە سەدەی بیستداو پەیدا بوونی دەوڵەتە تۆتالیتارییەکان (ئەوانەی دەست دەگرن بەسەر سەر جەم چالاکیەکانی کۆمەڵگەدا) پەیدا بوون[4]. ئەم ئایینە بەناوی زانستەوە یان راستتر ئەوەیە بەناوی زانستی درۆیینەوە ئەو شێوازانەی ئەرثودۆکسیەت و مل کەچ بوونیان زیندوو کردەوە کەلەچاو شێوازەکانی دیکە مل کەچی یەکی زیاتریان تێدایە[5].ئەو ئایینانە چەند ئایدیۆلۆجیایەکیان ئامادە کرد، هەروەها چەند تەفسیرێك کە تا ڕ ادەیەك گۆترەن و پاشان ئەمانەیان بە پیرۆز زانی[6]، ئەمانە بریتین لە ستالینیەت و نازیەت،بەڵام بەپاڵ ئەمانە دوو نووسەرەکە باس لە (ئایینی دنیایی نامەرکەزی) دەکەن کە چەند نموونەیەکیان لە ئەمریکا دا هەیە وەك بزوتنەوە کۆمەڵایەتی یەکان : ئەو بزوتنەوانەی بۆ دیفاع کردن لە کەمایەتی یەکان سەریان هەڵدا، یان دژی جەنگی ڤێتنام، دژی ووزەی ئەتۆمی، ئەوانەی ئافرەتان، ئەوانەی نێربازان[7]... ئێمەش دەتوانین سەدان نموونەی تر لە ووڵاتی خۆمان و لە جیهاندا بدۆزینەوە.

بۆ سەلماندنی ئەوەی عەلمانیەت ئایینە مەبەستەکەمان دوور کەوتەوە لێمان. مەبەستەکەمان ئەوە بوو بیسەلمێنین کە عەلمانیەت تەنانەت لە خودی خۆشی نامۆیە، بەڵام سەلماندنی ئایینێتی عەلمانییەت ئەم ئەنجامەمان دەداتە دەست : عەلمانیەت خۆی وەکو بێ لایەن بەرامبەر بە ئایینەکان پیشان دەدات، بەڵام خۆی ئاینە، خۆی یەکێکە لە ئاینەکان، ئاینێك لە سەرووی هەموو ئاینەکانە، دەبوایە بیوتایە : من ئاینێکی بێ لایەنم بەرامبەر هەموو ئایینەکانی دیکە... واتە لە خۆ پێناسە کردندا ووشەی (دیکە)ی لە یاد چووە... راستتریش ئەوەیە بڵێین لە یادی نەچووە بەڵکو نەیزانیوە کە دەبێت ئەم ووشەیە بەکار بهێنێت. لەم خاڵەشەوە ئیزدواجی کەسایەتیی عەلمانیەت دەست پێ دەکات.

عەلمانیەت بەم پێیە دوو کەسایەتیی هەیە، کەسایەتییەکی وەهمیی ئعلان کراو و کەسایەتییەکی راستەقینەی شاردراو. بەڵام چونکە ئەم کەسایەتی یە دووەمە کەسایەتی یەکی نەدۆزرایەوە، عەلمانیەت خۆی پێ ی نازانێت... هەبوونی ئەم ئیزدواجە نەك تەنها ناڕێکی یە بەڵکو هەروەها لەت بوونی خودە بە جۆرێك کەسایەتی یە ئعلان کراوەکە وەکو نامۆیەك بەرامبەر کەسایەتی یە راستەقینەکە دەوەستێت، عەلمانیەت ئەمە نازانێت...

ناڕێکییەکە لەوەدا نی یە کە عەلمانییەت دووشتی دژ بەیەکی کۆکردۆتەوە (ا)و (ب) و هەریەکێکیان لە شوێنێکەوە هێنا بێت، ئەگەر وابێت عەلمانییەت قابیلی چارەسەرە بەوەی (ا) یان (ب)لابەرێت، بەڵکو ناڕێکییەکە لەوە خراپترە. عەلمانیەت دەڵێت (ا) بەڵام ئەم (ا)ە بۆخۆی (ب)ی دژ بە خۆی دروست دەکات. هەبوونی ناڕێکی لەناو عەلمانیەتدا ئەنجامێکی حەتمیەو چارەسەری نی یە.

کاتێکیش عەلمانییەت دەچێتە مەیدانی کارکردن نامۆییەکەی قووڵتر دەکاتەوە. عەلمانییەت لە هەموو شوێنێکدا کەم تا زۆر دەست دەخاتە کاروباری ئایین.. عەلمانییەت بەم دەست تێوەردانە نیوەی پێناسەی خۆی لەدەست دەدات، لەیادمان نەچێت پێناسە ئیعلان کراوەکەی.

(تۆینبی) مل کەچ کردنی ئایین بۆ سیاسەت بەتاوان دەزانێت، تاوانێك کە باپیرانیان لەسەدەی (١٦)و(١٧)ی زایینی بەرپایان کردبوو[٨] و دەڵێت ئەو کەنیسانەی مل کەچی دەوڵەت نەبوون گەورەترین چالاکی یان هەبوو، بەڵام (تۆینبی) ئیسلام بە (استثناء) ناو دەبات[٩]، واتە ملکەچبوونی ئاین بۆ سیاسەت لە ئیسلامدا زیانی بە ئیسلام نەگەیاند هەرچەندە پێویست دەکات باس لە مل کەچ بوونی سیاسەت بۆ شەرع بکەین نەك بە پێچەوانەوە.

هەڵەی پێناسەی عەلمانییەت لەوەدایە کە ئایین و دەوڵەت وەکو دووشت دەبینێت کە دەکرێت دژ بەیەك بن. بەڵێ ئەم دووانە دووشتی جیاوازن، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانین بە دژی یەکتریان بزانین. ئەمە وەکو ئەوەیە بڵێین (کاغەزی سپی) ، تۆ ناتوانیت (کاغەز) لە (سپێتی) جیا بکەیتەوە تەنانەت فەلسەفەی نەزۆکیش توانای ئەمەی نییە، تۆ ناشتوانیت (کاغەز) بە دژی (سپێتی) بزانیت چونکە دوو((شت))ی قابیلی بەراورد کردن نین.

کەواتە پێناسەیەکی باشتری عەلمانیەت دەبێت جیا کردنی (پیاوی سیاسەت) لە (پیاوی ئاین) بێت... پیاوی ئاین نابێت دەست بخاتە کارەکانی پیاوی سیاسەت، بەڵام تەنانەت ئەمەش چارەسەری کێشەکە ناکات، با تەماشای حاڵەتەکان بکەین :

١. حاڵەتی یەکەم: پیاوی ئاین هەر خۆی پیاوی سیاسەتە، ئەمە حوکمی (ثیوکراتی)یە واتە حوکمی کاهنەکان بە واتای ڕاست و دروستی زاراوەی (ثیوکراتی).

٢. پیاوی ئاین دوور خراوە لە کاری سیاسی بەڵام پیاوی سیاسەت هەمان ئاینەکەی پیاوی ئاین بەسەر کۆمەڵگەدا دەچەسپێنێت، لێرەدا پیاوی سیاسەت لە هەمان کاتدا پیاوی ئاینە، حوکمەکەش حوکمێکی ئایینییە بە واتا بڵاوو بازاڕییەکەی زاراوەی حوکمی ئاینی.

٣. پیاوی سیاسەت ئاین لە ژیانی تایبەتی خۆیدا دەچەسپێنێت بەڵام دووری دەخاتەوە لە حوکم کردنی کۆمەڵدا و ڕێبازێکی تر لە حوکمدا بەکار دەهێنێت. ئەم پیاوی سیاسەتە دوو ئاینی هەیە، ئەوەی ژیانی تایبەتی خۆی و ئەوەی کەلە کۆمەڵگەدا دەیچەسپێنێت.

٤. پیاوی سیاسەت بانگەشە بۆ عەلمانیەت دەکات و دەیچەسپێنێت، ئەم پیاوە خاوەن ئاینێکی عەلمانییە و لە هەمان کاتدا پیاوی ئاینە... بێگومان ئاینی عەلمانی.

ئەمە هەندێك حاڵەت بوو، ویستیشمان یارمەتی عەلمانیەت بدەین بەوەی پێناسەیەکی گونجاوتری بۆ هەڵبژێرین بەڵام هێشتا لە بازنەی ئاین ڕزگارمان نەبووە ئەمەش جگە لەو ناڕێکیەی کە حاڵەتی عەلمانی سێیەم و چوارەمی سەرەوە ئاشکرایان کرد.

حاڵەتی چوارەم حاڵەتێکی نوێیە و نازانین چەندی تر دەژی، بەڵام بە دڵنیاییەوە و وەك دوایی باسی دەکەین زۆر ناخایەنێت، حاڵەتی سێیەمیش زۆرتر ڕوویداوە بەڵام ڕەنگە قەت بە پوختی ڕووی نەدابێت چونکە هەمیشە حاڵەت هەبووە پیاوی سیاسی خۆی نەگرتووە یان زۆری لێکراوە ئاین بخاتە مەیدانی سیاسی یان بەلای کەمەوە ئاین بۆ سیاسەت بەکار بهێنێت[١٠].

تا ئێستا لە پێشەکی باسەکەماندا بووین، پێشەکییەکەش لەبەر ئەهەمیەتی درێژەی خایاند و سێیەکی باسەکەمانی برد، با ئێستاش کورتی بکەینەوە :

عەلمانیەت نامۆیە لە مرۆڤایەتی، لە مێژوو، عەلمانیەت نامۆیە لە خۆشی، باسەکەشمان لەبارەی دەوری ئاینە لەسەر کۆمەڵگە و دەوڵەت ئەگەر ئەو دەورەی سلبی بێت یان ئیجابی : ئاین ڕەگی لە هەست و عەقڵی مرۆڤایەتیدا داکوتیوە ئیتر ئەگەر ئەو ئاینە ئاسمانی بێت یان زەمینی.ئینجا با تەنها دوو ڕووی کاری ئایینی لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگە باس بکەین : دامەزراندن و پێکهاتەکانی دەوڵەت، لەگەڵ کاری ئاین لەسەر پێشکەوتن.

ئاین و دەوڵەت

هێنانەوەی نموونە لەسەر کاری ئاین لەسەر دەوڵەت واتای ئەوەیە بەشێکی مێژووی مرۆڤایەتی بخەینە سەر کاغەز، هەمووشمان ئیسلام وەکو باشترین نموونە دەناسین کە چۆن بە هۆی ئیسلامەوە کۆمەڵە خێڵێکی دواکەوتووی عەرەبی دژ بە یەک دەوڵەتێکی جیهانییان پێك هێنا و چۆن هەر ئیسلام خۆی بوو ڕێگەی دا غەیری عەرەب لە ئەییوبی و مەمالیك و عوسمانی... هتد.حوکم بکەن، ئەمە باش زانراوە بۆیە نموونەیەکی تر دەهێنینەوە.

ئاگردان هەرەس بە نیزامی پادشایی دەهێنێت

فۆستیل دو کولانج لە کتێبە ناودارەکەیدا (شاری کۆن) – کە ساڵی ١٨٦٤ بڵاو کرایەوە – باس لە ئاین و نیزامی دەوڵەتەکانی یۆنانی کۆن و ڕۆما دەکات. (دو کولانج)دەڵێت کە ئاینی کۆن خێزان و ژن هێنان و دەسەڵاتی باوك و پلەکانی خزمایەتی و ماف موڵکداری و میراتیی دروست کرد، پاشان شاری دامەزراند و لە ئاینەوە هەموو نیزامەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەت هاتبوون[١١].

ئەو ئاینە ئاینی (ئاگردان) و (مردوو پەرستن)ە، (دوکولانج)باسی وڵاتی یۆنانی کۆن و رۆما دەکات بەڵام جاروبار نموونە لە ئاری‌یەکانی هندستانی کۆنیش دەهێنێتەوە. ڕێز لە ئاگرو پەرستنی ئەو ئاگرە وحورمەت زانینی پێشینانی مردوو و پەرستنیان لای نووسەر ئاینی کۆنی گەلانی ئاری‌یە.

لەناو ماڵە یۆنانی‌ورۆمانییەکاندا ئاگردانێك هەبوو.ئاگرەکە پیرۆزەودەبێت خواردن و خواردنەوەی پێشکەش بکرێت ،نابێت گوناه لەبەر دەمیدا بکرێت، نابێت ئاگرەکە بکوژێتەوە، ڕێزگرتن لەو ئاگرە ڕێز گرتن بوو لە پێشینە مردووەکەی ماڵەکە، ڕەنگە هەر لەژێر ئەم ئاگردانەدا گۆڕی پێشینێك هەبوو بێت. خێزانەکە پێکەوە دەژین،لە نزیك خانووەکەش لەیەك گۆڕی بە کۆمەڵدا دەنێژرێن . کەسێکیش جیا بێتەوەو ماڵی خۆی هەبێت ئاگردانی خۆی دەبێت و ئاگری داگیرسێنەری یەکەم لە ئاگردانی ماڵی باوکییەوە وەردەگرێت. پەرستنێکی‌وا ڕێگە بە کۆچەری نادات، دەبێت ئاگردان و گۆڕەکان جێگیر بن، کۆچەریش کە هەبێت دامەزراندنی دەوڵەت زەحمەتە. ئەم ئاینە دەسەڵاتی باوکی بە هێز کرد، خێزانی پتەو کرد، نیزامی موڵکداری و میراتیی دامەزراندا. خێزانەکان گەورەتربوون، هەر ژمارەیەکی خێزان کۆمەڵێکی گەورەتریان دروست کرد – *Phratrie* یۆنانی و *Curie* بەلاتینی– هەر ژمارەیەکیش لەمانە خێڵێ`کیان پێك هێنا ، لە خێڵەکانیش شار دروست بوو[١٢]، هەر کۆمەڵێکیش لەمانە پەرستنی هاوبەشی هەبوو، خێڵەکان چینی ئەشرافیان پێك هێنا لە کاتێکداو لای (دوکولانج) عەوامەکان بریتی بوون لە زۆڵەکان وئەوانەی لە خێزان دەرچوو بوون لەبە هەر هۆیەك بێت، هەروەها کۆچ کردووەکان..... تاد. ئەشرافەکان دەیان ووت کەوا عەوامەکان نە ئایینیان هەیەو نە ئاگردان. سەرەتا پادشا هەبوون بەڵام چینی ئەرستۆکراتی ئەوەندە بە هێز بوون کە پادشا کە بریتی بوو لە پادشایەك لەناو کۆمەڵێك پادشای تر. ناکۆکی نێوان هەر دوو لادا رووی دا و لە هەموو شوێنێکدا شۆڕش بەرپا بوو و یان حوکمی پادشایی نەما و حوکمی کۆماری هاتە جێگەی وەکو رۆما یان پادشاکان مانەوە بەڵام بە هەڵبژادن دادەنران. شۆڕشی ترو گۆڕانکاری تریش روویان دا کە باس کردنیان لێرەدا بابەتەکەمان دوورو درێژتر دەکات.

ئارییەکانی هندستان ئاگری پیرۆزیان دەپەرست، دوایی ئایینی (براهما) ئایینی ئاگردانی کردە ئایینی پلە دوو بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانێت لە ناوی بەرێت[١٣]. وەك (دیورانت)یش دەڵێت : ئاگر (=خوداوەند ئاگنی $AGNI$)ماوەیەك گرنگترین خواوەندی کتێبە پیرۆزەکانی (ڤیدا) بوو کە ئەمیان نێوان ١٠٠٠–٥٠٠ پێش زایین سەریان هەڵدا بوو[١٤]. ئەو ئارییانەی کە دەوروبەری ١٦٠٠ پێش زایین پەلاماری باکوری رۆژئاوای هندستانیان دا نیزامی حوکمی پادشاییان هەبوو بەڵام بەپاڵ پادشا ئەنجوومەنێکی جەنگاوەران هەبوو کە سنووری دادەنا بۆ دەسەڵا تی ئەو پادشایە[١٥]. دوایی بێ گومان حوکمەکە بەرەو حوکمێکی پادشایی رەها (مطلق) چوو.

لە نەخشەکەی سەرەوەدا کارێکی گران نییە بیسەلمێنین ئایینی ئاگردان و مردوو پەرستان کۆنترین ئایین نەبووە و کەنەخشەکە تەنها یۆنانی کۆن و رۆمای دەگرتەوەو تەنانەت بۆ ئەوانیش نەخشەکەی (دو کولانج) زێدڕەویی تێدایە بەڵام شتێکی زەحمەتەنەخشەکە سەرتاپا برمێنین و لەوە زەحمەت تر ئەوەیە هەستە عەلمانییە مردوەکان بەسەر سیحری ئەو نەخشەیە و سەرجەم باسەکانی (دوکولانج)دا سەر بکەون.

ئاینی و پێشکەوتن .. نموونەیەکی ئیجابی

یەکێك لەو قسانەی لە عەقڵی نیوە رۆشنبیردا چەسپیوە ئەوەیە کە دەڵێن:ئایین هۆی دوا کەوتنە.. بەم شێوەیەو بێ وورد بوونەوە و بێ لێکۆڵینەوە حوکمی سادەی ئامادەکراو دەخرێتە بازاڕی رۆشنبیری و بێ نەوایی زانستی زیاتر و گەورەتر دەبێت.

ئێمە ئەم جارەش هەروا نموونە لە سەر ئیسلام ناهێنینەوە، دەبێت کێ بێ ئاگا بێت لە بەرهەمەکانی ژیاری ئیسلامی ؟ نموونەی ئێمە شتێکی ترە.

بەر لەوەش دەڵێین کەوا ئایین دەوری هەیە لە گۆڕینی کۆمەڵگە، لە زۆر حاڵەتیشدا

(گۆڕین) هەنگاوی یەکەمی پێشکەوتنە.(تۆینبی) سێ هۆکاری جیا کردوەتەوە بۆ گۆڕانی کۆمەڵگەی کۆن بۆ کۆمەڵگەیەکی نوێ کە گرنگترینیان بریتی یە لە هەبوو ئایینێکی جیهانی[١٦].

باسیش لە ئارییەکان و (حیثی)یەکان [١٧] و ئاخییەکان دەکات، کە بەتەواوی نەزان بوون بەڵام دەستیان بە پەرستنەکانیانەوە گرتبوو، ئەم گەلانە پەلاماری وولاتە پێشکەوتوەکانی سەردەمی خۆیانیان دا و توانیان شارستانی نوێ پێك بهێنن، شارستانی هندی، حیثي، هیلینی (یۆنانی)[١٨]. نموونەکەمان لە سەر دەوری ئیجابیی ئاین نموونەیەکە زۆر باسکراوە ئەویش دەوری پرۆتستانتیەت لە سەرهەڵدانی گیانی سەرمایەداری.

(ماکس ڤێبەر)ی کۆمەڵناسی ئەڵمانی (١٨٦٤ – ١٩٢٠) لە کتێبە ناودارەکەیدا (ئەخلاقی پرۆتستانتیەت و گیانی سەرمایە داری) باس لە چەند کۆمەڵێکی پرۆتستانتی دەکات کە چۆن بەربەستیان دادەنا لەبەردەم مەسرەف کردن و چۆن ئەم مەسرەف نەکردنە سەرمایەی لای ئەو کەسانە کۆدەکردەوە. وەنەبێت مەسەلە تەنها کۆکردنەوەی سەرمایە بووبێت چونکە سەرمایەداری لە وولاتانی چین و هندستان و بابل، بەڵکو لە دێرزەمانەوە هەبووە پاشان لە سەدە ناوەڕاستەکاندا هەبووە بەڵام هەموو ئەمانە ئەو ئەخلاقە تایبەتیەیەیان نەبوو کە (گیانی سەرمایەداری)ببزوێنن[١٩].

ئەو گیانی سەرمایەدارییە هۆکاری گەشەندنی سەرمایەداری بوو[٢٠]، ئەو چەند کۆمەڵە پرۆتستانتە ئەو ئەخلاقەیان هەبووە بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵانە ئەو ئامانجەیان لە مێشك دا هەبوو، بەڵکو ئەمە ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، بەڵکو بەزۆری ئەنجامێك بوو کە خۆیان نەیان دەویست[٢١].

لەبارەی ئەو ئەخلاقەی کە سەرمایەداریی دروست کرد (ڤێبەر) چەند بڕگەیەکی دوور و درێژی ئامۆژگارییەکەی زانا و سیاسەت مەداری ئەمەریکی (بنجامین فرانکلین)لە سەدەی نوزدەدا دەهێنێتەوە کە ئێمە ئەمەی لێ هەڵدەبژێرین :

(دەنگی چەکوشەکەت سەعات پێنجی بەیانی یان هەشتی ئێوارە خاوەن قەرزەکە وا لێ دەکات کاتێك دەیبیستێت مۆڵەتی شەش مانگی دیکەت بداتێ بۆ دانەوەی قەرزەکەت... بەڵام ئەگەر لەو کاتەی کە دەبێت کار بکەیت تۆی بینی بلیارد بکەیت یان گوێی لە دەنگت بوو لە چایخانەدا.... ئەو کاتە بۆ سبەینێ داوای قەرزەکەی دەکاتەوە (....) ئەمە (واتا کار کردنی بەردەوامت) هەروەها دەیسەلمێنێت کەوا قەرزەکانت لەیادە، ئەو کاتەش وەکو مرۆڤێکی وردکار و بەڕەوشت دەردەخات و ئەمە (رصید)ت لای خاوەن قەرزەکە زیاد دەکات...) [٢٢].

ئامۆژگارییەکەی (فرانکلین) مەبەستی سوودو قازانج وەرگرتنە زیاتر لە هەر مەبەستێکی تر[٢٣]. بەڵام ئامانجەکەی ئاشکرایە : کۆششی بەردەوام، دڵسۆزی، جدیەت، راستگۆیی... ئێمەش دەڵێین ئاین دەتوانێت ئەمانەدروست بکات و دەتوانێت پێچەوانەی ئەمانە بچێنێت. ئەم تایبەتیانە لە دوو شتدا کۆدەبنەوە : دڵسۆزی و جدیەت، هەر ئەم دوانەش بوون بەڕادەیەکی سەرەکی ژاپۆنی سەدەی نوزدەیان گۆڕی لە دەوڵەتێکی دەرەبەگەوە بۆ دەوڵەتێکی پیشەسازی هەر ئەوانیش بوون پاش جەنگی دووەمی جیهانی ژاپۆن و ئەڵمانیای وێران بوو یان هەڵسانەوە سەرپێ...

بە بێ ئەوەش کە نەخشەکەی ڤێبەر لە سەددا سەد وەکو خۆی وەربگرین(واتە پرۆتستانتیەت بە تەنها ئەم کارەی پێ کراوە وهیچ باوەڕێکی تر ئەمەی پێ ناکرێت) دەڵێین کەوا ئیسلام هاندەری ئەو دوو رەوشتەی سەرەوەیە بەڵام دەبێت ئیسلامی پوخت بێت، ئیسلامێك لە سەرانسەری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ببینرێت نەك ئەو ئیسلامەی کەلە خەیاڵی ئەو کەسانەدایە کەزاراوەی (ئیسلامی سیاسی) بەکار دەهێنن، ئەو ئیسلامەی کە جێگەی شیاوی لای ئەوان سووچێکی مزکەوتە ئەگەر ئەمەشی پێ رەوا بزانرێن.

با جارێکی تریش بڕگەکانی ئامۆژگارییەکەی (فرانکلین) بخوێنینەوە و لە خۆمان بپرسین : کام ڕەوشت لای ئێمە باوە ؟ با نموونەیەکی زۆر سادە بخەینە ڕوو، بچۆ بۆناو بازاڕی خۆمان، تەماشای فرۆشیارەکانمان بکەو بزانە چۆن هونەر و زانست و ئیبداعیان لەوە کۆبووتەوە کە چۆن بتوانن لە تەرازوودا سەد گرامت لێ بدزن، یان چۆن شتەکان بە جوانی ڕیز دەکەن، شتی باش لەپێشەوە و شتی گەنیو لە دواوە. کە ئەمانەشت بینی لەوە دڵنیابە کە ئەم فرۆشیارانە سەرجەم نیزامی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەخلاقیمان و کورت دەکەنەوە... ئەو فرۆشیارانە نموونەی ئێمەن.

ئاین و پێشکەوتن : نموونەیەکی سلبی

(تۆتەمیەت) نموونە سلبیەکەمانە، (تۆتەمیەت) – کە بابەبتی سەدان و هەزاران لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆجیایە – لە ناو گەلانی زۆر سەرەتاییدا (یان وەك دەوترێت : دواکەوتوو)لە ئەمەریکای باکوورو باشوور و ئەفەریقا و ئاسیا و ئوسترالیادا... هەبووە و تا ئێستا ماوە.

(تۆتەم)(Totem) ئاژەڵێکی تایبەتە بە تیرەیەك و لای ئەندامانی ئەو تیرەیە پیرۆزە و نابێت بکوژرێت، تەنها لای هەندێك تیرە و لە بۆنەی تایبەتیدا دەخورێت، حاڵەتی هەندێك تیرەش هەیە کەتۆتەمی خۆیان بە حەرام نازانن[٢٤].

تیرەکە ئاژەڵەکە بە پێشینی خۆیان دەزانن یان کاتی خۆی ئەو پێشینە پەیوەندی ژن خواستنی بەستبوو لەگەڵ ئەو ئاژەڵە. تۆتەم تەنها ئاژەڵ نی‌یە بەڵکو تۆتەمی ڕووەکیش هەیە. هەندێك تیرەش تۆتەمی تۆتەمی شتی بێ گیانیان هەیە نموونەی سەیریش لەسەر ئەمە : گوێزانی مووتاشین، یان پارەی مەعدەنی[٢٥] بەڵکو لەوەش سەیرتر : لۆری، یان ئامێری چاپ[٢٦]. بە هەر حاڵ ئەمە نموونەی دەگمەنەو تۆتەمی ئاژەڵ بڵاوترە.

لێرەدا ناکرێت باس لە سەرجەم نیزامی تۆتەمی بکەین و مەبەستیشمان ئەمە نی‌یە. مەبەستەکەمان لەم باسەدا تەنها یەك شتە : پەیوەست لە نێوان تۆتەمیەت و دواکەوتنی شارستانیەتیدا چی‌یە ؟ مەبەستەکەمان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە کەلە ڕاستیدا یەك پرسیارن : بۆچی هەمیشە تۆتەمیەت لە ناو گەل و خێڵە (دواکەوتووەکان)دا هەیە ؟ چۆن تەفسیری ئەم قسەیە بکەین کەتۆتەمیەت لە ناو شارستانیە گەورەکانی ئەورووپاو ئاسیادا نی‌یە (کە بەمە دەوترێت بۆشایی تۆتەمی)[٢٧] ؟ ئایا تۆتەمیەت هۆی دوا کەوتنی شارستانی‌یە یان بە پێچەوانەوە دواکەوتنی شارستانی تۆتەمیەتی هێناوە ژیان یان هیچ لەم دووانە نی‌یە و پەیوەندی نیە لە نێوان تۆتەمیەت و دوا کەوتنی شارستانی ؟

بینیمان چۆن لە یۆنانی کۆن و ڕۆمادا هەر خێزانێك خواوەندێك و پەرستاگایەکی خۆی هەبووە.ئەمە نیشانەی پەرتەوازەییە بەڵام ئەو وڵاتانە هەنگاوی تریان بڕی : خواوەندی هاوبەشی کۆمەڵە خێزانێك، خواوەندی هاوبەشی خێڵەکە، خواوەندی هاوبەشی شارەکە، ئەمەش جگە لە چەند خواوەندێکی ((گەردوونی)).

بەڵام تۆتەمیەت ڕێگە بۆ پەرتەوازەیی خۆش دەکات، تەنها هەندێك حاڵەتی تۆتەمی هاوبەشی نێوان چەند تیرەیەك هەیە، بەڵام بە گشتی هەر تیرەیەك تۆتەمەکەی جیا دەکاتەوە لە تیرەکانی تر، بەڵکو هەندێك حاڵەتیش هەیە کە تیرەکە چەند تۆتەمێکی هەیە، زەحمەتیشە کە تیرەیەك تۆتەمەکەی داڵە لەگەڵ تیرەیەك کە تۆتەمەکەی گورگە لە ژێر پەرستنی تۆتەمێکی هاوبەش (بابڵێن ئاسکە کێوی) یەك بگرن. حاڵەتە دەگمەنەکانیش حسابیان بۆ ناکرێت.ئەمە لە کاتێك دا شتێکی ئاسایی‌یە ئەگەر چەند خێزانێکی ڕۆمایی کە هەریەکێکیان پێشینێکی جیاواز دەپەرستێت لەژێر پەرستنێکی هاوبەش یەك بگرن... مرۆڤ لە مرۆڤەوە دەبێت، پێشین لە پێشین، بەڵام بۆ تۆتەمیەت پێویستە بازێکی گەورە بدرێت تا بڕوا بەیەك گرتنی تۆتەمەکان بکرێت، حاڵەتی دەگمەنیش ئەگەر هەبێت بەڵگەیە لەسەر گەورەیی بازەکە.

ئەم پەرتەوازییەی کە تۆتەمیەت دەیهێنێتە ژیان تیرەکان بێ هێز دەکات، شتێکی زانراویشە کە دەوڵەت بە کۆ بوونەوەی داهاتی زۆر پێك دێت، ئەمەش پێویستی بە کۆکردنەوەی تیرەکانە لە خێڵێکی گەورەدا و کۆکردنەوەی خێڵەکانە لە یەکێتیەکی گەورەتردا، بەڵام کۆکردنەوەی تیرە تۆتەمییەکان لەیەکێتییەکدا کارێکی زەحمەتە.هەر لە بەرئەوەشە دەوڵەت لەناو ئەو تیرانە دا نابینرێت، ئەوەی هەیە جۆرە ڕێکخستنێکی سیاسیی ساکارە. تەنانەت هەندێك کۆمەڵگەی وا سەرۆکی نییە وەکو (نوێر *Nuer* لە باشووری سودان)[٢٨]، هەیشە پێشەوایان هەن و خەڵکەکە دان بە سەرکردایەتییەکەیان دەنێن بەڵام ئەم پێشەوایانە هێز ناسەپێنن (وەکو بۆشمەن و بیرگداما لە باشووری ئەفریقادا)[٢٩]، بەڵکو خێڵی وا هەن هیچ ڕێکخستنێکیان نییەو هەر کەسێك ئازادیی تەواوی هەیە لەم شوێن بۆ ئەو شوێن بڕوات وەکو(هادزا لە ئەفەریقادا)[٣٠].

بەشێوەیەكی گشتیش ئەو كۆمەڵانە حوكمێكی جەماعییان هەیە (جەماعی لە چاو حوكمی فەردی)؛ بەپاڵ پێشەواكە ئەنجوومەنێكی جەنگاوەران یان ئەنجوومەنێكی پیران هەیە لە ئەفەریقادا پێویستە پێشەوا پێش بڕیاردان پرس بكات [٣١]. لەناو هیندییەكانی ئەمەریكاش وەك (كلاستەر) دەڵێت شوێنەی راستەقینەكەی دەسەڵات بریتییە لە كۆمەڵگە نەك پێشەوا [٣٢].

لە نیزامێكی واشدا پێشكەوتن زەحمەتە .پێشكەوتن بە شایەتیی مێژوو لەگەڵ سەر هەڵدانی پێشەوایەكی دەسەڵاتداردا كەوتە جووڵە، لەگەڵ دروستبوونی ئیمپراتۆریەتیشدا پێشكەوتن خێراتربوو.بەلای كەمەوە پێشكەوتن بەرهەمی یەكبوونە.

بێگومان هۆی تر هەن بۆ دواكەوتن لە كۆمەڵگەی ئایین تۆتەمی و غەیری تۆتەمی، كاری ئایینیش لەم نموونە سلبییەدا هەر ئەوە نەبوو بەتەنها باسمان كرد، بەڵام ئەوەندە بەسە بۆ ناسینی كاری ئایین بە سلبی یان بە ئیجابی.

هۆیەكی تری دواكەوتنی ئەو كۆمەڵگانە دیاردەی (تشدد)ە، زۆربوونی شتە حەرامەكان دیاردەیەكە لە زۆر لەو كۆمەڵگەیانەدا بینراوە. حەرامەكان تەنیا كوشتنی تۆتەمەكە یان خواردنی ناگرنەوە بەڵكو لە هەندێك كۆمەڵگەدا(بۆ نموونە) هەروەها ناوبردنی تۆتەمەكە یان هەرناوێكی نزیك لەو. جۆرێكی تری (تشدد)لە حەرامدا ناوبردنی مرۆڤە مردووەكەیە، یان ((گلاوبوونی)) بێوەژن یان بێ باوكەكان پاش مردنی پیاوەكە[٣٣]. (تشدد) هۆیەكی سەركییە بۆ وەستانی كۆمەڵگە گەن كردنی.

(تشدد) روویەكی سیاسیی هەیە ئەویش بەوەی كە پێشەوا ئیلتزاماتی قورسی هەیە، وەكو پێشەوایانی (مائوری) لە (نیوزیلاند) كە گوایە ڕەوتی جیهان لە باران و خۆر.. تاد ،كۆنترۆڵ دەكەن بەڵام پێویستە بە ئیلتزاماتی خۆیان هەڵبسن و ئەو (پێشەوایەی ئەمڕۆ وەكو خواوەندێك دەپەرسترێت رەنگە سبەینێ وەكو تاوانبار بكوژرێت)[٣٤] ئەم كەلەبچەكردنەش هەروا لە(ئایەرلندا)ی كۆن و لە پلەی كاهنی گەورەی رۆمادا هەبوە [٣٥]، بۆیە لەزۆر شوێندا خەڵكی خۆیان لە لێپرسراوێتی وا دەدزییەوە و كۆمەڵگە بەزۆر دەیسەپاند بەسەر كەسێكدا [٣٦]، دیارە لە كەش هەوای سیاسیی واشدا دەبێت كۆمەڵگە وەكو خۆی بمێنێتەوە و رووەو گۆڕان نەچێت... یەكێكیش لەئەنجامەكانی گۆڕان پێشكەوتنی شارستانییە وەك چۆن ئەم پێشكەوتنە بۆ خۆی گۆڕانی تر دەهێنێتە بەرهەم.

دوارۆژی عەلمانییەت

عەلمانیەت (یان ڕاستتر : ئایینی عەلمانی) پێشبینی دەكرد كە ئایینەكان نامێنن، بەلا م وەك (بودۆن) و (بوریكۆ) دەڵێن ئەم نەمانە زۆر بەكەم و كورتی هاتۆتەدی [٣٧]، یەكێك لە بەدیلەكانی ئایین بریتی بوو لە فەلسەفە بەڵام فەلسەفە –وەك تۆینبی بەرەوانی بۆی چوو بوو – بە پێچەوانەی ئایین ئەو هێزو حەیەویەتەی نیە وفەلسەفە هەر كاتێك دەچێتە مونافەسە لەگەڵ ئاییندا دەدۆڕێت.[٣٨].

بە كورتی ئایین بە دیلی نییە، هەر كاتێكیش هەر شتێك خۆی وەكو بەدیلی ئایین پیشان بدات جگە لەوەی سەركەوتنی هەمیشەیی بە دەست ناهێنێت، هەروەها ئەو راستیەی لێ بزر دەبێت كە خۆی ئایینە بەڵام دەیەوێت جێگەی ئایینێكی دیكە، ئایینێكی رەسمی بگرێتەوە.

لە سەدەی نۆزدەدا (ماكس شتێرنەر)ی فەوزەویی مولحید ووتبوی كەوا هەر شۆڕشێك دژی خودا شۆڕشێكی لاهووتییە.

ڕاستە ! هەر شۆڕشێك دژ بە ئایینیش شۆڕشێكی ئایینیە، لەم روانگەیەوە عەلمانیەت وەك ئایینێك نەك هەر دوا ڕۆژی نییە، بەڵام (ئێستا) و (ئەم ساتە كورتە)شی لە دەست داوە، خواستی عەلمانییەت بەركەنار بوونی ئایینە، بەڵام وەك ووتمان پێویستە مەسەلەكە بەم شێوەیە دابڕێژین : خواستی ئایینی عەلمانییەت بە كەنار كردنی ئایینەكانی ترە، كەواتە بەپێ ی پێناسەی تەواوی ئایین عەلمانییەت لە هیچ ساتێك دا وجوودی نی یە.

ئەمڕۆ لە عەلمانیترین وڵات ئایینە رەسمییەكە وجودی خۆی دەسەلمێنێت، فەرەنسا بۆ نموونە بەو ئەندازەیەی عەلمانییە ئەوەندەش كاثولیكییە... فەرەنسا قەڵایەكی كاثولیكییەتە. لە هەموو رۆژئاوادا هەستی نەصرانی ئامادەیە بۆ ورووژاندان، مرۆڤی رۆژئاوایی لە گەرمەی ژیانی خۆیدا نەصرانیەتی لە یاد دەچێت بەڵام تاقیی بكەرەوەو ئەو نەصرانییەتە بخەرە بەردەم مەترسی وبزانە كاردانەوەی چییە ؟ بە تایبەتی ئەگەر مەترسییەكە لە هەڵگری ئاینێكی ترەوە هابێت.

له ئەمەریکادا و بە پێی (هارۆڵد لاسکی)ی بیریاری بەریتانی کەس وەکو مرۆڤێکی بێباوەڕ ناچێتە هەڵبژاردن چونکە دەدۆڕێت[٣٩].(لاسکی) ئەمەی بەر لە نزیکی پەنجا ساڵ ووتبو بەڵام قسەکانی تا ئەمڕۆ ڕاستن، بەڵکو لە جارانیش زیاتر تەئکید بوون.

لە (جیمی کارتەر)ی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکاوە بەدواوە ئنجیل هاوڕێی سەرۆکانی ئەمریکایە لە ووتارو گەشتەکانیاندا.

ئایینی کۆن دەبوژێنەوە، ئایینی نوێش سەر هەڵدەدەن،ئاینی نوێ ڕۆژانە بەرهەم دەهێنرێن ، بۆ نموونە بەر لە (٣٠)ساڵ باسی‌شاری (لۆس ئەنجلس)ی ئەمریکا کراوە کە گەورەترین ژمارەی ئاینی نوێ بەرهەم دەهێنێت : لەرۆژێکدا پێنج ئایین یان مەزهەبی ئایینی[٤٠] .ئەی دەبێت ئەمڕۆ کە هەستی ئایینی ئەمەریکی بەرزتر بۆتەوە ئەو ژمارەیە چەند بێت؟

وڵاتانی تریش لەم بەرهەم هێنانە بێبەش نین. لە بەریتانیادا پێنج سەد کۆمەڵی ئایینی جیاجیا هەن [٤١]. رۆژئاوا مونافەسەی هندستان دەکات ،رۆژئاوا بۆ رۆژهەلات دەگەڕێتەوە، لە م قسەیە راستتر ئەوەیە : رۆژئاواو ڕۆژ هەلات یەکن چونکە مرۆڤ یەکە.

ئەگەر عەلمانییەت لە برەودا بێت چۆن تەفسیری ئەو رابوونە ئەو ئاینییە بکەین ؟ چۆن تەفسیری سەرهەڵدانی شەیتان پەرستی بکەین ؟ شەیتان پەرستن لای ئێمە سەیرترین ئایینە بەڵام لەوێش سەیر تر هەیەولە دواڕۆژیشدا لەمانە سەیرتردەبینین.

زۆر کەس دەڵێن کە سەدەی بیست ویەکەمی زایینی سەدەیەکەی ئایینی دەبێت.. بێ گومان سەدەی ئاسوودەیی نابێت چونکە ئایینیە زەمینییەکان بەرهەمێکی نەخۆشییەکانی جیهانن بۆیە خۆشیان ئایینێکی نەخۆشن، پڕ مەترسین، ئەمەش هەمووی ئەنجامی لادانە لە ئایینی راستەقینە، ئەنجامی عەلمانییەتی گومڕایە.

پەراوێزو سەرچاوە

١. ارنولد ج. توينبى، بحث في التأريخ (کورتەی شەش بەرگی یەکەم)، ج١، طه باقر، بغداد. ١٩٥٥، ل ٣٤٩.
٢. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٤٦٧.
٣. سەرچاوەی ل ٤٣٢.
٤. ر. بودون و ف. بوريكو. المعجم النقدي لعلم الاجتماع، ت. الدكتور سليم حداد، بيروت، ١٩٨٦، ل ٣٢٣، ئەم قسەیەش لە (ریمۆن ئارۆن)ەوە وەرگیراوە.
٥. سەرچاوەی سەرەوە.
٦. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٣٢٤.
٧. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٣٢٣.
٨. توینبی، بحث في التأريخ، ج٢، ل ١٨٥.
٩. سەرچاوەی سەرەوە، ل ١٨٦.
١٠. نموونە زۆرن بەڵام تەنها یەکێکیان دەهێنمەوە: پاش شۆڕشی فەرەنسا هەرچەندە دەست بەسەر موڵك و داهاتی کەنیسەدا گیرا و ئیجرائات کرا بەرامبەر کەنیسە بەڵام ئەنجوومەنی ووڵات رازی نەبوو کەنیسە لە دەوڵەت جیا بکاتەوە و ئایین لای ئەو لەوە گرنگتر بوو لەدەستی قەشەکان بێت بەتەنیا، بڕوانە : رۆبەرت پاڵمەر، الثورة الفرنسية وامتداداتها. ت، هنرييت عبود، بيروت، ١٩٨٢، ل ٩٧.
١١. فوستيل دى كولانج، المدينة العتيقة، دراسة لعبادة الأغريق و الرومان و شرعهم و أنظمتهم، ت. عباس بيومى بك، القاهرة ١٩٥٠، ل ٥.
١٢. سەرچاوەی سەرەوە، ل١٢.
١٣. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٣٣.
١٤. ول ديورانت، قصه الحضارة، ج٣، ت. دكتور زكى نجيب محمود، ل ٣٢.

١٥. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٢١.
١٦. ا.توینبی، بحث في التأریخ، ج١، ل ٢١.
١٧. لێرەدا مەبەست لە ئارییەکان هندو ئەوروپاییەکانی هیندستان، (حیثی)یەکانیش گەلێکی تورکیای کۆن بوون (زیاتر لە ٣٦٠٠ ساڵ پێش ئێستا).
١٨. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٩٥.
١٩. ماکس ڤیبر، الاخلاق الپروتستانتیه و الروح الرأسمالیه، ت. محمد علی مقلد، بیروت، ساڵ ؟، ل ٢٨.
٢٠. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٣٧.
٢١. سەرچاوەی سەرەوە، ل٥٧.
٢٢. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٢٧.
٢٣. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٢٩.
٢٤. بڕوانە : کلۆد لیڤی — شتراوس ، الفکر البری، ت. الدکتور نظیر جاهل، بیروت، ١٩٨٤، ل ١٢٥ بەدواوە.
٢٥. سەرچاوەی سەرەوە، ل ١٥٢.
٢٦. سەرچاوەی سەرەوە، ل ١٥٣.
٢٧. بڕوانە : سەرچاوەی سەرەوە، ل ٢٧٧.
٢٨. لوسی مەیر، مقدمه فی الأنثروپولوجیا الاجتماعیة، ت. الدکتور شاکر مصطفی سلیم، بغداد، ساڵ ؟، ل ١٣٢.
٢٩. سەرچاوەی سەرەوە، ل ١٢٨.
٣٠. سەرچاوەی سەرەوە، ل ١٣١.
٣١. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٢٤٥.
٣٢. پیار کلاستر، مجتمع اللادوله، ت.الدکتور محمد حسین دکروب، بیروت، ط٢، ١٩٨٢، ل ١٥٩.
٣٣. بڕوانە بۆ ئەمە و نموونەی تر : سیگمۆند فرۆید، الطوطم و الحرام، ت. جورج طرابیشي، بیروت، ١٩٨٢، ل ٦٨ — ٧١.
٣٤. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٦١ – ٦٢.
٣٥. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٦٥ بەدواوە.
٣٦. سەرچاوەی سەرەوە، ل ٦٦.
٣٧. بودون و بوریکو، المعجم النقدی لعلم الاجتماع ، ل ٣٢٣.
٣٨. أ.توینبی، بحث في التأریخ، ج٢، ل١٧٦.
٣٩. هارۆلد لاسکی، الدیمقراطیة الأمریکیة في السیاسة و الآقتصاد، ت. الدکتور راشد البدوی، ١٩٦٠، ل ٣٧.
٤٠. الدکتور حاتم الکعبي، السلوك الجمعی، ج ١، بغداد، ل ٩٣.
٤١. لەبارەی کۆمەڵەی ئاینیەنهێنیەکانی بەریتانیا بڕوانە گۆڤاری (المجتمع)ی کوێتی ژمارە ١١٨٣، ٩ — ١٩٩٦/١/١٥، ل ٢٠ بەدواوە.

دەوڵـەت لەكوردســـتانـدا

گەڕان بەدوای هۆكاری دروست نەبوونی دەوڵەتی كوردستانی لەكۆنەوە تا ئەمڕۆ *

پرســـیاری لـــەپێشـــتر

زۆر هەوڵ دراوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە (هۆی دروست نەبوونی دەوڵەتی كوردی چیە؟)

بەڵام لەبەر ساكاری وەڵامەكان دەبوایە بمانپرسیایە: (هۆی چیە ئێمە نازانین بۆچی ئەو دەوڵەتە دروست نەبووە؟)

ئەم باسەمان ئیدیعای ئەوە ناكات كە هەموو هۆكانی دەستنیشان كردووە، هەروەها ئەو شەرەفە بەخۆی نادات كە چیی تێدا وتراوە هەموو حاڵەتەكان دەگرێتەوە. بێگومان لەوانەیە هۆیتر هەبن، لەوانەشە هەندێك لەو هۆیانەی كە باسمان كردوون هەڵە بن یان زیاد لەپێویست تەئكیدمان لەسەركردبێت..

هەروەها شتێكە مناقەشەی ناوێت كەوا چی لێرەدا وتراوە بریتیە لە (بڕیارێكی گشتی)و بەزۆری حاڵەتە گشتیەكانی وەرگرتووە بۆیە نمونەی (شاذ) و پێچەوانە بەباسەكەمان لەمێژووی كوردستاندا بەدی دەكرێن، بەڵام پاش هەموو ئەو هەموو (احتیاطات)ە ئەوەی گرنگە حاڵەتە گشتیەكەیە كە حساب تەنها بۆ ئەو دەكرێت.

دەروازەیەكی هەڵە بۆ كێشەیەكی گەورە

(سۆز) و (زاڵكردنی ئایدیۆلۆجیا) دوو دەروازەی هەڵەن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (بۆچی دەوڵەتی كوردی دروست نەبووە؟). ئەو سۆزەیە هانی رەخنەگرێك لەئیسلام دەدات گوناهی دروست نەبوونی دەوڵەتەكە بخاتە پاڵ ئیسلام و ئەو راستیەی لەیاد ببات كەوا سەدان ساڵ بەر لەهاتنی ئیسلام كورد خاوەنی دەوڵەت نەبوو، لەڕووخانی دەوڵەتی (ماد)ەوە تا هاتنی ئیسلام نزیكی ١٢٠٠ ساڵە و كوردستان دەوڵەتی دانەمەزراند.

سۆز پاڵ بە ئیسلامییەك دەنێت كە گوناهەكە بخاتە پاڵ دەوڵەتە رۆژئاواییەكان كە ئەمە بۆ خۆی راستە بەڵام ئەمە تەنها هۆیەكە لەناو چەندین هۆی دیكە.

دەروازەیەكی هەڵەی تر ملكەچ كردنی رابوردووە بۆ ساتی ئێستامان. مەسەلەی دەوڵەتی نەتەوەیی چ بۆ كورد و چ بۆ هەموو گەلانی تر لە سەردەمە ئیسلامیەكاندا مەسەلەیەكی تەرح كراو نەبوو.

بەپاڵ (سۆز)، (نەزانی) هەیە. هەندێك كەس بێزانیاری باس لەكێشەكە دەكەن. كێشەكە زانیاریی زۆری پێویستە تا لێی تێبگەین و نهێنییەكانی بدۆزینەوە:-

١- مێژووی كوردستان (بەكۆن و نوێوە) گەورەترین یارمەتیدەرمانە بۆ ناسینی نەخۆشییەكان، بەڵام زۆربەی نووسین لەبارەی ئەم مێژووەوە (بەتایبەتی مێژووی كۆن) زانستی نین. من بۆ خۆم شتی وا دەبینم لەبارەی مێژووی كۆنی كوردستان بڵاوكراوەتەوە كە پێكەنین پێیان شتێكی كەمە.

٢- مێژووی سەرجەم جیهان ئەهمیەتێكی گرنگی خۆی هەیە چونكە لەناو لاپەڕەكانی ئەو مێژووەدا دامەزران و نەمانی دەوڵەتان دەبینین. بەخوێندنەوەیەكی ورد و فراوانی مێژووی مرۆڤایەتی لەگەڵ وردبینیەك لەهەڵهێنجانی ئەنجامەكان مرۆڤ دەتوانێت بگاتە چەند یاسایەك یان چەند بنەمایەكی گشتی سەبارەت بەدەوڵەت.

٣- زانستە سیاسییەكان دەوری خۆیان لەم مەیدانەدا دەبینن.

٤- شارەزابوونیش لەلایەنی سەربازی دیسان گرنگە.

---

* گۆڤاری رابەر ژمارە ٣٧،بەهاری ١٩٩٩.

٥- رەنگە پێویستیشمان بەزانستی تر هەبێت وەك دەروونناسی بۆ ناسینی پاڵنەرە دەروونییەکان و تێگەیشتن لەکەسایەتیی مرۆڤ و بۆ ناسینی نەفسیەتی کورد و گەلانی دەوروبەری، هەروەها کۆمەڵناسی بۆ ناسینی یاسا کۆمەڵایەتییەکان و تەوژمەکانی کۆمەڵگە....تاد.

٦- ناسینی حاڵەتە هاوشێوەکان، واتە ئەو گەلانەی کە وەکو کورد نەیانتوانیوە دەوڵەت دابمەزرێنن.

کەواتە پێویستە بەر لەوەی قسە دەربارەی ئەم کێشەیە بکەین لەخۆمان بپرسین: زانیاریی ئێمە لەبارەی ئەم بابەتە چەندە؟

کێشەیەکی مێژوویی

لەمێژووی کوردستاندا و بەدرێژایی زیاد لە (٥٠٠٠)ساڵ (باسی چەرخە بەردینەکانیش ناکەین) تەنها چەند نموونەیەکی کەمی دەوڵەت دەبینین:-

١- زوو دەوڵەتێك هەبوو بەناوی خامازی (دەوروبەری ٢٥٠٠ پێش زاین تا دەوروبەری ٢٣٠٠ پێش زاین) کە زۆر لەوە دەچێت گوندی (خەمزە)ی شاربازێر پاشماوەی بێت. ئەم دەوڵەتە دەستەڵاتێکی گەورەی هەبوو[1].

٢- دەوڵەتی گوتی (کۆتایی سەدەی ٢٣ تا کۆتایی سەدەی ٢٢ی پێش زاین).

٣- دەوڵەتی میتانی لەکوردستانی باکوور کە دەستەڵاتی گەیشتبووە کەرکووك (سەدەی ١٥ تا سەدەی ١٤ی پێش زاین).

٤- دەوڵەتی ماد (سەدەی حەوت پ.ز تا سەدەی شەشەم پ.ز.)



٥- هەر گەلێکیش لەکوردستاندا جاروبار دەوڵەتی یەکگرتووی خۆی دروست دەکرد.

کوردستانی کۆن و بەر لەکورد چەند گەلێکی تیادا دەژیا و حسابی دەوڵەت تەنها بۆ ئەو گەلانە دەکەین کە توانیبێتیان دەوڵەتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنن نەك وڵاتەکەیان لەژمارەیەك ئەمارەت پێك هاتبێت.

ماوەیەکی زۆریش پێش دەوڵەتی ماد، هەروەها لەو دەوڵەتەوە تا ئەمڕۆ هیچ دەوڵەتێکی کوردستانیی و سەرتاسەری دروست نەبووە، حسابیش بۆ ئەمارەتە کوردیەکان ناکەین چونکە ناوی دەوڵەتی کوردییان بەسەردا ناسەپێت.

لەمەوە دەزانین کە نەبوونی دەوڵەت (بەو واتایەی مەبەستمانە) لەکوردستاندا کێشەیەکی نوێ نییە و رەگی لەناو مێژوودا داکوتراوە.

مێژووی دووبارە بووی کوردستان

ئەگەر کەسێك گومانی لە دووبارە بوونەوەی مێژوو هەیە با سەرنجی مێژووی کوردستان بدات تا بزانێت چۆن لەم وڵاتەدا مێژوو سێ جار و دەجار خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەگەر ناسینی مێژووش بۆ گەلانی تر کارێکی گرنگە ناسینی مێژوو بۆ کوردستان شتێکی ئەساسییە.

ئەگەر شارەزای مێژووی کوردستان بین نموونەی زۆر لەسەر ئەم دووبارە بوونەوەیە دەدۆزینەوە، با هەندێکیش لەو نمونانە بخەینە روو:-

لەناوچەی سلێمانی و شارەزوور گەلێك نیشتەجێ بوو بوو بەناوی (لوللو) کە لەم دواییەدا کتێبێکمان لەبارەیەوە بڵاوکردەوە. وڵاتی ئەم گەلە بەلای کەمەوە لەهەزاری یەکەمی پێش زاین پێی دەوترا زاموا Zamua ئەم گەلە نزیکی ٤٣٠٠ ساڵ بەر لەئێستا مێژوو ناوی تۆمار دەکات و تا دوای زیاد لە ١٧٠٠ ساڵ دەمێنێت. وڵاتەکەشی لەگەورەترین فراوانبوونیدا هاوجووتی پارێزگای سلێمانی بوو و شتێك زیاتر (سلێمانی پێش راپەرینی١٩٩١ و پێش دامەزراندنی پارێزگای دووەمی کەرکووك).

رەنگە ئەم هاوجووتیە زۆر سەرنجی خوێنەر رانەکێشێت و لەوانەیە بڵێت کە شتێکی (سیحری)ی تێدا نییە، چونکە سنوورەکانی پارێزگای سلێمانی دەستکردن بەڵام با پەلە نەکەین:

(٢٣) یان (٢٤) سەدە پاش نەمانی ئەم گەلە ئەمارەتی (بابان) هەمان سنووری هەبوو (لەگەڵ جیاوازیی کەم یان زۆر)، دوای ئەو ئەمارەتەش حکومەتی شێخ مەحموود هەمان سنووری هەبوو، ئەمڕۆش دەسەڵاتی (ی.ن.ك) هەمان سنووری هەیە. ئایا ئەمە رێکەوتە؟ یان ئایا هەر یەك لەمانە هۆشیارانە هەوڵی داوە مێژووی ئەو گەلە دووبارە بکاتەوە؟

ئەمیرەکانی بابان نەك هەر ئاگاداری مێژووی ئەو گەلە نەبوون، بەڵکو تەنانەت

ناویشیان نەبیستبوو. شێخ مەحمووديش هەروا، بەرپرسانی (ی.ن.ك)يش هەر ئەوەندە لەمێژووی ئەو گەلە شارەزان کە لە بابەتە ((مێژوویی))یە لابەلاکانی کتێب و گۆڤارە کوردیەکاندا هەیە. کەواتە هیچ لەمانە کە لەسەر خاکی (زاموا) ژیاون هەوڵیان نەداوە مێژوو دووبارە بکەنەوە، بەڵام خۆ ئەمە رێکەوت نییە.

هیچ پەیوەندییەکی ئایینی و نەتەوەییش نییە لەنێوان ئەو گەلە لەلایەك و بابانیەکان و شێخ مەحموود و (ی.ن.ك) لەلاکەیتر. پەیوەستە فیکرەییەکانی نێوان ئەو چوار ئەکتەرەش تا بڵێی لاوازە ئەگەر ئەسڵەن هەبێت. ئەمانە تەنها میراتگری زەوی و هەڵەکانی یەکترن هیچی تر.

مەسەلە نە میراتیی ئایینی و نەتەوەیی و فیکرییە و نە هەوڵێکی هۆشیارانەی دووبارەکردنەوەی مێژوو و نەرێکەوتیشە.

دووبارە بوونەوەی مێژوو بەم ئاستە نەوەستاوە بەڵکو هەروەها هەندێك وردە رووداویشی گرتۆتەوە.

ساڵی ٨٨١ی پێش زاین میرانی (زاموا) دژی پادشای ئاشوری (ئاشور ناصیرپالی دووەم) یەکیان گرت و دەربەندی (بازیان)یان بەدیوارێك داخست بەڵام لەوێدا شکان[٢].

عەبدولرەحمان پاشای بابان پاش ٢٧٠٠ ساڵ بەهەمان شێوەو دژی والی بەغدا دووجار دەربەندی بازیانی داخست و هەردوو جارەکە هێزی والی لەدەربەندێکەوە دزەی کرد و پشتی لێگرت[٣]. شێخ مەحمود لەشەڕەکەیدا دژی ئینگلیز لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دیواری دروست نەکرد بەڵام هەر لەوێدا شەڕی کرد و شکا.

شوێنەوار ناس (سپایزەر) کە لە بیستەکاندا هاتبووە ناوچەکە بەراوردێکی ترمان بۆ دەکات:

ساڵی ٨٨١و پاش شکانی میرانی ناوچەکە دەرکەوتووترین میری زاموا رووی کردە ناوچەیەك کە پێدەچێت ناوچەی کێوەکانی (سورێن) بێت، واتە نزیك پێنجوێن، شەڕە دوایەمینەکانی ساڵی دواییتریش (٨٨٠پ.ز) دژی میری زاموا لەدەشتی ناوچەی پێنجوێندا بوو. شێخ مەحمودیش دوای شەڕی بازیان رووی کردە ناوچەی پێنجوێن[٤]. دەشزانین کەوا کۆڕەوەکەی ١٩٩١ی ناوچەی سلێمانی بەزۆری بۆ پێنجوێن و شارباژێڕ بوو. پاش ٣١ی ئابی ١٩٩٦ هێزەکانی (ی.ن.ك) روویان کردە ئەو دوو ناوچەیە. لەهەموو نموونەکانیشدا قورسایی هێزەکان لەناوچەی پێنجوێندا بوون.

ئەمڕۆ ئەگەر مێژووی کوردستان لە ئەلفەوە بۆ یا لەبەر دەستماندا بووایە دەبووە گەمەیەکی خۆش بۆ قوتابیان ئەگەر مامۆستا داوای دۆزینەوەی رووداوە لەیەکچووەکانی لێ بکردنایە. بەڵام ئێمە گەمە ناکەین و پێویستە شوێنی ئەم دووبارە بوونانە بکەوین تا هۆکانیان بدۆزینەوە. ئەگەر ئەمەمان بۆ کرا بەشێکی گەورە لە وەڵامی کێشەی دەوڵەتمان دەستگیر دەبێت.

هــــــۆکــــــارەکان

هۆکانی نەبوونی دەوڵەتی کوردی دوانن: دەرەکی و ناوەوە. مەبەستمان لەدەرەکی کاری وڵاتان و دەوڵەتان و گەلانی دەوروبەر و جیهان. بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو وڵاتێك دەکەوێتە ژێر ئەم جۆرە کارە دەرەکیەوەو لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەو وڵاتانە بوونە دەوڵەت، پێویستە زیاتر تەئکید لەسەر هۆی ناوەوە بکەین، کوردستان کوشتەی (دەرەکی)یە بەڵام (ناوەوە) کوشندەترە بۆی.

نەخشەیەکی هۆکانی ناوە

هۆی یەکەم و سەرەکیی ناوەوەی نەبوونی دەوڵەتی کوردستانی بەبڕوامان دواکەوتنە. ئەم دواکەوتنەش هۆیەکی سەرەکیی (لەناو چەندین هۆی تر) لەپشتەوەیە کە گۆشەگیرییە. تێکەڵاو بوون بەجیهانی دەرەوە یان هیچ نەبێت ئاگادار بوون لەو جیهانە گۆشەگیری کەم دەکاتەوەو رێگە لەدواکەوتن دەگرێت. دیسان ئەم گۆشەگیرییە هۆی هەیە کە جوگرافیای وڵاتەکەیە. کوردستان

وڵاتێکی شاخاوییە بۆیە گۆشەگیرە. ئەم لایەنە جوگرافی و تۆپۆگرافییەش بۆتە هۆی دیاردەیەکی تر ئەویش پەرتەوازەیی.
کەواتە نەخشەکەمان کە قابیلی دەستکاری کردنە بەم جۆرەی لێدێت (سەبارەت بەهۆی ناوەوە بە تەنیا):



ئەم هۆیانەی سەرەوەش (گۆشەگیری، دواکەوتن، پەرتەوازەیی) شتیتر کاریان تێدەکەن، هەروەها هۆی ناوەوەیتر هەن بۆ نەبوونی دەوڵەت غەیری ئەمانە بەڵام بەبڕوامان ئەمانە (لەگەڵ جوگرافیادا) هۆی سەرەکین. با لەیادیشمان نەچێت: هۆی ناوەوەی سەرەکی.

یەکەم: جیۆپۆلیتیکی کوردستان

١- کوردستانی سەرەڕێ

بەتەماشایەکی سەرپێیی نەخشەی جوگرافی کوردستان و دەوروبەری بۆمان دەردەکەوێت کەوا کوردستان یەکێکە لە سنوورە کەمەکانی بەیەك گەیشتنی رۆژهەڵات (ئێران، هندستان، چین) و رۆژئاوا. هەر هێرشێکی رۆژئاواش بۆ رۆژهەڵات و بەپێچەوانەوە پێویستە بەچەند شوێنێکی کەمدا تێپەڕێت کە کوردستان یەکێکیانە. کاتێکیش ماڵەکەت ببێتە سەرەڕێ نە سەربەخۆییت دەست دەکەوێت و نەبایەخ بەبیناکردنی ماڵەکەت دەدەیت:

١) سەربەخۆیی: گریمان دەوڵەتێکی دیاری کراو دەیەوێت کوردستان بگرێت؛ خەڵکەکە بەرگری دەکەن، کاتێکیش دەشکێن روو دەکەنە کێوەکان، ئەگەر لەوێشدا شکان و سەرجەم وڵاتەکە گیرا جەنگ کۆتایی پێدێت. دەوڵەتی داگیرکەریش ئەگەر قەناعەت بەوە بکات کوردستان دەبێتە سنوورێکی لەگەڵ دەوڵەتێکیتر کە کەوتۆتە پشت کوردستان، بەڵام ئەگەر دەوڵەتی داگیرکەر چاوی بڕییە پشت کوردستان، ئەو کاتە کوردستان دەبێتە سنوورێکی نزیك و رێڕەوێك بۆ گەشتن بەسنوورێکی دوورتر.. لێرەدا کوردستان بووە سەرەڕێ و سەرەبەخۆییەکەی دوورتر کەوتەوە چونکە هێزی داگیرکەر زیاتر خۆی لەسەر جەستەی سەپاند.

٢) کە وڵاتەکەش بووە سەرەڕێ بۆ لەشکرەکان؛ بنیات نانی ئابووری و سەربازیی وڵاتەکە دەبێتە گرانترین کار. وڵات سوود لەوە وەردەگرێت کە ببێتە رێگەی بازرگانی و داهات بۆ خۆی کۆبکاتەوە نەك خواردن بەلەشکری دەوڵەتی داگیرکەر بدات.

٢-قەڵاکانی پشتەوە

وڵاتی سەرەڕێ چیتر ناتوانێت پەناگەیەك بدۆزێتەوە بۆ دامەزراندنی ئەمارەتێك و لەشکرێك کە ببنە بنکەو نەواتی سەربەخۆبوونەوەو ناتوانێت بستێك زەوی بۆ کۆکردنەوەی داهات بۆ ئەو نەواتە دابین بکات.

وڵاتی سەرەڕێ چیتر قەڵای پشتەوەی نامێنێت.. مەبەستی ئێمە لەقەڵای پشتەوە ئەو قەڵایە نییە کە بەداروبەرد دروست دەکرێت، بەڵکو ئەو زەوییە ئازادکراوە ئەمینەیە کە وەکو بنکەیەکی کارکردن دەشێت.

ساڵی ٨٨١ و ٨٨٠ی پێش زاین کە شەڕەخوێناوییەکانی زاموا بەداگیرکردنی لەلایەن پادشای ئاشورەوە (ئاشور ناصرپالی دووەم) کۆتاییان پێهات، زاموا بووە سنوورێکی رۆژهەڵاتی بۆ دەوڵەتی ئاشور، بەڵام کاتێك پادشای دوای ئەو (شالمانەسەری سێیەم) جەنگەکەی گواستەوە ناو کوردستانی ئێران، زاموا بووە سەرەڕێ. جەنگی دوایی‌تری

ئاشور و تا دوای دوو سەدە بۆ جێگیرکردنی دەستەڵاتەکەیان بوو لەوڵاتی (ماد)و ماننا M anna و ناوچەکانی باشووریان و تا کرماشان کە هەموو ئەمانە کەوتوونەتە ئەودیو زاموا، زامواش زیاتر و زیاتر بووە سەرەڕێ و قەڵاکانی پشتەوەی نەماو لەگەڵ نەمانیان هیوای سەربەخۆبوونەوەی نەما.

جەنگەکە ئیتر لەوڵاتی (ماد)دا بوو، مادەکان گەلێکی بەهێز بوون، بەڵام گرنگترین شت ئەوەبوو کە مەکینەی جەنگی ئاشوری نەیتوانی زۆرتر رووەو رۆژهەڵات بچێت و بەتەعبیری لێکۆڵەرەوەی عەسکەریی ناودار (کلاوسڤیتز) گەشتە خاڵی لوتکەی سەرکەوتن (نقطة ذروة الأنتصار)[٥]، ئاشور نەیتوانی ماد بکاتە سەرەڕێ بۆیە پاش هەموو لێدانێکی سەخت وڵاتی ماد هێشتا

قەڵاکانی پشتەوەی مابوو، هەر ئەو قەڵایانەش بوون کە مادەکانی لەتێکشکانێکی یەکجارەکی پاراست و پاشان بوونە بنکەی دەوڵەتێکی بەهێز کە هەرەسی بەئاشور هێنا.

دەوڵەتی (ئوراتو Urartu)ش کە پایتەختەکەی تەنیشت شاری (وان) بوو سنورێکی دوور بوو لەئاشور و لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێك لێدراو کە قووڵترینیان لەسەردەستی سارگۆنی دووەمی ئاشور (٧٢١-٧٠٥پ.ز) بوو بەڵام چونکە ئورارتو دوورتر بوو لە ئاشور (لەچاو ناوچەکانی تری کوردستانی باکوور) ئەوەندەی پێنەچوو وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ -ئەگەر چیش لاواز- دەرکەوتەوە.

وڵاتی (نائیری Nairi) نزیکتر بوو لەئاشور بەڵام پاش چەند جەنگێك و لەسەر دەستی چەند پادشایەك بووە سەرەڕێ بۆ ئورارتو (بڕوانە نەخشەکە بۆ شوێنی ئەمانە).

کوردستان پاش ئاشورییەکان زیاتر بووە سەرەڕێ و مەیدانی یەکەم و سەرەکی جەنگی نێوان دەوڵەتی ئەشکانی (پارثی) لەئێران و دەوڵەتی رۆما هەروەها نێوان دەوڵەتی ساسانی و دەوڵەتی رۆما (پاشان بیزەنتا) نێوان سەدەی یەکەمی پێش زاین تا دەرکەوتنی ئیسلام لەسەدەی حەوتی زاینی واتە بۆ ماوەی نزیکی هەشت سەدە.

٣- چیا و روبار

ئەوەی وتمان مەوقعی جوگرافییە، لەڕووی (تۆپۆگرافیا)شەوە کوردستان پڕە لە چیاو روبار، کاتێکیش وڵاتەکە سەرەڕێ بێت چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە ئەوپەڕی تێکەڵی لەگەڵ گەلاندا هەبێت و ئەمەش وڵاتەکە پێش بخات بەڵام سەختیی ناوچەکە ببووە هۆی ئەوەی ئەمارەتەکان یان دەوڵەتی مەرکەزیی داگیرکەر نەتوانێت بەتەواوی کۆنترۆڵی وڵاتەکە بکات بۆیە زۆر کات رێگروجەردە هەبوون و رێگاوبانیان نائەمین دەکرد. بۆیە کوردستان لەدوو رووەوە تۆپۆگرافیاکەی دوای خست: یەکەمیان لەبەر رێخۆش کردن بۆ جەردەکان، دووەمیش لەبەر ئەوەی دروستکردنی رێگاوبان کارێکی گران بوو.لەبەر ئەوەش کوردستانی سەرەڕێی رێگەی کاروان نەبوو، بەڵکو زیاتر رێگەی لەشکر بوو، واتە: لاوازکردنی ئیمکاناتی پێشکەوتن بەهۆی نەبوونی رێگەی کاروان و تێکشکاندنی ئەو ئیمکانیاتەی بەهۆی هاتوچۆی لەشکرەکان.

دووەم: گۆشەگیری

بەهۆی ئەم سەختییەی کوردستانەوە گۆشەگیری مۆرکێکی زاڵی خەڵکی کوردستان بوو. بەم جۆرە هەردوو تایبەتیی (سەرەڕێ)و (گۆشەگیری) هەرچەندە دژ بەیەکن پێکەوە هەن و کاری سلبییان هەیە.

بێگومان پێویستە تێکەڵ بوون کاریگەر بێت واتە سوود لەتەجروبەو پێشکەوتنی وڵاتان وەربگیرێت هەروەك چۆن سوود لەپارەکەشیان وەر دەگیرێت کاتێك کاروانەکان بەوڵاتدا تێدەپەڕن ئەگینا بەتەنها ئاگادار بوون لەجیهانی دەوروبەر بەس نیە. جیهانی سێیەمیش کە دواکەوتووە هۆیەکی دواکەوتن ئەوەیە سوودی لەتەجروبەی رۆژئاوا لەمەیدانی زانست و تەکنەلۆجیادا وەرنەگرتووە، بەڵام کوردستان نە سوودەکەی وەرگرتووەو نە بەئاگاش بووە، هۆیەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قسەیەی کە دەڵێت کوردستان (ساحیبی) نییە، بێگومان کاتێکیش ساحیبێکی هەبوو بێت ئەو ساحیبە لە (بەگ)ێك زیاتر نەبووە.

هەبوونی چیاو روبار نەك تەنها کوردستانی لەجیهان دوورخستووە بەڵکو هەروەها ناوچەکانی کوردستانیشی لەیەکتر جیاکردۆتەوە و کە ئەمە هۆیەکی زۆر کاریگەری نەبوونی دەوڵەتە. چیا و روبار گەلانی کۆنی کوردستانیان لەیەك جیاکردبووەوەو تا ئەمڕۆ کاری خۆیان دەکەن.

بەڵێ؛ گەلەکان لەسنوورەکاندا تێکەڵ بەیەك دەبن و خێڵەکان کۆچ دەکەن، بەڵام چیا و روبارەکان سنوور بۆ ئەم تێکەڵ بوونە دادەنێن.

تێبینی ئەوەش بکە کە زاری کرمانجی ژووروو لە (زێی بادینان)دا دەوەستێت. بێگومان زێ (پردی سیرات) یان (دیواری بەرلین) نییە و تێکەڵیی زارەکان لەم بەرو لەوبەری زێوە هەیە و زۆریشە، بەڵام ئەوەش راستە کە زێ سنووری بەرچاوی نێوان دوو زارەکەیە.

چیاو روبار وەکو سنورێکی سیاسیش دەور دەبینن، واتە وەکو سنورێکی نێوان قەوارە سیاسییەکان، وەك چۆن زێی دوکان بۆ ماوەیەك ببووە سنووری نێوان دوو ئەمارەتی (بابان) و (سۆران).

دیاره کردنەوەی ڕێگەوبان کاری جوگرافیا و تۆپۆگرافیا کەم دەکاتەوە. دەبوایە کارێکی هەرە گرنگی هەر فەرمانڕەوایەك دروست کردنی ڕێگەوبان و پرد بوایە. مەبەستیشمان دروست کردنی ڕێگەیەك و دوان یان پرد و لەتێك نییە بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ڕێگەو پرد ئەوەندە زۆر و مەحکەم بوونایە کاری تۆپۆگرافیایان هەڵتەکاندایە.

دەوڵەتی (ڕۆما)ش ئەم کارەی کردبووە پرۆژەی بەردەوامی خۆی. یەکەم ڕێگە ئەو دەوڵەتە دروستی کردبوو ساڵی ٣١٢ پێش زاین دەستی پێکرا واتە پاش سەرکەوتنی ڕۆما بەسەر گەلی (سامنی) ساڵی ٣١٤ پێش زایین[٧] و درێژییەکەی نزیکەی (٢٢٠) کیلۆمەتر بوو[٨]. دروستکردنی ڕێگە بەردەوام بوو. لەئیتاڵیادا (٣٧٢) ڕێگەی سەرەکی هەبوون کە نزیکی (١٩٥) هەزار کیلۆمەتر درێژییان بوو، لەوڵاتانی ژێردەستی ڕۆماشدا نزیکی (٨٤٠) هەزار کیلۆمەتر ئەمەش جگە لەتۆڕێکی تری ڕێگەی لاوەکی[٩].

گۆشەگیریی بەشەکانی کوردستان و گۆشەگیری لەجیهان بەهۆی جوگرافیاوە (هەروەها بەهۆی باری ئەمنی) بوونە هۆی دواکەوتن، زاڵ بوونیش بەسەر ئەم گۆشەگیرییە چەند کارێکی پێویستە وەك دروستکردنی ڕێگەو بان و دامەزراندنی ئاسایش، پەیوەست بوونێکی کاریگەر بەجیهانی دەرەوە،...تاد.

سێیەم: پەرتەوازەیی

لایەنی جوگرافی هۆکارێکی سەرەکیە بۆ پەرتەوازەیی. پەرتەوازەییش زیانی زۆرە:

١- قەت داهاتی هەر ئەمارەتێك ناگاتە داهاتی دەوڵەتێکی یەککرتوو، داهاتیش کە زۆر بێت لەشکری وڵاتەکە گەورەتر دەبێت و پرۆژەی حکومی زۆر دەبن و کە یەکێکیان ڕێگەوبانە.

٢- بەش بوونی وڵات بەسەر چەند ئیمارەتێك واتای جەنگی حەتمیی نێوان ئەمارەتەکان و نەزیفی ئیمکانیاتیان. حەتمیەتی جەنگ نەك تەنها لەبەر مونافەسەی نێوان ئەمارەتەکان بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە جەنگی نێوان دوو ئەمارەت ئاسانترە لەجەنگی دەوڵەتێك لەگەڵ ئەوەی تر.

٣- ئەنجامی شەڕی ئەمارەتەکانیش دژی دەوڵەتێکی دراوسێ ئەنجامێکی زانراوە، زۆربەی کاتیش ئەمارەت نێچیرێکی باشە بۆ دەوڵەتی دراوسێ.

پەرتەوازەیش تایبەتێکی ناسراوی کوردە. (بەدلیسی) لەشەرەفنامەکەیدا دەڵێت کەوا کورد لەسەر ناکۆکی دروست بوون[١٠]. (کینان)ی ڕۆژئاواییش دەڵێت کورد ململانە دژی کوردێکیتر بەکارێکی ئاسانتر دەزانێت لەچاو ململانە لەگەڵ کەسێکیتردا[١١].

هۆی ئەمەش ئەوە نییە کە کورد وەك بەدلیسی دەڵێت لەسەر ناکۆکی دروست بووبێت بەڵکو بارودۆخەکە وای لێکردووە. ئەمیرەکان هاوشانی یەکتر بوون و هەریەکێکیان لەدەوڵەتی ئیقلیمی دراوسێ بێهێزترە بۆیە ئاسانترە لای کە دژی ئەمیرێکی هاوشانی خۆی شەڕ بکات، وەك لەشەڕی دژی دەوڵەتێك.

پەرتەوازەیی دەردێکی کۆنی کوردستانە، لەشەڕەکانی زاموادا بینیمان چۆن ژمارەیەك میر هەبوون، لەهەمان وڵاتداو بەر لە هەزار ساڵ لەو شەڕانە بەڵگەنامە هەیە لەسەر زۆریی پاشاکانی ئەوێ.

لە وڵاتی (نائیری)دا و لەکاتی پاشای ئاشوری توکولتی نینورتایەکەم (١٢٤٤-١٢٠٨پ.ن) چل پادشای هەبوو(١٢). تیگلات پلاسەری یەکەمی ئاشوریش لەساڵی ١١١٣پ.ز باسی (٢٣) پادشای ئەو وڵاتە دەکات(١٣). ئەمانەش تەنها چەند نمونەیەکی کەمن. فرە ئەمارەتیش لەکوردستان بەر لەچەند سەدەیەك شتێکە هەموو کەس دەیزانێت، ئەمڕۆش لە لەتێکی کوردستاندا دوو حکومەت هەیە.

شارێکی مەزن..... هۆیەکی مەزن

ئەگەر لە وڵاتێکدا ژمارەیەك شار هەبن و لەڕووی قەبارەوە وەکو یەك بن شتێکی چاوەڕوان کراوە کە هەر یەکێك لەم شارانە خۆی بەهاوشانی ئەویتر بزانێت، یان بەلای کەمەوە دەتوانێت ببێتە هاوشانی.

ئەگەر شارێکی واش بتوانێت ئەوانیتر داگیر بکات ئەوا ناتوانێت تا سەر ئەم دەستەڵاتەی خۆی بهێڵێتەوە... تەنها شارێکی گەورە ئەمەی بۆ دەکرێت.

بۆ نموونە ئەگەر ئەوسا دە شار هەبووبن کە ژمارەی دانیشتوانی هەر یەکێکیان (٣٠) هەزار کەسە، ئەو کاتە هەر یەکێکیان دەتوانێت ئەو پەڕەکەی پێنج هەزار چەکدار کۆبکاتەوە، پێنج هەزار چەکدار بەرامبەر پێنج هەزار چەکدار، ژمارەی ئەو چەکدارانەش کە شارەکە دەتوانێت لەشارو گوندەکانی دەوروبەر کۆیان بکاتەوە نزیکە لەو ژمارەیەی کە شارەکەی تر بۆی کۆدەبێتەوە.

چەندیش ژمارەی ئەو شارانەی کە شارەکەمان دەیەوێت داگیریان بکات زۆر بێت

ئەوەندەش ئەو پرۆژە فراوانکارییە ناماقووڵ دەبێت.

ئێستاش ئەگەر یەکێك لەو شارانە توانی ژمارەی دانیشتوانی زیاد بکات و بیگەیەنێتە سەد هەزار کەس، ئەوکاتە و بەپێی هەمان رێژە دەتوانێت زیاد لە (١٥) هەزار چەکدار کۆبکاتەوە و پرۆژەی داگیرکردن بەشێوەیەکی ئاسانتر بەجێ بهێنێت.

مەسەلەکەش نەك تەنها زیاد کردنی ژمارەی چەکداران نییە بەڵکو هەروەها زیادکردنی داهاتە، پەیداکردنی هەیبەتە، کەم کردنی هەستی هاوشانی و مونافەسە لای شارەکانیتر.

کوردستان پڕی بوو لە شارە هاوشانەکان، پڕی بوو لە ئەمارەتە هاوشانەکان، هیچیش لەمانە خۆی نەکردە ئەمارەتێك یان شارێکی بێ‌مونافس، بۆیە ئەگەر هەر یەکێك لەمانە شارەکان یان ئەمارەتەکانی تری قوت بدایە دەبوو زوو هەموویانی ((یەق)) بکردایەوە.

دانیشتوانی شاری سلێمانی (٣٦) ساڵ پاش دروست کردنی بەدەهەزار کەس مەزەندە کرابوو، نزیکی پەنجا ساڵیش دوای ئەوەماڵەکانی نزیکی شەش هەزار بوون[١٤]. شارێکی وا پرۆژەی گەورەی فراوانکاری پێناکرێت.

مەکیاڤیللی (١٤٦٩-١٥٢٧ز) کە فکرەی شاری گەورەمان لەوەوە وەرگرتووە دەیوت کەوا ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی شارەکە زۆر نەبێت ئەوا شارەکە ناتوانێت کاری زۆر بەئەنجام بهێنێت.

مەکیاڤیللی شارەکە بە درەختێك دەشوبهێنێت و دەڵێت کە قەدێکی باریکی درەختێك هەرگیز ناتوانێت لقێکی قورس رابگرێت و نموونەی شاری رۆما بۆ قەدی ئەستوور و شاری (سپارتا) بۆ قەدی باریك دەهێنێتەوە.

رۆما بەهەردوو رێگەی خۆشی و زۆرەملێ ژمارەی دانیشتوانی خۆی زیاد دەکرد بۆیە لەسەردەمی شەشەمین پادشای خۆیدا -وەك مەکیاڤیللی دەڵێت- هەشتا هەزار چەکداری هەبوو پاشان لەسەردەمی کۆماریدا توانی (٢٨٠) هەزار کەس چەکدار بکات ئەمە لەکاتێکدا دوو شاری دەرکەوتووی یۆنان (ئەثینا) و (سپارتا) -چونکە حەزیان بەتێکەڵاوی نەدەکرد و هانی بێگانەکانیان نەدەدا بۆ جێگیر بوون لەشارەکەیاندا- نەیانتوانی لەهیچ کاتێکی مێژوویاندا زیاتر لە بیست هەزار کەس چەکدار بکەن، لەبەر ئەوەش کاتێك (سپارتا) توانی هەموو وڵاتی یۆنان بخاتە ژێر دەستی خۆی نەیتوانی دەوام بەمە بدات و زوو ئیمپراتۆریەتەکەی دۆڕاند. قەدێکی لاوازی وا لەگەڵ هەڵکردنی یەکەم بادا دەشکێت لەکاتێکدا ئەمە تووشی رۆما نەدەبوو چونکە قەدەکەی ئەوەندە گەورە بوو کە دەیتوانی هەرچی لق هەیە رایبگرێت[١٥].

بەم شێوەیەش هیچ لەئەمارەتەکانی کوردستان توانای ئەوەیان نەبوو ئەمارەتەکانی تر قووت بدەن، هەر هەوڵێکیش بۆ ئامانجێکی وا واتای خۆکوشتن بوو. ئەمەش حاڵی ئەمارەتی سۆران بوو کە پاش فراوانکردنی سنووری باشووری لەسەر حیسابی بابانیەکان و پاش قووت دانی ئەمارەتی بادینان ویستی ئەمارەتەکەی بەدرخان بگرێت و لەوێوە سەرەتای هەرەسی دەست پێکرد.

جگە لەوەی کە شارەکانی کوردستان هاوشانی یەکتر بوون ئەو شارانە قەڵا بوون، یەکێکیش لەزیانەکانی قەڵا ئەوەیە هانی فەرمانڕەواکەی دەدات بۆ یاخی بوون لە ئەمیرەکە یان لەدەوڵەتی مەرکەزی، ئەمەش زۆر رووی داوەو ئەمە هۆیەکی پەرت بوونی ئەمارەتەکە یان دەوڵەتەکەیە.

لەمێژووی جیهانیشدا نموونەی فەڕەنسای ئەوسا هەیە کاتێك هەر دەرەبەگێك دەیتوانی لەپادشای فەڕەنسا یاخی ببێت چونکە قەڵای خۆی هەبوو.

کەواتە دەبوایە لە کوردستاندا شارێك هەبووایە کە دانیشتوانی دە ئەوەندەی گەورەترین شاری تری کوردستان بوایە بۆ ئەوەی هیچ شارێك هاوشانی نەبێت و بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو ئەو شارانە بگرێت و دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا بهێڵێتەوە.

بێگومان ئەو شارە مەزنە پاش دەستگرتن بەسەر شارەکانیتر بێکێشە نامێنێتەوەو دووچاری یاخی بوونێکی زۆر دەبێت بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ قەدە باریکەکان ئەو شارە دەتوانێت باشتر و زیاتر بەردەوامی بە وەزعەکەی خۆی بدات.

چوارەم: دواکەوتن

هەموو ئەوانەی سەرەوە دواکەوتن دەهێننە بەرهەم. دواکەوتنیش هەموو روویەکی گرتۆتەوە؛ ئابووری، سیاسی، سەربازی، شارستانی.

داگیرکەر هەمیشە هەوڵ دەدات ژێردەستەکانی دواکەوتوو بن تا ژێر دەستەیی لایان شتێکی ئاسایی بێت، تەنانەت حوکمی نیشتمانی کاتێك ئیستبداد پیادە دەکات هەوڵ دەدات گەل دواکەوتوو بێت چونکە گەلی دواکەوتوو بەکۆیلێتی رازییە.

لەمێژووی کوردستاندا لەوە ناچێت داگیرکەر هۆشیارانە ویستبێتی دواکەوتن باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت و دواکەوتن زیاتر ئەنجامی هۆکانیتر بوو. هەوڵی وشیارانەی سەپاندنی دواکەوتن زیاتر لەمێژووی نوێی کوردستاندا دەبینرێت.

لێرەدا چەند مەیدانێکی دواکەوتن دەستنیشان دەکەین کە گرنگترینیان دوواکەوتوویی پێشەواکان و دواکەوتوویی دەزگاکانن جگە لەچەند مەیدانێکی تر کە ئەهمیەتی پلەدوویان هەیە.

١- قەیرانی پێشەوایەتی

یەکێك لە نیشانەکانی دواکەوتوویی پێشەواکان تێنەگەیشتن و نەزانینی ئەهمیەتی شاری مەزن. نیشانەکانیتر زۆرن.

کورد پێشەوای زۆری هەبوو، پێشەوای زۆریش دیاردەیەکی باش نییە چونکە لەکەمی پێشەوای لێهاتوو پێشەوا زۆر دەبن.

کورد پێشەوای لێهاتووی هەبووە بەڵام کامەی لەناویاندا زۆر لێهاتوو بوو پێشەوایەك بوو لەسەر ئاستی کوردستان نەك لەسەر ئاستی ئیقلیمی چ جای جیهانی.

زۆر لەپێشەواکان لەچاو خەڵکەکە لوتکە بوون، بەڵام هەرگیز لەئاستی سەردەمەکەیاندا نەبوون.

پێشەواکان ئاگایان لە جیهانی دەوروبەریان نەبوو، میرێکی ئەمارەتی بابان یان بادینان نەیدەزانی لەئەوروپا چ باسە، (فرەیزەر) دەڵێت کە میری بابان بەردەوام نامەی بۆ دەنارد و لێی دەپرسیەوە لەبارەی بارودۆخی ئەوروپا و بەتایبەتی پەیوەندی نێوان رووسیا و عوسمانییەکان[١٧]. نموونەش لەمە باشتر نییە لەسەر بێئاگایی کە من چاوەڕێی کەسانێکیتر بم بۆ زانیاری.

دواکەوتنی پێشەوایەتی و بێئەوەی رووی تری ئەم دواکەوتنە بڵێین ئەنجامی لێکەوتەوە:

١- هەموو پێشەواکان هاوشانی یەکتر بوون، بۆیە هیچ کامیان نەیتوانیوە ئەوانیتر بخاتە ژێر رکێفی خۆی یان بەبراگەورەیی ئەو رازی بن.

تا ئەمڕۆ ((براگەورەیی)) کەسێك دەیسەپێنێت کە شایەنی ئەو پلەیە نییە.

٢- بەڵام تەنانەت لەناو خودی ئەمارەتەکە کەسانێك هەبوون کە خۆیان بەهاوشانی ئەمیر دەزانی کە هەر وەکو قسەی (من چیم و خولەی شێخ سەعید چییە؟) مەبەست لە (شێخ مەحموود) روونی دەکردەوە. لاوازیی ئەمیر ڕێگەی بەم جۆرە موونافەسەیە داوە.

لەمەشەوە حەسوودی نێوان پێشەواکان سەری هەڵدەدا و خیانەت رووی دەدا، خەڵکی سادەی سەدەی رابردووش بەم حەسوودییەی نێوان پێشەواکانیان زانیبوو ئەمەیان بە (ریچ) وتبوو[١٨].

پێشەوای بێمونافیس، پێشەوا لەسەر ئاستی سەردەم دەست نەدەکەوت. (صلاح الدین) نموونەی پێشەوایەك بوو لەسەر ئاستی جیهانی، لەسەر ئاستی ئەرکەکانی جیهانی ئیسلامی، ئەمە لەکاتێکدا میرانی سەردەمی خۆی (بەمیرە کوردەکانەوە) لەبەگێگ زیاتر نەبوون، لەمەشەوە سادەیی رەخنەکانی هەندێك کورد دەزانین کە (صلاح الدین) بەوە تاوانبار دەکەن کە کاری بۆ کورد نەکردووە، هەورەها هەڵەی قەومییە عەرەبەکان کە صلاح الدین بەپاڵەوانی (عروبە) ناودەبەن. لەو سەردەمەدا جگە لەوەی کە فیکرەی نەتەوایەتی وجودی نەبوو، هەروەها هەر ئاڕاستە بوونێك بۆ

غەیری مەسەلەی جیهانی ئیسلامی پێشەواکەی دەکردە یەکێك لەو میرانەی کە بۆ بستێك زەوی دژی براکانیان شەڕیان دەکرد و ژیانی موسڵمانانیان خستبووە نارەحەتی.

یەکێك لەو تایبەتییانەی کە لە ژمارەیەك سەرکردەی کورددا دەبینرێت لەخۆبایی بوونە. ئەو سەرکردانە کاتی بەهێز بوون تووشی غرور دەبوون، تایبەتییەکی تر ملهوڕی و موغامەرە کردنە.

کوردستان پێویستی بەپێشەوایەك بوو کە دڵەکان لەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە نەك دوژمن بۆ خۆی زۆر بکات.

(پاشای کۆرە) بەو هەموو لێهاتوویەی خۆیەوە دوژمنی لەخۆی کۆکردبووەوە ئەویش بەهۆی رەفتاری رەقەوە[19].

میری وا هەبوون کە شایەنی مەدح کرد بوون و مەدحیش کران وەکو سلێمان پاشای‌بابان، بەڵام نموونەکانی لەخۆبایی بوون و موغامەرە کردن کە لەمێژووی کوردستاندا دەیانبینین وامان لێدەکەن ئەم دوو دەردە بەنەخۆشییەکی بەربڵاو بزانین. وابزانین ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرکردەکە لەهیچەوە بووە سەرکردە یان لەبێ‌هێزییەوە دەسەڵاتی زۆری دەست کەوت.

(صلاح الدین) نموونەیەك بوو لەسەر ئەو سەرکردەیەی دڵەکانی لەدەوری خۆی کۆکردەوە. (ابن شداد) نموونەی جۆراوجۆر لەسنگ فراوانی و لێبوردنی لێدەگێڕێتەوە[20]، (صلاح الدین) چەندین شەڕی کردبوو دژی ئەمیرەکانی شام و جزیرە و شوێنانی‌تر بەڵام لەکۆتاییدا توانی هەموویان لەخۆی کۆبکاتەوەو هەموو دان بەپێشەوایەتییەکەی بنێن، نموونەیەکی خۆشویستنی خەڵك بۆ صلاح الدین هەڵوێستی خەڵکی دیاربەکر بوو کاتێك گەمارۆی دابوو وکاتێك میری شارەکە داوای لەخەڵکەکە کرد شەڕی لەگەڵ بکەن بەڵام خەڵکەکە رازی نەبوون. (ابن شداد) لەباسی مردنی (صلاح الدین)دا دەڵێت کەوا لەدوای مردنی خەلیفە راشیدەکان خەڵکی قەت ئەوەندە خەفەتیان بۆ کەس نەخواردبوو[21].

(صلاح الدین) دەیزانی ئەمیرەکان لەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوەو پێشەوای خۆشەویستی سەرجەم موسڵمانان بێت. وە نەبێت ئەمەی بەسیاسەت کردبێت، بەڵکو رەوشتی ئەسڵیی خۆی بووەو ئەنجامی بیرکردنەوە بوو لە مەسەلەی یەکەم و هەرەگرنگەکەی ئەو ساتە ئەویش دەرکردنی خاچ پەرستان. بەڵام زۆر لەبەگە کوردەکان تەنانەت وەکو سیاسەتیش ئەمەیان بۆ نەکرابوو بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێك لەوانە بەگیانێکی بنەبڕ کردن (استئصالی) بیریان دەکردەوەو زۆربەیان بەگیانی براگەورەییەکی فەرزکراو رەفتاریان دەکرد کاتێك نەختێك دەسەڵاتیان گەورەتر دەبوو، گیانی بنەبڕکردن و بیرکردنەوەی براگەورەیی تا ئەمڕۆ ماوە.

شۆڕشی بێ لاشە

نیشانەیەکی دواکەوتوویی پێشەوایەتی ئەوەیە پێشەواکان نەیانتوانیبوو هێزی هەموو جەماوەر بخەنە جووڵە، بۆیە شۆڕشە کوردیەکان –ئەگەر راست بێت ناوی شۆڕش لەهەموویان بنرێت– بەزۆری کاری پێشەواکان بوو. پێشەوا لەگەڵ چەکدارەکانی شۆڕشەکەیان هەڵگیرساندبوو جەماوەریش کەمترین بەشداریی هەبوو لەپرۆژەکە.

با لەراپەڕینی ١٩٩١ەوە دەست پێبکەین؛ کام بیروباوەڕ و هەستی نەتەوایەتی لەوەی ١٩٩١ گەورەتر بوو؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموومان بینیمان چۆن تەنها بەشێکی گەل بەشداری راپەڕینی کرد، بەشەکەی تریش خەریکی تاڵانی بوو، باقی خەڵکەکەش تەنها لایەنگیر بوون.

زۆریش باسی ((داستانی)) کۆڕەوی دوو‌ملیۆنی دەکرێت بێ‌ئەوەی حسابی ئەوە بکرێت کە دەتوانرا لەناو ئەو دوو ملیۆنە بەلای کەمەوە بیست هەزار چەکدار ئامادە بکرێت و داستانێکی راستەقینە تۆمار بکرێت. مەسەلەش نە کەمی چەك بوو (هەرچەندە چەك کەم بوو) و نە چەکی زۆری حکومەتی عێراقی، هەروەها کەمی بوار نەبوو چونکە ئێستا هەشت ساڵ بەسەر راپەڕیندا تێپەڕیوە بەڵام جەماوەر (تعبئە) نەکراوە بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو (مهرج)انەی کە دژی چەکداری‌و بۆ رازی‌کردنی هەندێك کەس قسە دەکەن بازاڕیان گەرمەو گوێیان بۆ دەگیرێت.

هۆی سەرنەگرتنی راپەڕینەکەی ١٩٩١ ئەو دەردە کۆنەیە: شۆڕشەکە بێ‌لاشە بوو، ئەوەندە هەیە کە بەشداریی خەڵك لەم شۆڕشەدا نیسبەتێکی باشتری هەبوو (رەنگە جگە لەشۆڕشی ١٩٧٤)

ئەمە حاڵی (راپەڕینە مەزنەکە) ئەی دەبێت حاڵی شۆڕشەکانی تر چی‌بووبێت؟ زیانی نەبوون یان لاوازیی لاشەکە تەنها لەوەدا نییە کە ژمارەی چەکداران کەم بوو بەڵکو لەوەدایە کە گەل شەڕی درێژخایەنی ناوێت بۆیە بەشداری کردنی چالاکانەی گەل لەشۆڕشەکەدا هێزێکی وا بەو شۆڕشە دەبەخشێت کە پێشەواکان بتوانن درێژە بەشۆڕشەکە بدەن بێ‌ئەوەی گەل تاقەتی بچێت یان بەهۆی قوربانیەکانەوە سارد بێتەوە. چەکدارکردنی گەل بە (ئایدیۆلۆجیا) تاکە رێگەیەکە بۆ ئەم مەبەستە. ئەوەتا دەرکەوتووترین ئایدیۆلۆجیا ئەوەی شۆڕشی ١٩٧٤و راپەڕینی ١٩٩١ بوو بەڵام ئاکامی هەردووکیان دەزانین.

مەبەستیشمان ئەوە نییە کە تەنها وجوودی ئایدیۆلۆجیاکە بەسە بەڵکو دەبێت هەروەها ئەو ئایدیۆلۆجیایە زاڵ بێت و سەرجەم جەماوەر باوەڕێکی وایان پێ‌بێت کە ئامادەبن قوربانیی درێژخایەنی لەپێناویدا بدەن. بێ‌زاڵ بوونی ئایدیۆلۆجیا

جەماوەر (سباق المسافات الطويلة)ی بۆ ناكرێت. ئێستاش دیارە كە هیچ شۆڕشێكی كوردی نەیتوانیوە ئەمە بكات و ئەمەبوو كە هەموو شۆڕشێكی كوردی كردە شۆڕشێكی بێ‌لاشە.

شۆڕشەكە بێ‌لاشەیە، (سەر)ەكەش میرە نەك پێشەوا یان بەلای كەمەوە پێشەوایەكی ناوچەییە.. ئەنجامەكەش روون و ئاشكرایە.

شـۆڕش و مـوغامــەرە

ئەمیان تەنها لەرووییەكەوە پەیوەندی بەدواكەوتنەوە هەیە ئەویش حسابی هەڵە بۆ سات و ئیمكاناتی شۆڕش و زیاتر پەیوەندی هەیە بە پێشەواكانەوە.

لەمێژووی كوردستاندا شۆڕشی زۆر هەن، ئەمانەش بەزۆری موغامەرە بوون، شۆڕشێك بوون بێ‌حساب كردنی ئیمكاناتی خۆ و دەوروبەر، بەڵێ باشە با شۆڕش بكەین ئەی دوایی؟ چۆن دەوام بەو دەسەڵاتە بدرێت ئەگەر هاتە دەستمان؟

لەوەدەچێت هەر ئەوەندی پێشەواكان هێزێكیان بۆ خۆیان خڕەكردەوە بیریان لەوە دەكرد دژی دەوڵەتی داگیركەر بجەنگێن یان پەلاماری دراوسێ بدەن.

پادشای ئاشور لەشەڕی ساڵی (٨٨١پ.ز) دەڵێت كە زامواییەكان (بڕوایان بەلەشكرەكەیان هەبووە). دیارە نەلەشكرەكە هاوشانی لەشكری ئاشووری بووو نە ئەو هاوپەیمانیە شلەی نێوان چەند میرێك دەتوانێت بەرامبەر لەشكرێك بوەستێت كە هی یەك دەوڵەت و لەژێر یەك پادشا بوو.

بەكورتی شۆڕشەكانی كوردستان زۆربەی كات موغامەرە بوون و ئاكامی هەموویان ژێركەوتن بوو.

هاوپەیمانییــە چەوتــەكان

كاتێك میرەكە خۆی لەنێوان دوو هێزدا دەبینێتەوەو كاتێك بەپێویستی دەزانێت هاوپەیمانی لەگەڵ هێزێكیاندا ببەستێت ئەم كارە بەناچاری دەكات. چیاو شاخەكان باشترین پارێزەری كورد بوون بەڵام كوردیشیان فێری كەمتەرخەمی كرد، تۆ بڵێیت پشت بەستنی بەردەوامی كورد بە چیاكان وای لێنەكردبێت پشت بەستن بەغەیری خۆی نەكاتە خوو؟ ئەو شۆڕشانەی كە تیایاندا كورد پشتی بەهێزێكی دەرەوە نەبەستبوو زۆر كەمن. بەڵام سەرەڕای ئەو پشت بەستنە، ئەو پەیمان بەستنانە زۆربەی كات چەوت بوون.

كورت بینیی پێشەواكان لەوەدا بوو كە پشتیان بە عوسمانییەكان دەبەست دژی ئێران و بەپێچەوانەوە. پشتیان بەرووسیای قەیسەری دەبەست دژی عوسمانیەكان و بەپێچەوانەوە، راستە لەمەزیاتریان بۆ نەدەكرا بەڵام نازانین چاوەڕێی چییان دەكرد؟ چاوەڕێی ئەوەیان دەكرد هاوپەیمانەكە رێگە بە دروست بوونی ئەمارەتێكی سەربەخۆ بدات؟

نموونەیەكی زەق لەسەر كورتبینیی و لەسەر بەستنی چارەنووسی ئەمارەتەكە بەچارەنووسی یەكێك لەلایەنە ناكۆكەكان كاری میرێكی بابان بوو كاتێك دوو كوڕی سوڵتان سولەیمانی قانوونی (١٥٢٠-١٥٦٦) دژی یەكتر وەستان، میری بابان لایەنی یەكێكیانی گرت بەڵام نرخی لێبوردنی سوڵتان لەو كوڕە ئەوەبوو كە سەری ئەو میرەی بۆ بنێرێت چونكە ئەمیان ئاگری نێوان دووبراكەی خۆش كردبوو، كوڕەكەی سوڵتان ئەمەی بۆ باوكی بەجێ هێنا و میرەكەی بابان سەری خۆی دۆڕاند[٢٣].

ئەمە تەنها یەكێكە لەسەدان نموونە لەسەر گرێدانی چارەنووسی ئەمارەت بەچارەنووسی هێزێكی مەیدانەكە، ئەنجامی زۆربەی ناكۆكییەكانیش ئاشت بوونەوە یان هاوسەنگی هێزەكان بوو. پاشان نۆرەی میرە كوردەكە دێت كە لایەنەكەی‌تر ناڕەحەتی بكات و حسابی كارەكەی لەگەڵدا بكات.

٢- دواكەوتنی دەزگاكان

دوو شتی گرنگ بۆ دامەزرندن و دەوام دان بە دەوڵەت پێویستە؛ (پێشەوا)و (دەزگا)، دەزگاكەش دەوام بەدەوڵەت لەپاش نەمانی پێشەوا دەدات. ئەگەر لەكوردستانیشدا قەیرانی پێشەوایەتی هەبووبێت ئەوا دەزگاكانی لەوپەڕی دواكەوتوویدا بوون.

نموونەیەك لەسەر دواكەوتوویی دەزگای سەربازییە. پێویستە لێهاتوویی و ئازایەتی لەچوارچێوەی دەزگایەكدا بن بۆ ئەوەی دەوام بەم لێهاتوویی و ئازایەتییە بدرێت.لەباسێكی پێشووی (رابەر)یشدا نموونەی سوپای ئەڵمانیمان هێنایەوە كە چۆن

دەزگایەکی لێهاتوو –کە (دەستەی ئەرکانی گشتی_ هیئة الارکان العامة) بوو– بووە هۆی دامەزراندنی ئەو سوپایەی کە لەم مەیدانەدا پلەی ژمارە یەکی هێناو هەر وا مایەوە[٢٤]، نموونەی دەزگای سیاسیش (ئەنجومەنی پیران)ی رۆما کە لێهاتوویی سیاسیی (هەروەها سەربازی)ی تێدا کۆبووەوەو ئەم ئەنجومەنەتوانی کۆنترۆڵی دەوڵەتێك بکات کە بەردەوام لە جەنگدا بوو لەگەڵ جیهانی دەوروبەری و بەردەوام لەفراوانبووندا بوو. ئەم ئەنجوومەنەش وەکو دەزگایەك بەرهەمی دەزگایەکی لەخۆی فراوانترە کە دەزگای عەشایەرییە.

زۆر کەس رەخنە لەعەشایەرییەت دەگرن و بەهۆیەکی نەبوونی دەوڵەتی دەزانن لەکاتێکدا راستییەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئەو عەشایەرییەتە ببوایە بە دەزگایەکی بەهێز ئیمکانی ئەوە دەبوو کە دەوڵەتەکە دروست ببێت (بچووك بێت یان گەورە). راستە رەخنەگران لەعەشایەریەت –خۆشم یەکێکیانم– عەقڵ و نەفسییەتیان قبووڵی عەشایەرییەت ناکات بەڵام بیرکردنەوەیەکی وا لەراستییەکان بێئاگامان دەکەن.

لەرۆما و یۆنانی کۆندا خێڵەکان بناغەی (یان هیچ بناغەیەکی) نیزامی سیاسی و سەرجەم دەوڵەت بوون[٢٥]. خێڵەکان سەرۆکیان هەبوو (پادشای خێڵ) کە خۆیان بەهاوشانی پادشا دەزانی بۆیە توانیان یان حوکمی پادشایی نەهێڵن یان دەسەڵاتی پادشا کەم بکەنەوە. هەروەها وەك وتمان دەزگای خێڵایەتی بناغەی ئەنجومەنی پیرانی رۆما بوو، هەروەها ئەو دەزگایە بناغەی ئەنجوومەنی هاووڵاتیان Ecclesia لەیۆناندا کە ئەمیان دەسەڵاتی یاسادانانەو دەزگای خێڵایەتی هەروەها ئەساسی دەسەڵاتی بەجێهێنان بوو، لە(شار–دەوڵەت)ی (ئەثینا)دا دە خێڵ هەبوون، کە هەریەکێکیان پەنجا ئەندامی دەنارد. واتە بەکورتی عەشایەرییەت نەك هەر ئەساسی دەوڵەت بوو بەڵکو هەروەها نیزامێکی حوکمی دیاریکراویشی بەدەوڵەتەکە بەخشی.



لە سەردەمی تیرو کەواندا بۆشاییەکەی نێوان خەڵکی کوردستان و دەوڵەتانی دەورو بەری گەورە بوو.. ئەمڕۆ بۆشاییەکە گەورەتر بووە

ئەمڕۆ لەکوردستاندا حزبەکان دەوری دەزگایەك دەبینن (لەناو ژمارەیەك دەزگای‌تر) بەڵام ئەو راستیەی کە پێویستە خۆمانی لێنەدزینەوە ئەوەیە کە فرەحزبی وەك دەزگایەك کەمتر شیاوی پێکهێنانی دەوڵەتە. فرەحزبی ئیمکانیاتی دروست بوونی دەوڵەت لەناو دەبات.

ئەمارەتە کوردییەکانیش نەیانتوانیوە وەکو سویسرا بکەن و دەزگایەکی سیاسی دابمەزرێنن بۆ یەکێتییەکی فیدراڵی یان بەلای کەمەوە کۆنفیدراڵی، یەکێتی سویسری سەرەتا بەسێ‌ناوچە دەستی پێکرد و بەردەوام لەزیادبووندا بوو ئەمەریکاش بەهەمان شێوە لە (١٣) ویلایەتەوە دەستی پێکرد. ئەگەر میرەکوردەکان ئەنجوومەنێکیان دروست بکردایە کە تیایدا هەر ئەمارەتێك ژمارەیەك نوێنەری هەبێت ئەوکاتە دەتوانرا ئەم یەکێتییە سستە بکرایە نەواتێك بۆ یەکێتییەکی بەهێزتر. بەڵام وەك چۆن هیچ ئەمارەتێك ئەو بەهێزە نەبوو کە بتوانێت هەموو ئەمارەتەکانی تر قووت بدات بێ‌ئەوەی تووشی سك چوون یان رشانەوە بێت، بەهەمان شێوە هیچیان بەچارەسەرێکی وەها رازی نەدەبوون چونکە ئەنجومەنی وا جگە لەوەی دەزگایەکی نوێ و نەناسراو بوو هەروەها کێشەی ئەوەش دەهاتە پێشەوە کە بارەگای ئەو یەکێتییە لەکام ئەمارەتدا بێت و لەمەوە قسەی (من چیم و ئەو چییە؟) سەری هەڵدەدا.

واشی بۆ دەچم کە زامواییەکان توانیبێتیان یەکێتییەکی وا دابمەزرێنن چونکە پاشای ئاشور لەهەردوو ساڵی ٨٨١و٨٨٠ی پێش زاین ناوی شاری ئارراکدی Arrakdi دەهێنێت بێ‌ئەوەی ناوی خاوەنەکەی بڵێت و لەساڵی ٨٨٠ دەڵێت کە پاش گرتنی ئەو شارە هەموو میرەکانی زاموا چۆکیان دادا[٢٧]، ئەمە لەکاتێکدا هەر میرێك و ناوی پایەتەختەکەی دەهێنێت. کەواتە بۆمان

هەیە بڵێین ئەو شارە مەرکەزی کۆنفیدراڵی زاموا بوو (بەڵام باس لەئەنجومەن نەکراوە) و بەبڕوای خۆمان ئەمە کارتێکردنی میدییەکان بوو (کەلەو کاتەدا کاریان لەسەر ناوچەکە دیاربوو) کە پێدەچێت لایەنی عەشایەری بەسەریاندا زاڵ بووبێت و یەکێتییەکی عەشایەرەکانیان پێکهێنابوو، ئەوەی وتیشمان هەمووی بۆچوونی خۆمانن و مەرج نیە راست بن.

٣- کێشەی کۆچەری

کۆچەری دەورێکی گەورەی بینیوە لەدواکەوتن و دروست نەبوونی دەوڵەتەکە.

کۆچەری گۆڕینی شوێنە، پێشکەوتنیش بەجێگیر بوونەوە بەندە. کۆچەر چونکە جێی خۆی دەگۆڕێت بایەخ بە شارستانی نادات. رووە ماددییەکەی شارستانییەتی کۆچەران بریتییە لە خێوەت و دەوار ، رووە رۆشنبیرییەکەی شارستانییەکەی کۆچەرانیش لەدەوار پێشکەوتووتر نییە.

کۆچەرانیش بایەخ بەکشتوکاڵ (سەرەتای شارستانی) نادەن. سومەرییەکان باسی هێرشەکانی خێڵە (ئامورییەکان) لەبیابانەکانی رۆژئاوای عیراق دەکەن کە کۆچەر بوون و گەنمیان دەست دەکەوێت بەتاڵانیو دەیخۆن بەڵام بێئەوەی بزانن چییە[٢٨]، بەڵام ئەم ئامورییانە دوایی کە جێگیر بوون بوونە میراتگری شارستانیەتی عیراقیەکانی پێش خۆیان.

کۆچەرەکان غەیری گۆشتی ئاژەڵ و شیر و هاوەڵاکانی و غەیری راخەر و پێخەفی زبر و سادەی خوری هیچت پێشکەش ناکەن، بەڵام هەموو کەسێك دەتوانێت ئەمانەت پێببەخشێت. لادێ نشین ئەم کارە دەکات بەپاڵ کشتوکاڵەوە. کۆچەران غەیری ئەمانە هیچت پێشکەش ناکەن لە وێرانی زیاتر.

هەبوونی کۆچەری واتای ئەوەیە بەشێکی کۆمەڵگە لەدەرەوەی شارستانیەت بمێنێتەوە، ئەو بەشەی کۆمەڵگەیەش دوو وێرانکاری بەئەنجام دەهێنێت؛ یەکەمیان ئەوەیە هیچ بینا ناکات، دووەمیشیان ئەوەیە بیناکەت بۆ دەڕوخێنێت. لەکوردستانی ئەوسادا گاڵتەکردنی کۆچەر بە لادێنشین و زیان گەیاندنیان بەو لادێ نشینانە شتێکی زانراوە.

٤- دواکەوتنی سەربازی

کورد میللەتێکی جەنگاوەرە، ئازایە بەڵام ئەم ئازایەتییە زیاتر ئازادییەکی فەردییە. باسی دواکەوتویی دەزگای سەربازیمان کرد، ئەم دواکەوتووییە تا ئەمڕۆ دەبینرێت کە بەدوو حکومەتی کوردییەوە تەنها لەشکری میلیشیا هەیە کە بەرامبەر لەشکرێکی نیزامی هیچی پێناکرێت.

دواکەوتوویی سەربازی لەهەندێك مەسەلەی ورد و تایبەتیشدا هەیە، با تەنها نموونەیەك لەنیشانەکانی عەقڵیەتی دواکەوتووی سەربازی بهێنینەوە ئەویش پشت بەستن بەقەڵا[٢٩].

قەڵا یارمەتیت دەدا هێزێکی گەورەی دوژمن لەکار بخەیت، ئەگەر قەڵاکانیشت زۆربن ژمارەیەکی زۆرتری لەشکری دوژمن لەکار دەخرێت. ئەم بنەمایە زۆر سادەیە و بەڕواڵەت زۆر راستە بەڵام لەحەقیقەتدا بنەمایەکی پڕمەترسییە.

لەشەڕەکانی زاموا، میرەکانی زاموا وەك باسمان کرد پاشەکشێیان کرد بۆ شار و قەڵاکانی خۆیان ئەمەش گەورەترین هەڵەیە چونکە ئەمەیە کە هەموو لەشکرێك مەبەستێتی؛ بتوانێت هێزی دوژمن بکاتە چەند پارچەیەك و ئەم پارچانە بەتەعبیری عەسکەری (پاروو لەدوای پاروو بخوات) بۆیە پادشای ئاشور شار و قەڵاکانی دەگرت؛ قەڵا لەدوای قەڵا و شار لەدوای شار.

باشتر دەبوو بۆ زامواییەکان هەموو لەشکرەکەیان کۆبکەنەوە نەك بەو شێوەیە پەرش و بڵاوی بکەن، ئەم دەردە زۆر کۆنەو تائەمڕۆ ماوە.

مەترسی پەنا بردن بۆ قەڵا بۆ (صلاح الدین) ئاشکرا بوو، پاش صوڵح کردن لەگەڵ خاچپەرستان هێشتا چەند شوێنێکی کەم لەژێر دەستی دوژمندابوو، صلاح الدین لەوە دەترسا خاچپەرستان جارێکیتر هێرش بەرنەوەو موسڵمانان نەجووڵێن و هەر یەکێکیان لەناو قەڵای خۆیدا بمێنێتەوە و ئەمەش تیاچوونی موسڵمانانی تیا بێت[٣٠].

خەڵکی شاری (سپارتا) لەیۆنانی کۆندا شوورەیان بۆ شارەکە دروست نەکردبوو.

خەڵکەکە دەیانوت باشترین شوورە سنگی لاوەکانمانە بۆیە سوپای (سپارتا) بووە نموونەیەکی کەم وێنەی جیهان.

کوردیش بەپشت بەستن بەکێوەکانەوە نەوەستا بەڵکو (وەکو هەموو وڵاتێکیتر) شورەشی بۆ شارەکانی خۆی دروست دەکرد.

ئەو ڕۆژەش کە دەبیستن لەشکرێکی کوردی لەچەند شەڕێکی کراوەدا (شەڕی بەرە) دژی دەوڵەتێك بەرپا بکات و تیایاندا سەربکەوێت ئەوکاتە دەتوانین بڵێین کە وەرچەرخانێك لەمێژووی کوردستاندا ڕوویدا بەڵام با جارێ چاوەڕێی ئەمە نەکەین چونکە کورد لەڕووی تەکنەلۆجیای سەربازییەوە زۆر لەدواوەیە.

٥- مەرکەزەکانی قورسایی شارستانی

کوردستان مەرکەزێکی شارستانی نەبووە، لەمەش خراپتر ئەوەیە کوردستان کەوتۆتە نێوان مەرکەزەکانی قورسایی شارستانی، کاری ئەم مەرکەزانە ((پلیشاندنی)) کوردستان بوو نەك ئەوەیە کوردستان سوودیان لێوەربگرێت.

کوردستان تا ماوەیەکی زۆر لەسەر قەراغی شارستانیی عێراقیدا بوو، گەلانی کۆنی کوردستان تەنها لاساییان دەکردەوە، تەنها یەك یان دوو گەل هەبوون کە بەزمانی خۆیان شت بنووسن بەڵام ئەمەش بەرادەی پێویست نەبوو.

لەگەڵ ئەو لاسایی کردنەوەیەش هێشتا ئەو گەلانە زۆر دواکەوتوو بوون لەچاو گەلانی عێراق، عێراق مەرکەزێکی گەورەی شارستانی بوو کە دەبوایە ئەو گەلانە سوودیان لێوەربگرتایە.

لەسەدەی شەشەمی پێش زاینیش بەدواوە مەرکەزێکی گەورە لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پەیدا بوو ئەویش ئێران. لەو کاتەوە کوردستان کەوتە نێوان دوو مەرکەزی شارستانیی ڕۆژئاوا- ڕۆژهەڵات بیئەوەی سوود لەهیچیان وەربگرێت.

لەو ماوەیەشدا کە یۆنانییەکان ئەو ناوچەیان تا نزیك هندستان گرت و یەك مەرکەز پەیدا بوو خەڵکی کوردستان نەیاندەتوانی ببنە بەشێکی کاریگەر لەشارستانی (هیلینستی)و یەکێك لەهۆکان ئەوەیە یۆنانییەکان خۆیان بە باڵاتر دەزانی لەکاتێکدا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە گرنگترین هۆ دواکەوتوویی خەڵکی کوردستان بووبێت.

حاڵەتێکیتری یەك مەرکەز سەردەمی ئیسلامییە کە دەزگاکانی زانست و شارستانی لەبەردەم گەلانی غەیری عەرەب کرانەوەو هەزاران زانای غەیری عەرەب ناویان دەرکرد کە بەشێکیان کورد بوون بەڵام دیسان لەم حاڵەتەشدا نە زانا کوردەکان هاوشانی زانایانی گەلانیتری موسڵمان بوون و نە کوردستان شاری ناوداری زانستیی هاوشێوەی (بوخارا)و (نیسابور) و (بەغدا) ....ی هەبوو. پاش ماوەیەکی زۆریش دوو مەرکەزی عوسمانی-ئێرانی پەیدا بوون و مەسەلەکە وەکو خۆی مایەوە.

بەکورتی:

١- کورد یان کەوتبووە کەناری شارستانییە گەورەکان.

٢- یان کەوتبووە نێوان دوو مەرکەزی گەورەی شارستانی.

کوردیش نەیتوانیوە سوود لە هیچیان وەربگرێت.

کوردی ئەمڕۆش لەنێوان سێ مەرکەزیشارستانیی ناوچەیی (ئێران- تورکیا- مەرکەزی عەرەبی)یە، هەروەها نێوان دوو مەرکەزی گەورەی ڕۆژهەڵات- ڕۆژئاوایە. هەرچەندە کورد لەناو مەرکەزی شارستانی (ڕۆژهەڵات)دایە بەڵام ئەوەندە بەرکەنار کەوتووە وادەزانیت لەناو ئەویشدا نییە. لەناو ئەو قەرەباڵغییەشدا کورد لەپەراوێزەکاندایە.

٦- سوود وەرنەگرتن لە تایبەتییەکانی کورد

بڕوا ناکەین لێکۆڵینەوەیەکی جیددی و زانستی لەبارەی تایبەتییەکانی کوردەوەبەئەنجام هێنرابێت. ئەمەش ڕوویەکی تر دواکەوتنە، دواکەوتنە لە لێکۆڵینەوەو تێگەیشتن لەو میللەتەی کار لەناویدا دەکەین.

باسی ئازایەتیی فەردیی کوردمان کرد کە پێویستە بەپاڵ ئەم ئازایەتیە لێهاتوویی سەربازی هەبێت، بۆنموونە (ضبط) زۆر پێویستە، بەبڕوای خۆشمان کورد پلەی یەکەمی (ضبط)ی سەربازی بۆ دروست دەبێت ئەگەر بایەخ بەمە بدرێت، هەمان شتیش بۆ تایبەتییەکانیتر.

(کێرزنCurzon)ی ئیستعماری بەریتانی (١٨٥٩-١٩٢٥) دەیوت کەوا دەتوانرێت وا لەکورد بکرێت حەز بە نیزام بکەن (هەرچەندە بەزۆر نەزان و زۆر گەمژە ناویان دەبات)[٣١]، بەڵام هیچ پێشەوایەك هەوڵی بەکارهێنانی ئەو ئیمکانییەتەی نەداوە، بەپێچەوانەشەوە خۆیان یەکەم کەسن نیزام پێشێل دەکەن.

تایبەتییەکی‌تری کورد ئەو دڵسۆزییەی بۆ پێشەوا هەیەتی، (صدام) باش لەو تایبەتییەی کورد تێگەیشتبوو کاتێك وتبووی (خۆشم گوێم لەو قسەیەی بوو پێش ڕاپەڕین) کەوا کورد گۆشەیەکی مردووی بینینی هەیە واتە تەنها ئەو پێشەوایە دەبینێت کە شوێنی کەوتووە و دڵسۆزییەکی تەواوی ئاڕاستە دەکات.

ئەم تێگەیشتنە پێچەوانە قسەی باو لەبارەی (خیانەت لەناو کورددا)یە. خیانەت بەزۆری لەلایەن سەرکردەکانەوە دەکرا ئەویش ئەنجامێکی سروشتییە بۆ چەند هۆیەك:

١- بێهێز مەیلی هەیە بۆ تەسلیم بوون بۆ بەهێز.

٢- دەسەڵات گەندەڵییەو ڕوویەکی ئەو گەندەڵییەش ئەوەیە کە سەرکردە حەز لەدەسەڵات دەکات هەتا ئەگەر لەڕێگەی خیانەتیشەوە بێت.

٣- سەرکردەکان هاوشانی یەکتر بوون و سەرکردەیەك نەبووە هاوشانی نەبێت بەجۆرێك کە یاخی بوون لێی موغامەرە بێت.

(چالاکی) تایبەتیەکی تری کوردە بێگومان هەندێك ناوچە هەن خەڵکەکەیان (گێژن) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەمەڵ نین.

مەبەستی ئەم باسەمان ئەوە نییە هەموو تایبەتییەکان دەست نیشان بکەین و تەنها لێرەدا دوو خاڵی گرنگ دەڵێین:

١- کورد بەهۆی گۆشەگیرییەوە تایبەتییەکانی وەچە بەوەچە دەگوێزرایەوە ئەویش وەکو جوولەکە بەڵام جوولەکە کام تایبەتی ناشرین و نامرۆڤانەیە بۆیان ماوەتەوە.

٢- بەکار هێنانی تایبەتییەکان گوناهێکەو نەزانینیان گوناهێکی گەورەترە.

زریـــانـی دەرەوە

تا ئێستا باسمان لەهۆکارە ناوەکییەکان کردووەو گرنگێتیی کەمترمان بەهۆی دەرەوە دابوو. بەڵام هۆی دەرەوە لەژمارەیەك حاڵەتدا ڕێگەدەگرێت لەدروست بوون و بەهێزبوونی ناوەوەو گرنگترین حاڵەت (لێدانە تێکشکێنەرەکان)ە کە لێرەدا ناوی (زریان)مان لێ ناون.

پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێت: ئەو لێدانەی پشتت نەشکێنێت بەهێزت دەکات، کوردستان لێدانی پشت شکێنی زۆری دیوە.

نموونەی زریانی دەرەوە هێرشەکانی ئاشورییەکانە، لەسەدەی سیانزەمی پێش زاینــەوە تـا سـەدەی یـانزەی پێـش زایـن کوردستان لێدانی وای ئاشوری بەخۆیەوە بینی، بەڵام لێدانی سەخت لەسەردەمی نوێی ئاشورییەوە دەستی پێکرد. ئەویش لە سەدەی نۆیەمی پێش زاین و تاماوەیەکی کەم بەر لەهەرەسی دەوڵەتی ئاشوری. کوشتنی دانیشتوان و سووتاندنی شار و گوندەکان و ئازاردانی دیلەکان تا مردن کارێکی بەردەوامی پادشاکانی ئاشور بوو وشانازییان پێوە دەکرد:

(سەرەکانیان (=سەری کوژراوەکانیان)م بەقەدی درەختەکاندا بەست، کوڕ و کچەکانیانم بەئاگر سووتاند)[٣٢]..(شارەکانی.. (ناوی چەند شارێك دەهێنێت) لەگەڵ ١٥٠ شار (یاخود گوند)ی دەوروبەریانم ڕووخاند و وێران کرد و سوتاند، کردمن بەتەپۆلکە و وێرانە)[٣٣]..ئاشور ناصیرپالی دووەم (٨٨٣-٨٥٩پ.ز)

(هەشتا شاری قایمم ...گرت، لەگەل (شارە) بچووك و بێژمارەکان تا ڕێك نزیك ئیزیرتو، وێرانم کردن، تێکم دان و بەئاگر سوتاندمن)[٣٤]-ئاشور بانیپال (٦٦٨-٦٢٦پ.ز)

بەم لێدانانەش ئاشورییەکان ئیمکانیەتی سەرهەڵدانی دەوڵەتیان لە کوردستاندا بڕی. لە میانەی شەڕی پارثییەکان و ڕۆما و پاشان ساسانیەکان و ڕۆما کوردستان تووشی وێرانکاری زۆر بوو.

وێرانکاریییەکان ئەوەندە زۆرن کە لێرەدا ناکرێت باسیان بکەین، دوایەمین زریانی ڕۆژهەڵات- ڕۆژئاوا هێرشی (هرەقل)ی بێزەنتی بۆ شارەزوور بوو کە لەمیانەی جەنگەکەی دژی ئێران چی لەبەردەمدا بوو وێرانی کرد[٣٥].

ئەوەندەی پێنەچوو دوای ئەوە لەشکری ئیسلامی هات و چەند شەڕێك لەکوردستاندا ڕوویان دا بەڵام شارەکانی کوردستان تووشی سوتاندن و وێران کردن نەبوون، ئەمەش تا ماوەیەکی زۆر مایەوە تا سەردەمی لاوازیی دەوڵەتی عەبباسی کە ئەمیری زۆر لەهەرێمەکاندا پەیدا بوون و شەڕی نێوان ئەو ئەمیرانە کاولکاریی لەگەڵ خۆیدا هێنا بەڵام هێشتا حاڵ نەگەشتە حاڵی زەمانی زوو.

لەو سەردەمانەداو ئەوەی ناوی زریانی بۆ دەشێت هێرشەکەی (جلال الدین)ی خوارزمییە (ساڵی ١٢٢٥ز بەدواوە) کە لەڕۆژهەڵاتەوە هات و وێرانکارییەکی کەم وێنەی ئەنجام دا، پاش ئەویش بەچەند ساڵێکی کەم (تەتار) هاتن و وێرانکارییێکیان بەئەنجام هێنا کە بوونەتە نموونەی مێژوویی، پاش نزیکی سەدەو نیوێکیش کوردستان زریانی تەیموور لەنگی بینی[٣٦].

پاش ئەمانە شەڕی ئێران– دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام وێرانکارییان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا.

ساڵی ١٨٢٠ (ریچ) لەگەشتەکەیدا لە کوردێکی پرسی کە بۆچی شاری سلێمانی وەکو وێرانە دیارە، ئەویش وتی: کێ دەیەوێت شتێك چاك بکاتەوە ئەگەر لەوە دڵنیا نەبێت رۆژێك سوودی لێوەربگرێت و رەنگە پاش چەند رۆژێك تورکەکان یان فارسەکان وێرانی نەکەن[٣٧]. زریانیش بەم جۆرە دەوام بە دواکەوتوویی دەدەن و بیناکردنی وڵات (نەك هەر دەوڵەت) دەکەنە کارێکی بێسوود.

زریانەکان تا سەردەمی نوێش بەردەوام بوون، ئەوەندەش بەسە بۆ تێگەیشتن لە کاری زریان کە ئاوڕ بدەینەوە لە چالاکییەکانی حکومەتی عێراقی ساڵانی ١٩٨٧–١٩٨٨ لەراگواستن و وێران کردنی گوند و شارۆچکەکان و بەناوئەنفال و کیمیایی بەکارهێنان، ئەم کارانە پێشمەرگەیان ناچار دەکرد ناوچە ئازادکراوەکان چۆڵ بکەن و هەرەسێکیتری شۆڕشیان رابگەیەنن.

پیلانی هەمەلایەنە

کاری پیلانەکانی دەوڵەتانی دەوروبەر لەسەر دروست بوونی دەوڵەت شتێکی زیاد دەبێت ئەگەر لێرەدا لەسەری بڕۆین ئەمە شتێکە هەموو کەس دەیزانێت.



لێرەدا تەنها ئەوە دەڵێین کەوا پیلانەکە (هەمەلایەن) بوو، واتە پیلانەکە هی یەك دەوڵەت و دوان نەبوو بەڵکو هی هەموو دەوڵەتێکە، تەنانەت دەوڵەتە دوورەکانیش دەستیان لەمەدا هەبوو. جگە لە دەوڵەتە ئیقلیمیەکان؛ بەریتانیا، رووسیای قەیسەری، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئەمەریکا، نەمسا، کەم تازۆر دەوریان هەبوو.

بەریتانیا دژی بزووتنەوە کوردییەکان دەوەستا چونکە مەبەستی بوو دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر رووسیای قەیسەری (دوژمنی بەریتانیا) تێك نەشکێت، بۆنموونە کۆمەکی بەریتانیا بۆ دەوڵەتی عوسمانی دژی راپەڕینی ١٨٤٧ی (یەزدان شێر)[٣٨]. ئەڵمانیا هاوپەیمانێکی دەوڵەتی عوسمانی بوو، ئەفسەر و سەربازی نەمسایی لەئێراندا لەدژی شۆڕشێکی کوردی لە سەدەی نۆزدەدا شەڕیان دەکرد، کۆمەڵەکانی بەگاورکردن و بەتایبەتی کۆمەڵە ئەمەریکییەکان کۆمەکی عوسمانییەکانیان دابوو بۆ لێدانی بەدرخان[٣٩]... تاد.، ئەمڕۆش هەر سێ دەوڵەتی تورکیا- ئێران ـ عێراق لەهەموو شتێکدا ناکۆك و دژ بەیەك بن لەسەر مەسەلەی کورد رێکن.

میراتیی رابوردوو

پاش دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی کورد هیچی دەست نەکەوت جگە لە کوردستانێکی بچووککراوی خاوەن ئۆتۆنۆمی کە بە تەنیشت ئەرمینیایەکی گەورەکراوی سەربەخۆ خرایە سەر نەخشەی سیاسی.ئەم کوردستانە بچووککراوەش((مەرج و ئەگەر))ێکی زۆری خرایە بەردەم تا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ[٤٠]. ئەمەیە پەیمانی سیڤەر کە ـ وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت ـ هەندێك کورد بەنەزانینییەوە ناوەکەیان بەمنداڵی خۆیان بەخشیوە[٤١].

بەهەرحاڵ (لۆزان) سیڤەری هەڵوەشاندەوە.. بەر لەم دوانەش میراتی رابردووی کوردستان گەورەترین بەهانە بوو تا رێگە بە قەوارەی کوردی نەدرێت، پروپاگندەی رۆژئاوا کوردی وەك موسڵمانێکی دەمارگیر و بەرپرسێکی گەورە لە قەسابخانەکانی ئەرمەنە هاودینەکەیان پیشان دا بێئەوەی باس لە هەڕەشەی قەومییە ئەرمەنەکان لەکوردستان بکرێت[٤٢] و بێئەوەی لێکۆڵینەوە بکرێت کە ئایا ئەم قەسابخانانە راستن یان ئەفسانەن وەکو ئەفسانەی لەناوبردنی شەش ملیۆن جوولەکە.

لەلایەکی ترەوە پەرتەوازەیی و دواکەوتوویی کورد هۆیەکی گەورە بوو بۆ ئەوەی هیچ حسابێکیان بۆنەکرێت، نەهێزێکی یەکگرتووی کوردی هەبوو، نەدەزگای بەهێز و پتەو، نەپێشکەوتنێکی زانستی و تەکنەلۆجی و نە چینێکی گەورەی رۆشنبیران، نە دەوڵەتێکی پێشتری کوردی.

وڵاتان داگیر دەکرێن بەڵام دوایی قەوارەیەکی سیاسییان بۆ دروست دەبێت چونکە رابردوویان هەیە، رابردووی ئەوان دەوڵەتێکی کۆنترە، یاخود ئێستایان هەیە، ئێستاکەشیان شتێکە کە شەرمی لێنەکرێت.

کێشەی نوێ

ئەوەی لەچەرخی تیروکەواندا نەکرا لەچەرخی چەکی ئەتۆمیدا زەحمەت تره. رۆژ لە دوای رۆژ بۆشاییەکە گەورەتر دەبێت. بۆشایی لە هێزی سەربازی نێوان کورد و دەوروبەری، بۆشایی لەعەقڵیەت، عەقڵیەتی ئیمپراتۆری لای دەوروبەر و عەقڵیەتی گوند و شارۆچکە لای پێشەواکانی کورد.

داهێنان لەجیهاندا و کاوێژکردنی داهێنانی کۆنتر لای ئێمە، داگیرکردنی رۆشنبیری رۆژئاوایی، هەموو شتێکی رۆژئاوایی باشەو ئێمە خراپین. خۆمان بەکەم دەزانین بۆیە بەبچووکی دەمێنینەوە. هەموو ژیرێك دەزانێت رەوشت چەند بۆ میللەت پێویستە، ئارەزوو پەرستانی خۆشمان نەخشە جیهانییەکەی تێکدانی رەوشت جێبەجێ دەکەن.

زانست و تەکنەلۆجیامان پێویستە بۆ پێشکەوتن، بەڵام لای ئێمە پێشکەوتنخوازییەکی لنگەوقووچ هەیە کە خۆی لە چەند شتێکدا دەبینێتەوە وەك بەرەڵایی و تێکەڵاوی پیاو و ئافرەت و هەڵپەرکێ و شایی خێزانی و کردنەوەی کافیتێریای خێزانی کە تیایدا ئافرەت وەکو جاریە خزمەتی سمێڵ زلەکان دەکات.

کەم بوونی ژمارەی دانیشتوان هەرەشە نەك تەنها لە سەر ئیمکانەتی هەبوونی قەوارەی سیاسی بەڵکو هەروەها لەسەر وجودی میللەت دەکات. کەم بوونی دانیشتوان زەنگی خەتەری توانەوەی میللەتە. لێپرسراوانیش لەجیاتی باش کردنی گوزەرانی خەڵك تا زاوزێ زیاتر بێت وڵات دەکەنە دۆزەخ و خەڵك ناچاری هەندەران دەکەن تا دوایی لەناو دەریای رۆژئاوادا پاش چەند نەوەیەك بتوێنەوە.

ئەمانە تەنها چەند نموونەیەکی کەمن لەسەر کێشەی نوێ کە چوونەتە پاڵ ئەو کێشە کۆنانەی چارەسەر نەکراون.

ئەگەر کورد وا بەرەو لاوازی ببرێت هەرگیز قەوارەی خۆی نابینێت مەگەر بارودۆخی ئیقلیمی و جیهانی بگۆڕێت. ئەوانەش کە ئومێدیان بەئەمەریکا هەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کورد تەنها خەون دەبینن چونکە هەموو دەزانین کە ئەمەریکا نایەوێت تورکیا لەخۆی برەنجێنێت.. راستییەکی تریش هەیە بیری لێنەکراوەتەوە؛ ئەمەریکا دەیەوێت رژێمی عێراق بگۆڕێت، بەڵام کە رژێم گۆڕا پێویستە رژێمێك بێتە جێگەی کە بەدڵی ئەمەریکا بێت، ئەوکاتەش پێویستە ئەمەریکا دوو دەوڵەت رازی بکات؛ تورکیا و عێراق، پاشان ئەمەریکا دەیەوێت رژێمێکی لایەنگر لەئێران هەبێت، ئینجا دەبێت ئەمەریکا سێدەوڵەت رازی بکات؛ ئێران و تورکیا و عێراق، هەمان شتیش بۆ سووریا، ئەمە چوار دەوڵەت، هەروەها دەوڵەتە عەرەبییەکانیتر؛ ئەمە بیست و ئەوەندە دەوڵەت.

بەکورتی؛ کلکایەتی بۆ ئەمەریکا یەکسانە بەگۆڕینی هەموو ناوچەکە بە موستەعمەرەیەکی ئەمەریکی و ئەوکاتە ئەمەریکا زیاتر لەجاران دژ بە دەوڵەتی کوردی دەوەستێت.

بەر لەوەش پەرت کردنی عیراق رێگەی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی نییە چونکە جگە لەوەی کە تورکیا بەم دەوڵەتە رازی نییە، هەروەها دەوڵەتی شیعە لەباشووری عیراق دەچێتە پاڵ ئێران، ئەگەر تەنها کوردستانیش جیابێتەوە شێعە دەبێتە زۆرینە لەعیراقی ئاییندەو لەجیاتی باشوور ناوەڕاستی عیراقیش هەروا حوکم دەکات.

کەواتە پەرت کردنی عیراق دوایەمین شتە ئەمەریکا بیری لێبکاتەوە.

چی بکرێت؟

لەکۆتاییدا و پاش بێئومێد کردنی خوێنەر دەڵێین: تەنها مرۆڤی رووخاو بێئومێد دەبێت، دیارە نابێت مرۆڤ رووخاو بێت.

رێگەی سەرەکیی هەر میللەتێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەت چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانەو بەهێزکردنی (ناوەوە)یە. کاتێکیش بەهێزبوویت هیچ مەکە غەیری خۆ بەهێز کردن، بەردەوام و بەردەوام خۆت بەهێز بکە تا دەرفەتێك دێت، ژیانیش پڕە لەدەرفەتی گونجاو.

لێرەداو پاش باسکردنی هۆکارە سەرەکییەکان نەبوونی دەوڵەت شتێکی زیاد دەبێت ئەگەر نەخشەی کار بخەینە روو، بەڵام نەوەکو بوترێت کە نەخشەی وامان نییە ناچارین نەخشەکە بڵێین ئەگەر بەشێوەیەکی کورت و گشتیش بێت:-

١- ئایدیۆلۆجیا: ئایدیۆلۆجیایەکی زاڵ، جەماوەری، جەنگاوەر، جیهانی.

٢- دەزگا: کارگەی بەرهەمهێنانی سەرکردە و سەربازی عەسکەری و سیاسی بێت.

٣- پێشەوا: لەئاستی سەردەم، خاوەن کاریزما، بێهاوشان.

٤- شتی تر و بەپێی ئەهمیەتیان.

ئەمە رێگەی بەهێز بوونە، پیلانیش هەر دەگێردرێت و شەڕ هەر دەکرێت و قوربانی دەبێ بدرێت.

ئەمە نەخشەیەکە بۆ هەموو کەسێك، دیارە نەخشەی ئیسلامیش سیمای تایبەتی خۆی هەیە لەجۆری ئایدیۆلۆجیا و دەزگا و پێشەوا ، ئەمەشیان بابەتێکیتایبەتی پێویستە.

پەراوێزو سەرچاوە

١- لەبارەی ئەم دەوڵەتە بڕوانە باسێکی خۆمان بەناونیشانی: خامازی... لەدەوڵەتێکی گەورەوە بۆ گوندێکی بچووك، گۆڤاری رامان ژمارە٢٤/٥/٦/١٩٩٨ل١٧١-١٧٦

2- D.D.Luckenbill, Ancient Records of Babylonia and Assyria (ARAB),1,1926,S448

هەروەها کتێبەکەمان (مێژووی گەلی لوللو) ل٣٥.

٣- محمد امین زکی، تأریخ السلیمانیه و انحائها، ت. ملا جمیل الروژبیانی، بغداد، ١٩٥١،ل١٠٨و١١٤.

4- E.A.Speiser, Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and Today, Annuals of the American Schools of Oriental Research,8,1928,p.29.

سپایزەر بەراوردی تریش دەکات.

٥- الجنرال کارل فون کلاوزفیتز، الوجیز في الحرب، ت.اکرم دیری و الهیثم الأیوبي،١٩٧٤،ل٤٣٩بەدواوە.

٦- بۆنمونە بڕوانە قسە (دومۆرگان) کە هاتبووە ناوچەی رەواندوز لەم بارەیەوە و لەگۆڤاری (رامان) ژمارە٣١، ١٩٩٩/١/٥ بابەتەکەیمان وەرگێڕاوە، بڕوانە هەروەها رەخنەمان لەقسەکەی.

٧- ماری گریگور، التأریخ الرومانی،ت.امین سلامه، القاهره،١٩٥٩،ل١٣٢.

٨- دونالد ددلی، حضارة روما، ت.جمیل یواقیم الذهبي و فاروق فرید،١٩٦٤،ل٥٣.

٩- ول دیورانت، قصة الحضارة،ج١،ت.محمد بدران، ل٢٢٠.

بابەتێکی بڵاونەکراوەشمان هەیە لەبارەی رێگەوبانی رۆمایی.

١٠- الامیر شرف خان البدلیسي، الشرفنامة، ت.ملا جمیل بندي الروژبیانی، بغداد،١٩٥٣،ل٢٦.

١١- جمال نبز، الامیر الکردي، میر محمد الرواندوزی الملقب ب(میری کۆرە)، ت.فخری سلاحشور، اربیل، ١٩٩٤،ل٧٣.

12- A.K.Grayson, Assiran Royal Inscriptions(ARI), Vol.1,1972, S710.

13- ARAB,1,S236-237.

١٤- محمد امین زکی، تأریخ السلیمانیه،ل٩٦.

١٥- نیقولو مکیاڤللی، مطارحات مکیاڤللی،ت.خیری عماد،ط٢،١٩٧٩،ل٤٤١-٤٤٤.

١٦- جمال نبز، الأمیر الکردي،ل١٢١-١٢٣.

١٧- سەرچاوەی سەرەوە،ل٨٤.

١٨- سەرچاوەی سەرەوە،ل٩٠.

١٩- سەرچاوەی سەرەوە،ل١٤٢بەدواوە.

٢٠- بڕوانە بۆ ئەمە: بهاءالدین بن شداد،النوادر السطانیة والمحاسن الیوسفیة، تحقیق الدکتور جمال الدین الشیال،١٩٦٤،ل٢٩-٣٠.

٢١- سەرچاوەی سەرەوە،ل٢٤٦.

22-ARI,2,1976,p.128.

هەروەها كتێبی (لوللو) ل٣٥.

٢٣- الشرفنامه،ل٢٩٤.

٢٤- بڕوانه (رابەر) ژماره ٣٤.

٢٥- بڕوانه (رابەر) ژماره ٣٦،ل٢٩.

٢٦- بڕوانه بۆ نموونه دكتور ابراهيم درويش، الدولة نظريتها و تنظيمها ،١٩٦٩،ل١٢٠.

27- ARAB,1,S455.

هەروەها كتێبی (لوللو) ل٤١-٤٢.

٢٨- بڕوانه، جورج رو، العراق القديم،ت.حسين علوان حسين،بغداد،١٩٨٤،ل٢٣٩.

هەروەها، طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، بەشی ٢،ط٢،ل٤٠٨.

٢٩- مەكياڤللی باسی زيانه زۆرەكانی قەڵای كردووه، بڕوانه؛مطارحات مكياڤيللی، ل٥٣٤ بەدواوه.

٣٠- بهاء الدين بن شداد، النوادر السلطانية،ل٢٣٥.

٣١- الدكتور ن.أ.خالفين، الصراع على كردستان،ت.الدكتور احمد عثمان ابوبكر،بغداد ١٩٦٩،ل١٥.

32- ARAB,1,S450.
33- ARAB,1,S455.

٣٤- بڕوانه باسێكی وەرگێڕاومان له گۆڤاری (رامان) ژماره٢٨،١٩٩٨/١٠/٥،ل١٥٠.

٣٥- بڕوانه: محمد امين زكی، خلاصة تأريخ الكرد وكردستان،ت.محمد علی عونی،١٩٣٦،ل١٢٠.

٣٦- سەرچاوەی سەرەوه،ل١٤٩ بەدواوه.

٣٧- جمال نبز، الامير الكردی،ل٧٩.

٣٨- خالفين، الصراع على كردستان،ل٨٠.

٣٩-سەرچاوەی سەرەوه، ل٦١.

٣٤- بڕوانه باسێكی وەرگێڕاومان له گۆڤاری (رامان) ژماره٢٨،١٩٩٨/١٠/٥،ل١٥٠.

٣٥- بڕوانه: محمد امين زكی، خلاصة تأريخ الكرد وكردستان،ت.محمد علی عونی،١٩٣٦،ل١٢٠.

٣٦- سەرچاوەی سەرەوه،ل١٤٩ بەدواوه.

٣٧- جمال نبز، الامير الكردی،ل٧٩.

٣٨- خالفين، الصراع على كردستان،ل٨٠.

٣٩-سەرچاوەی سەرەوه، ل٦١.

٤٠- بڕوانه محمد امين زكی، خلاصه تاريخ الكرد...، ل٢٦٦-٢٦٧.

هەروەها دكتور كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، ت.محمد الملا عبدالكريم،ط٢،بغداد،١٩٨٤،ل٣٤٧.

٤١- دكتور كمال مظهر، سەرچاوەی سەرەوه،ل٣٤٤ پەراوێزی (١٠٠).

٤٢- بۆ هەڕەشەی قەوميه ئەرمەنەكان و هاندانی ئەرمەنەكان لەلايەن ئەو قەوميانەوه دژی كورد بڕوانه سەرچاوەی سەرەوه، ل٢٦٣ بەدواوه